# دیوانی

# میرزا غەفور

**١٨٧٠ - ١٩٣٨**

کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو
ساغکردنەوەو لێکدانەوەو پێشەکی

**عەبدوڵڵا ئاگرین**

چاپی یەکەم ١٩٩١

کلامم پرر اسعور

دیدە بێ نوورم لە دووری لێوی چاوانم دره
شهد وصلی تۆم ودەن غنچه خندانم دره

ڕۆژ و شەو مەیلە بێ شینانم ڕوح لە سەر گیرودت باکەم
فرصة تشریف نفرمو ناتمیدانم دره

ئەمن مادە زمین قربان لە سەر قبتم بکە
بیهانێ ز دحوم لە بەروازه دە بە امانم دره

ملک اجلی مولتە نێنا تۆ دوو ڕقانی لۆبهم
چاکە ز دخوبکم لقان ای سلیمانم دره

چند کە مور ئێی قفسم چنانقدتم دەمبدم
گرتنا بیکم مە چاوم لشیمانم دره

دیدە مجمادی نیگاهێکی هلال چیار لۆم
گرلەدە و هوار ابنی وکروی رخشانم دره

خوم بە عهد و مخلصی حضرة تۆ عهدوکم
داکەم لطفی کریمیت ماتو حیرانم دره

ساعتی فارغ لە گریان نیم لە دووری وصلی تۆ
بوعیبادت چی بێ چارێ بێ فغانم دره

مولتم نادا اجلی ترسم هتا محروم بیم
الوانی لازمە کوراو نسیانم دره

عبدە حاجی عمر

دەستنووسی خودی شاعیر

شماره ثبت ۱۳۵۰۷
تاریخ ثبت ۹۲/۸/۷
شماره رده بندی کنگره PIR ۳۲۵۶
صداوسیمای جمهوری اسلامی ایران
کتابخانه
مرکز مهاباد



۱۷٤۳ ۵۹



کوره بچوکی شاعیر

حاجی حەمە غەریب

عەبدوڵلا ئاگرین

ژیانی باوکیم کرد ، لە وەلامدا دلسوزانەو بە شادی یەوە بە پیرمەوە هات و فەرمووی:
" باوکم دیوانیکی دەستنووسی خوی هەیە و لە دەمیکەوە تەپ و توزی روژگاری لینیشتوە و کەسیک نەبوو لیبپرسیتەوە و هەولی چاپکردنی بدا ! ! .." وتم : من ئامادەم ژیانی زیندوو بکەمەوە و شیعرەکانیشی لە فەوتان رزگارکەم ..حاجی حەمە غەریب بە گفتەکەم گەشایەوە و یەکسەر هەلساو دیوانە دەستنووسەکەی بو هینام کە لەگەل خوم بیبەم .. من عەرزیم کرد : با جاری لای جەنابت بی تاکو چ زانیاری و شیعریکی دیی ناو روژنامە و گوفار و کەشکولەکان هەن کویان نەکەمەوە و لەگەل ئەم دەستنووسەی شاعیردا بەراوردیانەکەم .
دوای چەند چاوپیکەوتنی لەسەر ئەو بریارە ریکەوتین کە بە دەنگی خوی رەزامەندی لە چاپدانی شیعرەکان و زانیاری ناو دەستنووسەکەم بو تومار بکا و بوی تومار کردم بو ئەو مەبەستە لە روژی " ٢٣ / ٩ / ١٩٨٣ " دا ئەو کارەمان ئەنجامداو بە هوی سەرقالیی رینچکەی پروژەی تایبەتی ئەدەبیمەوە واریکەوت ئامادەکردنی دیوانەکەی میرزا کەمیک دواکەوی و چەپوکی دزیوی روژگاری ناهەمواری بەرکەوت و حال و باری ئالوزان و هیندەی تر لە چاپدانی دیوانەکەی دوورخستەوە ... ! !
بەلام بەهوی روولینانی کوری شاعیرو رەزامەندی " رەسمی " کەس و کارەوە داوایان کرد لەمە زیاتر لە چاپدانی دیوانەکە دوا نەکەوی ، بویە بەردەوام ؛ سەر و مر خوم لە تەکیا خەریک کرد ... بەو مەبەستەی کارەکەم پوختەتر بی نەك چوار شەو بەلکو ماوەیەکی دوور و دریژ لەگەل ساغکردنەوەی شیعرەکاندا خوم ماندووکرد ! ! .
لەبەر ئەوەی دیوانە دەستنووسەکەی خودی شاعیر بە رینووسی شکستە ئامیز نووسرا بوو ، هینامە سەر رینووسی ئیستا کە وینەی چەند نموونەیەکی لەم بەرهەمەدا بەرچاو ئەکەویت،لە سەرەتادا بەو نیازەی لەسەر ئەرکی دەزگایەکی روشنبیری میری بە چاپ بگەینری سەرجەم ماف و قازانجی وەك دیوانی " کامەران و دیلان " روو بەرووی کەس و کاری شاعیر بکەمەوە .. هەر بویە پاش ئەوەی شیعرکانم هینایە سەر رینووسی نوی؛ بە وردی و قوولی و بەپیی توانا و بوچوونی خوم وشەو زاراوە گران و کەم بیستراوەکانم لیکدا نەوە،بەیت بە بەیتی شیعرەکانم شیکردنەوە و بە زوری بونە

"مناسبة " كانيشيانم دیاری کردن ، بۆ ڕاستی ؛ وێنەی دووەمی ئەو دیوانە ئامادەکراوە لە دایەرەی ڕەقابە لە بەغدا ماوە .

بەڵام داخ ؛ لەبەر ئەوەی بەو شێوەیەی ئەمویست هەڵوەشایەوە و منیش گفتی پیاوانەم بە کوڕی شاعیر و کەس و کاری دابوو ، ئەبوو کارەکە لەسەر ئەرکی خۆم بە ئەنجام بگەێنم ئەوەش پارەیەکی یەکجار فرەی ئەویست .. ناچار دەستم لە زۆربەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی گەلی لە وشەو بەیتە شیعریەکان هێناو ئەوەم بۆ سەرنجی ئەدیب و ڕۆشنبیری دڵسۆز و بەشەرەفی بێ نیاز جێهێشت ! ! .. خۆ من بەم کارەی ئێستام هیچ نەبێ دەرمخست چاو و ڕاو و درۆم لەگەڵ کەس و کاری شاعیر نەکردوە و گفتی خۆشم سەربڵند و شەرەفمەندانە بەجێهێناوە ، بەمەش گەر خزمەتی پەیڤی پیرۆز و کوردو کوردی کردبێ ، خۆم بە شادمان ئەزانم و لافی تەواوی و بێ کەم و کورتی کارەکەشم لێنادەم و هیوام بەهێزە ڕۆشنبیرە پاکەکانمان دەربارەی تەواوترکردنی دڵسۆزانە بە تەنگەوەبن .

## " ڕوو کردنەوە "

لەبەر ڕۆشنایی ئەو کات و تەمەنەی لەگەڵ شیعرەکانی میرزا غەفوردا بەسەرم برد ، ئەتوانم بڵێم : میرزا غەفور جگە لەوەی مرۆڤێکی زیرەك و هوشیار و ڕۆشنبیر بووە ، خاوەنی هەستێکی ناسك و خاوێنیش بووە .. توانایەکی باشی لە بواری شیعری کلاسیکی کوردیدا بووە .. ئاشکرایە جگە لە زمانەکەی خۆی ، زمانی " عەرەبی " و فارسی و تورکیشی زانیوە .. گومانم لەوەش نی یە تا ڕادەیەکی باش ئینگلیزی زانیبێ .. هەروەها شارەزای ئەدەبیاتی ئەو زمانانە بووە و ئاگاداری ڕووداوە مێژوویەکانیشیان بووە .

## " شاعیر و کاریگەریتی شاعیرانی دی "

بڕوا ناکەم کەس لەپڕێ بوو بێ بە کوڕێ ! مەبەستم لەوەیە با مرۆڤێك خاوەنی بەهرە و توانا و وزەیەکی بێ سنووربێ و سەلیقەی ورد و قووڵی هونەری هەبێ ، هەرگیز لوتکە

و مەنزلی بەرزو شیاوی پێنابڕی،گەر هەوڵ و تەقەلای بێ وچان لە پێناوی پەروەردەکردنی خۆیدا نەدات .. دەنا ئاکامی بەهرە و لێهاتوویی ئەو جۆرە مرۆڤانە ئاوتابووی گەردەلوولی ڕۆژگاری ناهەموارە و دەستی بێ بەزەیی سەردەم زوو بەرەو چاڵی بیرچوونەوە ڕاپێچیان ئەکاو دوای نیوەگیانکردنیان مردار ئەبنەوە .

میرزا غەفور هەر وەك لەبەسەرهاتی ژیانیدا ئاشکرا دەرئەکەوێ بە قۆناغێکی گرنگ و ناسکی مێژووی کوردا تێپەڕیوە و شیعرەکانی شیاوی بایەخپێدانن ، چونکە شاعیر توانیویتی خۆی وەك ڕۆشنبیرێکی سەردەم پێبگەیێنێ کەواتە ؛ کاریگەریتی فیکری و هونەری نێوان مرۆڤ کارێکی ئاسایی و دوور لە خەوشە .. بەو پێنج خشتەکیانەی شاعیردا دەرئەکەوێ میرزا لەژێر کاریگەریتی هونەری شیعری:( مەحوی و حەمدی و شێخ نووری شێخ سالح ) دا بوو بێ ... عەشقی شیعرو ڕێبازە هونەری یەکەیان بووە .. میرزا غەفور یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی دوای قۆناغی " مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی " بەرەو ڕیزی " حەمدی و شوکری فەزلی ... " ڕۆیشتووە .

# " ناوەرۆکی شیعرەکان "

وەك پێشتر لێدوام میرزا غەفور لەڕووی هونەری شیعری یەوە لەسەر شێوە و ڕێبازی قوتابخانەی کلاسیکی،شیعری داڕشتووە و پەیڕەوی کێش و بەحرە عەروزیەکانی خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی کردوە .. شایانی باسە شیعری نوێ و شێوە خۆماڵی "فۆلکلۆری " و شیعری " ئازاد " م تیایاندا بەرچاو نەکەوتووە .

دیارە کە ئەمە ئەڵێم : مەبەستم لەوەیە :ئەو قۆناغەی دوایی تەمەنی ژیانی شاعیر پیاتێپەڕیوە " شیعری نوێی کوردی " لە سەرهەڵدانێکی خێرا و گەشەکردنێکی سروشتیدابووە ، هەنگاوی باشی بەرەو پێش نابوو ، جێی تایبەتی و دیاری لە ژیانی ئەدەبیماندا گرتبوو ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ؛ میرزا غەفور هەر پەیڕەوی ڕیبازی شیعری کلاسیکی کردوە ، وەنەبێ میرزا کەسێکی دوورە پەرێز و بێ پەیوەندی بوو بێ لەگەڵ شیعر و شاعیرانی هاوچەرخیا .

لە ڕووی ناوەرۆکی شیعرەکان و هەوێن و کاکڵی ناوەوەی ئەتوانین گەلێ لایەنی

درەوشەداریان تیا دیاری بکەین .. بەلام من هەرگیز نالێم شیعری شاعیر سەد دەر سەد شایەتی بیروڕاو هەڵویستی ڕۆژانەیەتی .. بەسەرهاتەکانی ژیان و ڕووداو هەڵویستی ڕۆژانەی زۆر" بەناو شاعیر " یان "شاعیر" ئەو بۆچوونە ناڕوایانەیەی هەڵوەشانۆتەوە ، بە تایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چونکە هەن ئەڵێن : " شیعر شایەتی ڕاستگۆیانەی هەڵویستی شاعیرە " .

ئەم بیرو ڕایەم هەموو شاعیرەکان ناگرێتەوە بە تایبەت کوچکردوەکان ... بۆ ڕاستی بۆچوونەکەم ئەتوانم بڵێم : بە دوو چاوی خۆمان و بەهەر دوو گوێچکەشمان ئەیبیە ین گەلێ ( بەناو شاعیر ) هەن ڕووکەشی شیعرەکانیان سیما گریاناوی و کڕوزانەوەن و بەلای خۆشیانەوە وای لێکئەدەنەوە خواستی گشتیان گەرەگە ، کەچی گەر لەگەڵ هەڵویست و ژیانی ڕۆژانەیا ندا بەراوردیان بکەین نێوانی بازوو هەڵویستیشیان لەگەڵ لاف لێدان و ناوەڕۆکی بە زۆری ( بەناو شیعر ) ە کانیاندا ئاسمان و ڕیسمانە ، ئاشکرا و ڕوون دەرئەکەوێ بە گریانەکەیان فرمێسکی سوسمار ئەڕێژن و بازرگانیش بەوشەی پیرۆز و ڕەسەنی نەتەوەییەوە ئەکەن .. کەچی بەداخەوە سەمەرە لەوەدایە ئەو ڕووداو وهەڵویستە دژوار و ناپاکانەیان لای زۆر کەسی دڵپاك و ساویلکە نەك پاش چەند ساڵێك ، بەڵکو ئێستاش حاڵی حازر ئەو دوو زمانی و دوو ڕوویی و دوو هەڵویستە دژوارەیا سەری گرتووە ! ! .. ئەوەی ئەیڵێم : نموونەکەی بە بەڵگەی دەستنووس و سەلمێنەرەوە لام چنگگ ئەکەون ! ! .. بەرهەمە چاپکراوەکانیان نموونەی زۆری وەهایان تیایە .

لەگەڵ ئەو بۆچوونەشمدا ئەتوانم بڵێم : ئەو چاو و ڕاوەی لەم ڕۆژگارەدا ئەنجام ئەدرێ بۆ سەردەمی ژیانی یەکێکی وەك میرزا غەفور ئەگەر نەڵێم : نەبووە ئەوا دەگمەنە .. بۆیە ئەشێ شیعرەکانی میرزا تا ئاست و ئەندازەیەکی باش ڕەنگدانەوەی هەڵویست و ژیانی ئاسایی‌بێ .. ئەوا نموونە بۆ ڕاستی بۆچوونەکەم ئەهێنمەوە .

## ( بواری نەتەوایەتی )

میرزا غەفوری شاعیر مرۆڤێکی زیرەك و وریا و هەستپاك بووە ، دڵ و دەروونی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی نەتەوە و خاکەکەی بووە .. شاعیر لە شیعری "ئەری یاران" دا

به رووی نازبارانەوە ئاوڕی لە دۆست و یارانی داوەتەوە ، نەتەوەییانە هەڵوێستی نواندوە ، داخی دەروونی پەنگ خواردووی خۆی لەدەست چەرخی چەپگەر هەڵئەڕێژێ

خەجالەت بی لە دیوانی خـــودا ئەی چـــەرخی بێ مروەت
کـە بـویـتـە دوژمـنـی خـوونـی لـەگـەڵ ئـەم قـەومـی کـوردانـە
دەسـا چـیـبـکـەم ئـەگـەر جـارێ ، دەکـا دەسـتـم بـە دامـانـت
دەبـیـنـی چـیـت بـەسـەردێنم دەکـەویـە ڕوەتـی دوٚمـانـە

لەوەیە کەسێکی نانەتەوەیی داخ لە دڵی ناپاك و بوغزاوی لچ لەو نموونە هەڵبەستەی هەڵقورتێنێ و بڵێ : کوا ئەو ڕایە وایە و دێتە دی و شاعیر بە زەقی دەستی لەسەر ئەو دیاردەیە دانەگرتووە .. پێم وایە : ئەو جۆرە کەسانە،ناڕاستگۆیانە قسە فڕێ ئەدەن ، چونکە دەربڕینی ئەو هەستە خاوێنە بۆ ڕۆژگارو سەردەمی ژیانی میرزا غەفور کە پەروەردەی زانستی ئاینی کراوە ، ئا ئەو هەستە پیرۆزە و دەربڕینی لە دووتویی شیعرەکانیا گەلێ مەزن و شیاوی ڕێزلێنانە ، بە تایبەتی لەچاو ڕەخنەی ئەو دەغەزارانەدا .

ئەوەتا شاعیر لەم نموونەیەی دوایشدا بەڕاستی و بێ پێچ و پەناو بە هەستێکی نەتەوەییانەوە دژی ئینگلیزی داگیرکەر و دوژمنی کورد بانگی ڕاستی و دڵسۆزانە بە رووی دنیادا هەڵئەدا :

وەرن بەشقی خودا فکرێ لە حالی کوردەواری کەیـــن
بە جەمعیـــەت ، بە یەکڕەنگی ئەگەر سەر ڕوشتەیە ماوە
کە بەڵکو موڵك و میللەت جوزئی یە تەئمینی حاسڵ بێ
هـــەتا ئەم وەزعە دەورانە ، هەتا ئەم داوە نەپســـاوە
بـە قـەولی بێ نـەوایمکەن ، ئـەگـەر حـەددی جەسارەتمە
فیدایی قەوم و میللە ت بێ " غەفور " لەم ژینە توراوە

لێرەشدا ئەبێ ئەوە بە بیرا بینمەوە کە ماوەیەکی گرنگی تەمەنی شاعیر لەکارگوزاری

ئینگلیزەکاندا بووە و لە قەلادزە بە هەموو هێزی یەوە لە دژی کاربەدەستە ئینگلیزەکان ڕاوەستاوە .

## ( بواری کۆمەلایەتی )

شاعیر بە شیعر هاوبەشی چارەسەرکردنی کێشەو گیر و گرفتە کۆمەلایەتیەکانی ناو کۆمەلگای کوردەواری کردوە .
پارەپەرستی دەردێکی کوشندەی کۆمەلایەتیە ، پارەپەرستان پێشێلی هەموو بەهایەکی پیرۆزی ناو کۆمەلیان کردوەو ئەیکەن .. شاعیرمان ئازا و شارەزایانە بەگژ ئەو دەردو نەخۆشیەدا چووە :

مولک و میللەت وا بە جاریٚ ماتەمی دایگـــرتووە
نەفسی کافر هەر خەریکی مەسئەلەی دیناری یە
سەیئاتی عالەمم هەر بوتە جیفە و بوخل و کین
مەلعەنەتکاری و فەسادی پیشەو ئەطواری یە
وای برا ، ئەحوالی میللەت بیٚ سەرو سامان بووە
حورمەتی کوردی دەکەن زایع ، خودا بەرداری یە؟

## " فەلسەفەی ئاینی "

شاعیر بەپێی پەروەردەیی فیکری و ئەو چەرخ و سەردەمەی تیا ژیاوە ، خاوەن بروا و ئیمان و فەلسەفەی ئاینی بووە .. پەیرەوی شەریعەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی کردوە ..
ڕاستگۆیانە ئەوەی بڕوای پێی بووە لە بەندو باوو داب و نەریتی کوردانە ، ئەمانەشی وەک هەوێنیٚ ئاوێتەی شیعرەکانی کردووە ، نەک وەک هەندیٚ ( بەناو شاعیر )
" حرباء " یانە بۆ بەرژەوەندی ساتەوەختی لەبەر چاوچنوکی وەیا لە ترسا بازرگانی بە زاراوەی قورئان و ئاینی ئیسلامەوە ئەکەن ، بەشکو میرزا غەفور ڕاستگۆیانە هەلوێستی خۆی ڕاگەیاندوە :

ئەریٚ بۆ جەژنی قوربان هات ، نەتانکردم بە قوربانی ؟
بە قوربانی سەگێکم کەن لە قاپی غەوســـی گەیلانی

یان ئەفەرموێ :

ئیلاهی ساحیبی ڕەحمی لە ئەحوالم خەبــــــەرداری
هەتا کەی مـن بـنالم بەم زەلیـلـی و دڵ بریـنـداری
ئەمن بۆ(خۆم)لە دەردی خۆم ئەسەف ناخۆم وەلی بۆ خۆم
دەنۆشم ئەشکی سورخی خۆم لە جورم و مەعصیەتباری

# " بواری خۆشەویستی "

شاعیر وەکە هەموو مرۆڤیکی دی لە خوێن و گۆشت و ئێسکە پێکها تووە ، ئەگری و پێئەکەنێ..شاعیری ڕاستگۆ و دلسۆزانە دەروونی پڕە لە خۆشەویستی و ئەوین، گەردی کین و داخ بە پەرەی دلیەوە نی یە .. میرزا غەفور کە خاوەنی ئەو هەستەخاوێنەیە بۆیە لە بواری خۆشەویستیدا وێنەی ناوازەو دلفڕین و جوانی ئەبارێنێ :

دیدە بێ نوورم لە دووریت ، نووری چاوانم وەرە
شەهدی وەسلی تــــۆم دەوایە خونچە خەندانم وەرە
زۆر دەمێکە ئینتزارم ڕوح بەسـەرگەردت بــکەم
فرسەتە تەشریف بفەرمـــوو ، تا لە مەیدانم وەرە
سە د کە مووریکی زەعیفم جانفیداتم دەم بە دەم
گـــەر گوناهێکم هەیە ؟ چاوم ، پەشیمانم ، وەرە

شاعیر گەلی وێنەی شیعری نایابی لەمجۆرەمان بۆ ئەنەخشێنێ .

# " بابەتی داشۆرین "

لە بواری داشۆریندا ، لەو سەردەمەدا شێخ ڕەزای تالەبانی و شوکری فەزلی سەرمەشقی داشۆرینیان لە شیعری کوردیدا کردوە ، میرزا غەفوریش لە ناکامی ئەو حاڵ و بارە ناهەموارەی بە چاوی خۆی بینیویە ؛ دەروونی هەژاوەو تەواو کاری تێکردوە، ئەمجا بۆ چارە سەرکردنی ئەو کار و هەلوێستە چەوتانەی ناو کۆمەڵ تەنیا چەکی

شیعری شک بردوە و لە ڕووی ئەو مرۆڤە نالەبارە هیچ و پووچانەدا بەکاری هێناوە و بەوەش ئارام و تەسکینی بەگڕ و کڵپەی دەروونی خۆی داوە و سفت و سوێی و گڕی دەروونی گەلەکەی دامرکاندوتەوە ... حەسەن دەدە کونە تورکێکی سەردەمی عوسمانیەکان بووە و دوایتر ئینگلیزە داگیرکەرەکان لە ناوچەی قەڵادزە دەستەڵاتیان پێبەخشیوە وەک ئەفسەرێکی پۆلیس ، ئەویش جگە لە جەور و ستەم،ڕەوشتی ناپەسندیشی نواندوە ، بۆیە میرزا چەکی شیعری دژ بەکار هێناوە :

چیبکەم ، لەگەڵ ئەم چەرخی دەنی تەبعی چەواشە
( ئەغنامی وەجاخ )، حەصرە لە " ئەو " " ماکەر " و " جاشە "
فەوتاوە لەبەر جەوری هەموو " مامش " و " زوودی "
ئەموالی ڕەعیەت هەموو مەنهوب و بەلاشە

## ( بابەتی خودی - ذاتی - )

شاعیر میرزا غەفور لەبەر ئەوەی دوچاری گەلێ ژان و سوێی و ئەندیشەی تایبەتی بووە ، دیارە نەشیتوانیوە هەروا سووک و ئاسان بەسەر کێشەکانیدا زاڵ بێ،بۆ ئەوەی داخ و حەسرەتی ناخی دەروونی بە " با " بدا پەنای بۆ دۆستانی خۆی بردووە و سکاڵای دەردی دەروونی خۆی لا کردوون ، ئەمجۆرە شیعرانەی لە بۆتەی گلەیدا داڕشتووە :

ئەری یاران: لەبەرچی وایە؟ " گوڵ " ! بێ خار و خەس نابێ
لەبەر شەهد و لەتافەتیە ، عەسەل قەت بێ مەگەس نابێ
حەیاتی خۆم بەزایعدا ،هەدەرچوو عومری شیرینم
خەیاڵێکی عەبەس بوو ، چونکە ، ناکەس قەت بەکەس نابێ
شەفەقەت بۆچ لە عالەمدا نەما ؟ بوونی وەفا ، یاران
مەحەببەت چی بەسەرهات ئەهلی مەعنا بێ هەوس نابێ

* * * * *

## " دوا وتەم "

خۆشەویستان : ئەمویست لەگەلێ چمکی دی شیعری شاعیر بدوێم کە لەمە زیاتریش هەلئەگرێ و ئەمەی پێشکەشم کرد سەرپوتێکی پیاچوونەوەی خێرایی دیوانە دەستنووسەکەی خودی شاعیرمانە لەگەلێ پەنجە بردن بۆ هەندێ ڕووی ژیان و هەلوێستی جۆرا و جۆری ....

ئێستەش لەسەر ڕێ و شوێنی پەیڕەوکارانەی بەرنامەیپزانستانە ؛ لەمەڕ لێکوڵینەوە و لێتوێژینەوە و ساغکردنەوە و لێکدانەوەی ژیان و بەرهەمی " میرزا غەفور " ، پێویستە دەسنیشانی گرنگترین سەرچاوەکانی ئەم بەرهەمە بکەم و بە ڕۆشنبیرانی خۆشە ویستیان بناسێنم کە ئەوانیش بە تێگڕایی و لە ڕووی گرنگیەوە دوانن کە لەم باسوکەیەی دواییدا ئەوی بە پێویستی بزانم لەسەریان ڕای ئەگەێنم کە ئەوانیش :

( دیوانی دەستنووسی خودی شاعیر ) ە و " کەشکوڵەکەی " برادەرم کاک ئەحمەدی حەمکوڵ " ە ، ئەمە و جگە لە چەند سەرچاوەیەکی تر کە تاکە هەلبەستی شاعیرمانیان تیایەو لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەم بۆ کردوون .

## سەرچاوەکان

(١) - ( دیوانی میرزا غەفور ) دەستنووسی خودی شاعیر لە دەفتەرێکی (٣٢) پەڕەیی قەوارە ( ١٣ × ٩ ) سم‌دا نووسراوەتەوە ، هەرچەند کاتی نووسینی لەسەر لاپەڕەکانی دیاری نەکراوە ، بەلام بە پێی کۆنی کاغەزی لاپەڕەکانیدا کە هەمووشیان لەیەک جۆرە کاغەزنین و بەراورد کردنی ئەو لاپەڕانە بە کەشکۆلی تر کە کات و مێژووی نووسینەوەیان لەسەرە وە بە گوێرەی ئەوەی کە ئەم دیوانە بەسێ جۆرە ڕەنگی ( مەرەکەب )ی (ڕەش و شین و مۆر ) نووسراوەتەوە بە ئاشکرا دەرئەکەوێ کە ئەبێ شاعیر هەلبەستەکانی خۆی لەم دیوانەدا لە چەند کاتێکی جیا جیا . هەر لە نیوەی دووەمی سالە ( دە ) یەکان تاکو نیوەی یەکەمی سالە ( سی ) یەکانی ئەم چەرخەدا واتە لە ماوەی بیست سالێکدا نووسیویەتەوە ...

بویە ئەشی زۆر هەڵبەستی خۆی هی بەر لەو سامانی نووسینەی و بگرە هی دواتریشی بەر ئەم دیوانە نەکەوتبن ، لەبەر ئەوەی دیوانەکە جزوبەندێکی پەیت نەکراوە و پەڕەکانی هێشتا هەر جیا جیان ، لەوانەیە زۆر هەڵبەستی ئاوەکی بووبن و لەناوچووبن ، هەر وەك لەبەر باری ڕامیاری و کۆمەلایەتی ، شاعیر پرکێشی نووسین و هەندێ هەڵبەسەت و بەیتی چەند هەڵبستێکی نەکردوە کە لە سەرچاوەی ترەوە هەندێکیانم دەستگیربوون و لەم بەرهەمەدا پێشکەشم کردوون .

نووسینی ئەو دیوانەی شاعیر بە دەستنووسی خۆی ، بەرێنووسێکی کونی شکستە ئامیزی ئەو سەردەمەیە کە لە دووتوێی کەیدا ( ٦٩ ) پارچە شیعری درێژو کورت و(٨) چوار باڵی و (٤) پێنج خشتەکی گرتوتە خۆی کە هەمووی ئەکاتە (٧٢٤) تاکە هەڵبەست ( بەیت ) و لەوانە یەك پارچە هەڵبەستی تورکی خۆی تیایە لەگەڵ هەڵبەستەکەی نالی :

## ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا

بوونی ئەو دەستنووسە لەم کارەی مندا پشتیوانیەکی گەورە و گرنگ و بایەخدارە و بەڵگەیەکی بێ خەوشە بۆ ساغکردنەوەی هەڵبەستەکانی " میرزا غەفور " و یاریدەیەکی گەورەشی دام لە جێگرکردنی ئەو هەڵبستانەی شاعیر کە " لەم یا " لەو " سەرچاوەی تردا نووسراون .

بۆیە لە ڕادەی یەکەم پشتم پیبەستووە و بنکەیەکی بەهێزو یەکەمینی ئەم بەرهەمەیە ، لە لاپەڕەکانی ئەم دیوانە دەستنووسەی شاعیردا هەندێ پەراوێزی گرنگ و ڕونکردنەوەی بەهێز و دیاریکردنی بونەی هەندێ لە هەڵبەستەکانی و تیبینی پەسندی خودی شاعیر بەرچاو ئەکەون ، لەگەڵ بوونی (٨) پەڕەیدا کە هێشتا شاعیر نەگەیشتووە تیایاندا بنووسێتەوە ، بویە وەهای بۆ ئەچم کە ئەو دەفتەری دیوانە گەلی پەڕەی دیکەش نووسراوە و نە نووسراوی تری تیابوون و لەناوچوون .. بۆ پیروزی لەم بەرهەمەدا وێنەی چەند ڕوو پەڕەیەکی ئەم سەرچاوە و دەسنووسەی خودی شاعیرمان پێشکەش ئەکەم کە ئەو دیوانە سەرەتا لە لای مامۆستا نەجمەدین مەلا بوو کە لەوانە یە شاعیر بەر لە مردنی دابێتێ بەو کە هەڵبەستی لەبەر بنووسێتەوە ، چونکە لەچەند لاپەڕەیەکدا هەندێ

دیری دەستنووسی نەجمەدین مەلایان تیا ئەبینری و وا دیارە ئەویش داویەتەوە بە حاجی حەمە غەریبی کوری شاعیر و لەویشەوە دەست بەندە " نووسەری " ئەم بەرهەمە کەوتووە ئێستە لەلای خۆمە .

لە تێبینیە دەستنووسەکانی شاعیر لەم دیوانەیدا کە بە گرنگی ئەزانم ئەم چەند دێرەی دواییەتی کە نووسیویە : ( کەلامی میرزا غەفوری حاجی عومەر لە زەمانی مەلیکیەتی شێخ مەحمود ، ئەفەندی لە قەلأدزە ناساغ و مەعلوول و دڵ پەریشان بووە ، لە هەموو نوعە حالەتێکدا ئەفکاری کردووە لەگەڵ بەخت و ئەحوالی خۆی دواوە بەعزێ کاری چەواشە و ناموڵایمی دیوە ، بێ عیلاج لەوخوصوصەوە بەیانی وضعیەتی کردوە ، ئەگەرچی موافیقی طەبعی لطیف و خاطری نەظیفی دور شکافانی وەطەنی نیەو نابی؛ ئیسترحام دەکەم لە تەقصیر و هەرزەییم عەفو بفەرموون ) .

ئەم دەقەی سەرەوە کە زادەی بیرو پەنجەو خامەی شاعیرمان میرزا غەفورە بەڕاستی ئەوپەری قووڵی و ناسکی و لەراستی لانەدان و نرخ شوناسیو چاودێری هەستی خەڵک کردن ئەگەیەنێ ، شاعیری رەسەن ئەبێ ئاوێنەی وێنە نومای هەست و بوونیتی و خواستی نەتەوەکەی بنوێنێ ، دەست بەرداری ئەوە نەبووە کە لە هەڵبەستەکانیدا هەندێ بابەتی راستی هەن هەڵیان بوێرێ و بەم لێبووردن خوازی یەی سوور بووە لەسەر سەربەخۆیی بیروڕا و هەڵبەستەکانی و جیگیرکردنیان و پێشکەشکردنیان بە مێژووی رەسەنی نەتەوەکەی کە لەدوای خۆی لەزوّر راستی ئاگادارین .

لە روانگەی بیرو بوچوونی ئەم شاعیرە پاکەمانەوە ، هەر وەک ئەم دەقە شوێنی پێشەکی شاعرمان بۆ دیوانە بەنرخەکەی ئەگریتەوە

لەیەکێ لە لاپەرە سپیەکانی ئەم دیوانە دەستنووسەی شاعیریشدا نەجمەدین مەلا ئەم دوو تاکەی دوایی نووسیوە کە بەپێی ئاگادارییەک ماموّستا حەمە بوّر پێی ڕاگەیاندم ئەم دوو تاک " بەیت "ە لە سوکواری ( مەرثیە ) ی مردنی میرزا غەفوری خالیدایە کە وتوویە :

کـــەس و کـــارەکـــەم ، مـــام و خـــاڵەکـــەم
بـــــڵاوبـــــوونـــــەوە ، وەک خـــەیـــاڵەکـــەم

هــــەمـــــوو کـــــوچـــــیـــــان کــــردە تـــــوزیــــــان دیــــارە
دەکەی لــــــێلایــــــت بـــــــێ ، چـــــونـــــت قـــــەرارە

هەروەها نەجمەدین مەلا لەدامێنی دەقەکەی پێشوی شاعیرەوە ڕۆژ و مانگ و ساڵی مردنەکەی خاڵی نووسیوە .

جارێ ئەوەندە نووسینە لە پێناسەی ئەم سەرچاوە گرنگەی ئەم بەرهەمەدا بە بەسی ئەزانم ، هەرچەندە بە گەلێ بونەوە لێرەو لەوێ ی لاپەڕەکانی دوایشدا شتی تریان لەمەڕ بەدی ئەکرێ .

(٢) – کەشکۆڵی کاکە ئەحمەدی حەمکوڵ : ئەمەش سەرچاوەیەکی گرنگی نووسینی ئەم دیوانەیە و حاڵی حازر لای خۆمە .. قەوارەی ٢١ × ٣٢ سم و بریتیە لە (٢٥٤) لاپەڕە . ئەم کەشکۆڵە شیعری گەلێ شاعیری ( تیایە ، هەندێکیان لە دیوانە دەستنوسەکەی شاعیریشدا نین و هەر لاپەڕەی (٣٣) دێڕی تیایە و لە ساڵی ١٩٥٦ دا نووسراوەتەوە .. ئەم کەشکۆڵە لە ساغکردنەوەی شیعرەکاندا یارمەتیەکی چاکی دام .

## ئەمیش چەردەیەکە لە سەرچاوەی تری ئەم بەرهەمە :

(١) - کەشکۆڵی مینای شکستە ، بەرگی سێیەم دەستنووسی نەجمەدین مەلا ( ساڵی ١٩٤٠ سلیمانی ) کە ئێستا هی مامۆستا حەمە بۆرە ژیان و هەندێ شیعری شاعیری تیا بوو قەوارەکەی ( ٢٠ × ٣٠ ) سم کەڵکم لێ وەرگرتووە و ئاماژەم بۆ کردوە .

(٢)- حاجی حەمە غەریب کوڕی شاعیر ئێستا لە ژیاندایە ..لەبارەی ژیان و شیعرەکانی باوکیەوە کۆمەڵێ زانیاری چاکی داوەمەتێ و چەند شیعرێکی پێشکەش کردم کە لە سەرچاوەکانی پێشوودا نەبوون .

(٣)- دەستنووسێکی نایابی کاك ئومێد کاکەڕەش ، هەر هەمان شیعرەکانی ناو کەشکۆڵەکەی ئەحمەدی حەمکوڵدا بووە و کەڵکم لێوەرگرتووە .

(٤)- ڕوژنامەی ژین ژمارە( ١٢٦١ ) لاپەڕە (٤) پێنج شەمە ڕێکەوتی ١٩٥٧/٨/١٨

(٥)- کتێبی شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد ، لاپەڕە ( ٨ ، ٩ ) ساڵی ١٩٧٣ لە لایەن مامۆستا عەلی کەمال باپیرەوە چاپکراوە ئەویش پشتیوانێکی چاکی ئەم بەرهەمەیە .

(٦)- گۆڤاری پەیام ژمارە ( ٣٨١ ) لاپەڕە ( ١٥ ، ١٦ ) ( ١٤ / ٢ / ١٩٥٥ )

(٧)- هەندێ دەستنووسی پەڕە پەڕەی مامۆستای دڵسۆز حەمە بۆر کە گەلێ ئاگاداری گرنگ و هەڵبەستیان تیابوو ، لە سەرچاوەکانی تردا نەبووە و کەڵکێکی یەجگار زۆرم لێوەرگرتووە .

(٨)- پەڕاوی سەنگین و شەنگ ژمارە (٢) ساڵی ١٩٣٩ کەشکۆڵێکە لە لایەن مامۆستا حەمە بۆرەوە گرد کراوەتەوە و نوسراوە و لە لاپەڕە ( ١١٦ - ١١٨ ) دا چەند شیعرێکی شاعیری تیا بوو ، ئەمە جگە لەوەی خودی نووسەری ئەم کەشکۆڵە گەلێ زانیاری و هەڵبەستی شاعیری پێ ڕاگەیاندم لە سەرچاوەکانی دیکەدا نین .

(٩)- ئەمە جگە لە هەندێ سەرچاوەی تر کە لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەی بۆ کروان و بە هەموویان مایەی هاتنەدی ئەم بەرهەمەی بەردەستتانە .

هیوام وایە جێی خۆی لە کتێبخانەی کەلەپوور و ئەدەبی کوردیدا بگرێ ، چونکی بە پاکی و ساغی و ڕاستگۆیانە پێشکەشم کردوە ، لەوەش دڵنیام کە ئەگەر هیچ نەبێ جێگە بناغەیەکی دیاری لەمەڕ ئەم شاعیرەمان پێئەبڕێ .. کە ئەوەش مایەی کامەرانیمە و لافی تەواوی کارەکەشم لێنادەم .

## " كورتەی ژیانی شاعیر "

(*) میرزا غەفور كوڕی حاجی عومەری حاجی عەباسە، لە بنەچە دا خەڵكی گوندی "نوڕەبابن " و حاجی عەباس لە قەڵاچوالانەوە روویان لە شاری سلیمانی كردوە .

(*) شاعیر ساڵی " ١٢٨٧ " كوچی بەرامبەر " ١٨٧٠ " زاینی لە گەڕەكی سەرشەقامی شاری سلیمانی هاتوتە ژیانەوە .

(*) دایكی میرزا غەفور ناوی ئامینە بووە ... میرزا تا لە ژیاندا بوو ، دوو ژنی هێناوە ؛ یەكەمیان ناوی خاتوو فاتمەی كچی زوراب ئاغا بووە ولە بابانەكانە .. لە خاتوو فاتمە دوو كوڕو دوو كچی بووە : ( میرزا كەریم ، حاجی حەمە غەریب ، ڕەعنا، ڕەحمە ) .. ژنی دووەمیان ناوی خاتوو زارا حسینە و خەڵكی ناوچەی پشدەرەو سەر بە عەشیرەتی مەنگوڕ بووە .

(*)فاتمە خانی ژنی میرزا غەفور پووری سالحە فەنی كاك ئەورەحمانی قەفتانە .

(*) نووسەری دڵسۆز و بە ناوبانگ ( نەجمەدین مەلای كوڕی مەلا غەفوری مەلا عەلی ) خوشكەزای شاعیرە .

(*) ئەخەل و كامەران موكری و محەمەد عەلی مەدهۆش و مەلا ئەسعەدی مەلا موسی حزمی نزیكی میرزا غەفورن .

(*)نازناوی شاعیرمان ( غەفور ، خاڵە ، میرزا ) بووە و لە هەڵبەستەكانیدا دەرئەكەون و هەندێ جار ( خاڵە میرزا ) و ( میرزا غەفوری ) بەكارهێناوە .

(*) میرزا غەفور لەگەڵ پیرەمێردی شاعیر و حاجی سەعید ئاغا لە لای خواجە فەندی قورئانی پیرۆزیان خوێندوە ... بەلام بە هۆی باری نا ئاسایی یەوە نەیتوانیوە تاسەر خوێندن تەواو بكا ، لەگەڵ ئەوەشدا بە باشی زمانی فارسی و توركی و عەرەبی زانیوە.

(*)لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا لە ئالای " حەمیدی " یە بە پلەی " باشچاوەش " وەرگیراوە .

(*) لە ژووری قەڵەمی سەربازیدا سەرنووسەر بووە ماوەی حەوت ساڵ سەربازیشی لە توركیا بەسەر بردوە .

(*) دوای بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی بەماڵەوە ڕوو لە پشدەر ئەكا و ماوە یەك لە"مەرگە"كاتبی مودیر ماڵ ئەبێ ... دوای ئەوە بەیە جگاری دەست لە كارو باری میری ئەكشێنێتەوە و خۆی بە بازرگانی " كڕین و فرۆتنی " تووتنەوە خەریك ئەكا ..

وەك زوربەی سەرچاوە ئەدەبیەکان باسی ئەکەن ، دوا تەمەنی ژیانی بە نەخوشی و دەردی سەری بەسەر بردوە تا روژی پینج شەمە ٣ / ی / مارتی ١٩٣٨ ریکەوتی یەکی ( محرم ) ی سالی ( ١٣٥٧ ) ی کوچی مالئاوای لە ژیان کردوە .
شایانی باسە ؛ سەبارەت ژیانی شاعیر گەلێ سەرچاوەی ئەدەبی و شەخسی لیدواون ، زوربەیان لە ناوەروکدا یەکئەگرنەوە .

لە بیرەوەریەکانی حاجی حەمە غەریبی کوری گچکەی شاعیرمان هەندێ زانیاری و ئاگاداریم وەرگرتووە کە ئەم چەند رستەیەی دوایی پوختەکەیەتی و ئەفەرموێ :
( .. باوکم لە سەرەتاوە لە حوجرەی - خواجە ئەفەندی - لە سلیمانی خویندویەتی گەیشتوتە سیرەی سەربازی کردن ، لە سوپای عوسمانیدا بوتە سەرباز و نیردراوەتە (بەغدا ) و لە لای - موشیر پاشا رەجەب - گیرساوەتەوە و یەکێ بووە لە دەربارە نزیکەکانی ئەو ، ئەویش بەهوی زیرەکی و وریاییەوە چووەبەدلیدا .
پاش کوتایی هاتنی ئەو سەربازیەی گەراوەتەوە بو - سلیمانی - و لەگەل باوکیدا واتە - حاجی عومەری باپیرم - بەکارو کاسبی و بازرگانی تووتنەوە خەریك بوون ، هەتا هەلگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی ( سەفەربەر ) کە ئەوسا کراوەتە ( نەفیری عام ) و رەش بگیری سەرباز واتە - رەدیف - گرتن بە ناوی ( جیهاد = غەزا ) وە باوکیشم کـراوەتـەوە سـەربـاز و نـیـردراوە بـو قـولی ـ ئـیران ـ و بـو تـە یـەکـێ لـە دەربارەکانی(ئەرکان)کە سەرفرماندەیەکی مەزن و ناوداری سوپای عوسمانی بووە و بە سەروکایەتی ئەو سەرفرماندە ( ئەرکان ) ە باوکم بەشداری جەنگی دژ بە(رووس)ەکان کردوە و لەو سەربازیەدا لای ( ئەرکان ) ماوەتەوە هەتا رووخاندنی خەلافەتی (عوسمانی ) ئیتر گەراوەتەوە بو سلیمانی .
باوکم هەر لە سەرەتای ژیانیەوە پەیوەندی نزیکی لەگەل مالە شیخەکانی سلیمانی هەبووە ، بە تایبەتی لەگەل شیخ مەحمودی حەفیدا و بەر لە پاشایەتیەکەی شیخ و لە کاتی پاشایەتیەکەشیدا هەر دوستی بووە ، تەنانەت کاتی گەرانەوەی شیخ لە دیلیتی ئینگلیزەکان لە - هندستان - شیخ ئەسپیکی رەسەنی پیشکەش بە باوکم کردوە .
لەپاش رووخاندنی فەرمانرەوایی شیخ مەحمود ئەوە بوو ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر کوردستانیعیراقدا گرت ، بەو هویەوە کە باوکم لە زووەکەوە شارەزای کارو بارو

هەڵوێستی پشدەر بوو ، چونکە بازرگانی بەرفراوانیتووتنی تیاکردوە و تێکەڵی و ئاسیاوی نزیکی لەگەڵ کەسانی هەرێمەکەدا هەبووە ، بەتایبەت ئاغا و خاوەن زەوی و زارو کشتیارە مەزنەکانیان .

هەروەها چونکە زیرەکی و وریایی باوکم بەناوبانگ بووە و لە زمانەکانی ( کوردی و عەرەبی و فارسی ) دا زور شارەزا بووە بە نووسین و خویندنەوە و ئاخاوتن ، بەتایبەت لە رووی ئەدەبی یەوە .. بۆیە باوکمیان هەڵبژاردو کردیانە ( کاتبی ناحیە ) ی مەرگە لە هەرێمی پشدەردا کە ئەو ساتە ( پیروت ئاغا ) مودیری ئەو ناوچە ( ناحیە ) یە بووە .

هەر چەند ئەو ئاغایە نەخوێنەوار و نەشارەزای بەڕیوەبردنی کاروباری میری بووە ، بەلام ئینگلیزەکان بەپێی باری رامیاری خێلایەتی و دەرەبەگایە تیەکەیان ئەو ئاغایەیان لەرووی دەستەلاتی ئاغاییەوە کرد بە مودیری ناحیەی ناوچەکە .. لەبەر ئەوە هەموو کاروباری میری ناوچەکە بەدەست باوکمەوە بووە و چەند دەربارێکی ئینگلیز و کونە پیاوی عوسمانی لەگەڵدا بوون کە باوکم دانووی لەگەڵ ئەو ( چەکمەرەق )١ نە دا نەکولاوە و زور جار لەسەر کاروبار بەڕیوەبردن،ئینگلیزەکان باوکیمان تەنگاو کردوە ، چونکە باوکم ئەوەندەی لایەنی کەسان و بەرژەوەندیناوچەکەگرتووە ئەوەندە بەتەنگ بەرژەوەندی ئینگلیزەکانەوە نەبووە ، لەسەر ئەوە هەمیشە باوکم ئاوقای رامیای داگیرکەرانەی ئینگلیزەکان بوو ، بۆیە باوکم مەرگەی پێخوش نەبووە و تەنانەت (تەرفیع ) یشی دواخراوە .

بەو بونەیەی باوکم دوستایەتی دیرینەی لەگەڵ " بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا " ی سەرکوماری پشدەردا هەبووە ، پاش هاتنی ئینگلیزەکان ( بابەکر ئاغا ) بوو بە (حاکمی موتلەق) ی ئینگلیزەکان لە هەرێمەکەدا و لە قەلادزە وەک ( قائمقام ) کارگوزاری کردووە ، باوکیشم بەهوێیەوە ئەتوانێ کارەکەی لە مەرگەوە بو قەلادزە بگوێزێتەوە و لەو سایەوە دەستەلاتی باوکم فراوانتر و شوێن باوەڕی ( بابەکر ئاغا ) و سەرنووسەری ئەو بوو تا دوای کشانەوەی ئینگلیزەکان و جێگربوونی پاشا یەتی عیراق لە کوردستاندا ، باوکم وازی لە کاروباری میری هێناو دەستی دایەوە بازرگانی یەکەی پیشووی خوی و ماڵی گواستەوە سلیمانی و تا کوتاییژیانی لێرە مایەوە ) .

ئەمە پوختەی ئەوەی لە " حاجی حەمە غەریبم" وەرگرت کە زوربەی ئەم زانیاریانە "بەم"

' یان " "یەو " شێوە لە سەرچاوە و نووسراوەکاندا پشتگیری کراون ئەوی شایانی باسە ناوەروکی ئەو سەرچاوانەش لەوە نەچێ کە هەموو بە تێکرایی لە دەستنووسەکانی "مامۆستا نەجمەدین مەلا " وە وەرگیرابن .

* * * *

لەبەر روشنایی پشکنین و گەران بە دوای ژیانی شاعیردا ، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی : نەجمەدین مەلا چ وەك خوشکەزای شاعیر و چ وەك مروڤێکی کارامەو دلسوز بە زمان ﻭ ئەدەبی کوردی چیی لەبارەی خالیەوە نووسیوە جێی بڕواو متمانە بێ ... من خوم پەیرەوی ئەو راستیەم کردوە .

نەجمەدین مەلا سەبارەت مێژوی لە دایك بوون و ژیانی میرزا غەفورەوە لە ژمارە (١٢٦١ ) ی روژنامەی ژیـنـی روژی ١٨ / ٨ / ١٩٥٧ لـە گـوشـەی شـیـعـرو شاعیرەکانماندا ئاوای نووسیوە :

( " میرزا غەفور کوری حاجی هومەرە سالی ١٢٨٧ ی کوچی لە سلیمانی هاتوتە دنیاوە ، بەپێی ئەو دەورە کە لە سلیمانیدا قوتابخانەی رەسمی نەبووە ، لەگەل " حاجی سەعید ئاغا " و خوالێخوشبوو " پیرەمێرد " دا پێکەوە لە قوتابخانەی خومالی "ئەهلی " دا قورئان و سەرەتای زوبانی فارسی یان خوێندوە ، دوایی لای زاناکانی ئەو دەورە خوێندنیان بە پایان گەیاندوە .

میرزا غەفور لە تەمەنی ( ٢٥ ) سالیدا چوتە ئالای " حەمیدی " یەوە ، وە لە پایەی " باشچاوەش " دا کراوە بەسەرنووسەر لە قەلەمی عسکەریدا و حەوت سال لە تورکیا ماوەتەوە ، دوایی هاتوتەوە سلیمانی ، دەستی بە بازرگانی کردوە ، کە جەنگی عالەمی یەکەم بەرپا بوو ، سالی ١٩١٥ م لەسەر ئەرکی خوی بەناوی " غەزا - جیهاد" ەوە لەگەل " سوپای ئیبراهیم بەتلیس " دا کەوتوتە جەنگەوە لە سالی ١٩١٨ دا بە مالەوە چوتە پشدەر ، لە قەلادزە بە بازرگانی یەوە خەریك بووە .

لە سالی " ١٩٣٦ " دا هاتوتەوە سلیمانی و وەکو من ئاگاداریم لە سالی " ١٩٣٨ " دا کوچی دوای کردوە و خاوەندی سەرگوزەشتە ، بێجگە لە زبانی خوی کە کوردی یە " فارسی و عەرەبی و تورکی" زانیوە .. دیوانی شیعری بە دەستنوسی خوی بە کوردی و فارسی لام هەیە ، لەم چەندانەدا هەلبەستێکی بەرزی نیشتمانی لە گوڤاری " پەیام "

دا نووسرا بوو ، ئەم هەڵبەستەیش نموونەیەکی شیعری یەتی :

" دڵی من "

سەیریکەچ پرشۆرش وئەفغانەدڵی من
وەك تورەیی دڵدارەپەریشانەدڵی من

هەر هەمان ئەو سەرگوزەشتەیەی ژیانی شاعیر لە کەشکۆڵەکەی مەلا عەلی سنجەریدا هەیە ، دیارە کت و مت لەو نووسینەی نەجمەدین مەلاوە وەریگرتوە بەلام لە کەشکۆڵەکەی کاك ئەحمەدی حەمکوڵدا بەمجۆرە لە ژیانی میرزا غەفور دواوە :

(میرزا غەفور کوڕی حاجی عومەرە ، لە سلیمانی لە دایك بووە و سەردەمێك بنووسی بابەکرئاغا بووە ، لە قەلادزێ لە دوایدا وازی لە بنووسی هێناوە و دەستی کردوە بە توتن کرین و فرۆشتن ، تا رۆژی پێنج شەمو " ٣ " ی مارتی ١٩٣٨ ی زاینی لە سلیمانی پاش نەخۆشیەکی درێژ لە تەمەنی ( ٨٠ ) سالیدا مردوە .

لە کاتی خوێدا چوتە حوجرەی خواجا ئەفەندی لەگەڵ حاجی سەعید ئاغادا ، بەلام لەگەڵ حاجی سەعید ئاغا ئەبێ بە شەڕی و تیرو پڕی لێ ئەدا ، حاجی سەعید ئاغایش منال ئەبێ ، بەچاوی گریاناوی یەوە ئەچێتە لای خواجا ئەفەندی خواجا فەندیش " میرزا غەفور " بانگێ ئەکا لێی بداو تۆڵەی لێ بکاتەوە بەلام " ئەو " ڕا ئەکا و خۆی نادات بەدەستەوە ، ئیتر واز لە خوێندن ئەهێنێ و هەر ئەوەندەی خوێندوە ، لەگەڵ ئەوەشدا فارسی زۆر باش زانیوە و خەت خۆشێکی بێ وێنە بووە ) .

ئەوی لە کەشکۆڵەکەی کاك ئەحمەدی حەمکوڵدایە:سەبارەت ژیانی میرزا نووسراوە و جێی سەرنجە ئەوەیە : تەمەنی بە هەشتا ساڵ دیاریکراوە ، کەچی بەپێی ئەوەی لە نووسینەکەی نەجمەدین مەلادا نووسراوە سالی لە دایك بوونی " ١٢٨٧ " ی کۆچی یە نزیکی حەفتا سال ئەگرێتەوە ، دیارە ئەو فەرقی سالە زیادانە لە ژیان و کۆچی شاعیردا لە فەرقی سالی کۆچی و زاینیەوە پەیدا بووە.دیسان سەبارەت ژیانی میرزا غەفور هەر هەمان زانیاری ناو کەشکۆڵەکەی کاك ئەحمەدی حەمکوڵ لە دەستنوسەکەی لای برای خۆشەیست کاك ئومید کاکەڕەش دووبارە بوتەوە .

بەلام لە کەشکۆڵی مینای شکستە بەرگی سییەم کە سالی ١٩٤٠ بە خامەی نەجمەدین مەلا نووسراوە و ئێستا هی مامۆستا حەمە بۆرە لە لاپەڕە ( ٣٩٩ ) دا بەم شێوەیە

لە ژیانی میرزا غەفور ئەدوێ :
( میرزا ، ناوی " میرزا غەفور " کوڕی حاجی عومەرە ، خەڵکی سلیمانی یە لە دەورەی ساڵی ( ١٢٨٨ ) ی کۆچی لە سلیمانی هاتوتە دنیاوە ، لە قوتابخانە خوێندویەتی لەپاشا لای هەندێ لە عالمەکانی سلیمانی دەرسی علمی خوێندوە و پاش ئەوەی دەستی کردوە بە تجارەت " کڕیا ر و فرۆشیار " ی لە دەورەی پاشای تورکان "عەبدولحەمیدی دووەم " بۆ سوپاهی زۆربگیر " عسکەری ئیجباری " گیراوە ، حەوت ساڵ لە شارانی عەرەبستان و نجد عسکەری کردوە ، لە دوای تەواو بوونی حەوت ساڵ ، لە عسکەری قوتار بووە و هاتوتەوە سلیمانی دەستی کردوە بە تجارەت هەمیسان لە ئیبتدای شەڕی گەورە ساڵی " ١٩١٤ " م دا بە سلکی عسکەری ئیتحیات گیراوە و ڕەوانەی قۆڵی ئێران " میان دواب و سابلاخ " کراوە و لەگەڵ قووەی سەفەری یەی " عومەر ناجی بەگك " دا شەڕی کردوە ، لەپاش بڕانەوەی " سەفەر بەلك " - شەڕی گەورە - هاتوتەوە سلیمانی ، بەماڵ و خێزانەوە ڕۆیشتووە بۆ وڵاتی ( پژدەر ) و لە ساڵی ( ١٩٢٠ ) دا کە بابەکری سەلیم ئاغا لەلایەن ئینگلیزەوە کراوە بە حاکمی عموومی پژدەر ، میرزا غەفوری کردوە بە کاتب و ئەمینداری خۆی ، لە سالانی " ١٩٣٤" م بەماڵەوە هاتوتەوە سلیمانی ؛ دەستی کردوە بە کڕیارو فرۆشیاری میرزا غەفور لە شیعر و ئەدەبدا خاوەن زەوق و نیشتمان پەروەر بوو ، ڕۆژی یەکی "محرم " ی ساڵی " ١٣٥٧ " ە ی " ٣ " ی مارتی " ١٩٣٨ " م لە سلیمانی بە ئامێرزشی یەزدان شادبووە ، لە گردی سەیوان نێژراوە )
بەڵام ساڵی ١٩٧٣ مامۆستا عەلی کمال باپیر لە لاپەڕە ( ٨ ، ٩ ) ی کتێبی :
'شاعیرە ناو وون بووەکانی کورد " دا بە شێوەیەکی جیاواز لە زانیاری یەکانی پێشو باس لە ژیانی میرزا ئەکا : -
( میرزا غەفور کوڕی حاجی عومەری باخەوانە ، لە شاری سلیمانی لە گەڕەکی سەرشەقام لە ساڵی " ١٢٧٨ " کۆچیدا هاتوتە دنیاوە و بە بازرگانی یەوە مەشغوڵ بووە .. ساڵی ١٩٣٨ لە سلیمانی کۆچی دوایی کردوە ، لەبەر ئەمە کە ئەولادی نەبووە شیعرەکانی فەوتاوە ، ئەمەش نموونەیە هەڵبەستێتی :

ئــەمــن دەرد و مــصــیــبــەت وا لــە جــێی بــرا و کــەســمــە
بەڵێ فەریاد و ناڵەی شەو ؛ فەلەک گەر لێم گەڕێ بەسمە

شایانی باسە لەو نووسینەدا ئەم تێبینیانەم هەیە :
یەکەم : ـ سەرچاوەی ئەو نووسینە دیاری نەکراوە کە لێی وەرگیراوە .
دووەم : بە پێچە وانەی نووسینەکانی نەجمەدین مەلاوە ؛ ساڵی لە دایک بوونی بە "١٢٧٨" کۆچی دانراوە و تا ئاستێک لەگەڵ زانیاری هەشتا ساڵەی ناو کەشکۆڵەکەی ئەحمەدی حەمکۆڵدا یەکئەگرێتەوە .. جگە لەوەی لە پێشەوە بەستم بە فەرقی نێوان ساڵانی " کۆچی " و ( زاینی ) یەوە .
سێیەم : ـ شیعرەکانی بە تەواوی نەفەوتان ، بەڵکو ، دیوانە دەستنووسەکەی لای نەجمەدین مەلاو دوای ئەو لای کوڕە پچوکەکەی و دوایتر لای نووسەری ئەم چەنا دێرەیە و لە پێشیشەوە لێی دواوم .. هەر چەندە زۆر لە هەڵبەستەکانیشی وەک هەزاران بەرهەمی ئەدەبیمان لە فەوتان ڕزگار نەبوون .
چوارەم : " میرزا غەفور وەجاخ کوێر نەبووە ، وەک لە کورتەی ژیانەکەیدا نووسیومە "دوو کوڕو دوو کچی " هەبووە و ئێستا " حاجی حەمە غەریب " یان لە ژیاندایە .
ئەمە ئەوەندەیە لەبارەی سەرگوزەشتەی ئەم شاعیرەمانەوە دەستم پیاگەیشت ، پێشم وایە زانیاری دیکەی گرنگ " لەم " یا " لەولا " مابن و گەلێ شیعری تری جگە لە هی ناو ئەم دیوانەی ، بەتایبەت لە نووسینی ئینگلیزە داگیرکەرەکاندایە ، چونکە وەک ئاشکرایە ئەو خوێن و سامانی گەلان مژانە لە نووسینەکانیاندا لەسەر ئەو جۆرە کەسانە ، ئەوی بیستبێتیان خۆیان تێگەیشتبن نووسیویانە،شاعیرشمان کارگوزارێکی باوەڕپێکراوی بابەکر ئاغا بووە کە لە سەردەمێکا ئەو ئاغایە نوێنەری ئەوان بووە ، بڕوام بەهێزە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو شیعر و نووسین و زانیارانەش ئاشکرا ئەبن .. ئەگەرچی شاعیرمان لای بابەکرئاغاش بووە ، بەلاْم دیوانەکەی بەهێزترین و باوەڕپێکراو ترینە کە شاعیرمان لەهێلی پیروزی پەروەردەی نەتەوەیی لای نەداوە جگە لەوەی کە پیاوێکی ئاینی ڕاست و پاک بووە و بە هەموو توانایەوە لە دژی ئەو داگیرکەرانە و دەست پێوەندەکانیان بووە و شان بە شانی دوژمنەکانیان بووە وەک : (شێخ مەحمودی حەفید) کە ئەو بارو هەڵویستەی مایەی سەربەرزی وشانازیمان و جاویدانی ئەوە .. هەزاران ئافەرین لە گیانی پاکی شاعیرمان میرزا غەفور و ئیتر ئێوە و " ئەو " و بەرهەمەکانی بەساغکراوەیی .

عەبدوڵلا ئاگرین
سلێمانی

- بەشی یەکەم -

## ( شیعری کوردی )

### پیتی - ب -

(١)

" زەمی وەکیلی ضابطی پولیسی ناوچەی قەلادزە - حەسەن دەدە .. "

وا لە سووئی تالعا ، کەوتوومە گێژی ئیضطراب
وەزعی دەوران تێکداوە ، دایەرەی ڕوکنی ئەداب
دوون پەرستە ، چەرخی گەردوون کاری نادانی دەکا
وا چەواشە و عەکسە ، لاشەی شێر دەخاتە دەس کلاب
گەر سوالێکی حەقیکەم ، خەتا بارم مەکەن
چون ڕەوایە بۆ" دەدە " کاغەز بنووسین ئەی جەناب؟ (١)

---

(*) تیبینی : . ئەو شیعرو قەسیدانەی لە کەشکۆلەکەی برای خوشەویستم کاک ئەحمەدی حەمکولەوە وەرمگرتوون و لە دیوانە دەستنووسەکەی خودی شاعیردا هەبوون کە ئیستا لە لامە ، لاپەڕەکانیانم دیاری کردون ... ئەو شیعرانە " یان " ئەو قەسیدانەی ئاماژەیان بو کەشکۆلەکە نەکراوە ، ئەوانەم لە دیوانە دەستنوسەکەوە وەرگرتوون ، بویە بە پیویستم نەزانی بو هەموو شیعریکە ناوی دیوانەکە بینم .

لیکۆلینەوە و لیکدانەوە

---

(١) - " دەدە " مەبەست لە حەسەن دەدەیە لە کات و سەردەمی ژیانی شاعیردا جیگری ئەفسەری پولیسی شاری قەلادزە بووە کە شاعیر ئەم شیعرەی لەزەم و داشورینیدا نووسیوە . حاجی حەمە غەریب کوڕە بچوکی شاعیر ئەفەرموی : ( حەسەن دەدە پیاویکێ بووە - تورکێ - و هەر لە زەمانی حوکمی عوسمانیەوە کەوتوتە ناوچەی پژدەرەوە ، کە تەشکیلاتی ئیداری ئینگلیزی کراوە لەوی گەیشتوتە پلەی - قومیسەر - ی واتە (مفوض)ءخیزانی نەبوو ، بابەکر ئاغا پشتی گرتبوو ، بەسەر ناوچەکەدا زال بوو ... ) .

دەدە : - بە زمانی تورکی واتای باوکێ ئەدات .لەم بەیتەدا وشەی (بارام) بە هەلە لە دیوانەکەدا (کارم) نووسراوە ، هەر وەکێ نووسینی "کەم" تیا بیرچووە و لە جیی (بنوسین ئەی )لەسەر دەستنووسیکی ماموستا حەمەبور چاکم کرد .

تا " فەرەج " نەیگا .. بوو؛ چا بوو ، جوزئی یە دەیکرد حجاب
ڕێی سواڵم بوو ، لە خزمەتیا ، لەبۆ ڕەدی جەواب
ئێستە لەو ڕۆژەی کە خۆی چاکرد لە فیعلی کاکە شەفیق
ئینتخابی مەرتەبەی بوو ، حەزرەتی عالی مەئاب
" ئەحمەقم ، نەمکرد هەتا ڕیشم نەبوو گانی بدەم "
وەکو " دەدە "ئەمنیش دەبوومە ساحیبی ئەجرو سەواب (٢)
خۆشەویستی عالەمی ئەم عەصرە نابم چۆن دەبم
چاکە بۆ خۆم دوو بدەم ، بۆ ئاخر و ڕۆژی حساب

---

(٢)- شاعیر وەکو شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە تەوسەوە ڕوو لە خۆی ئەکاو ئەڵێ من گەوج و گەمژەبووم ، چونکە تا مناڵ بووم و مووم لێنەهاتبوو ، نەمزانی وەکو (دەدە)بدەم ، تا منیش وەکو خاوەنی پاداشتی ئەو خراپە کارییەی خۆم ئەبووم ، لەکوردەوایشدا ئەفەرموون : (لەبەختی ... گەزۆئەباری ) .
شایانی باسە نیوەی یەکەمی ئەم تاکە بەیتە نیوەی باڵێکی هەڵبەستێکی شێخ ڕەزایە لە لاپەڕە (٦٧) ی دیوانەکەی ساڵی ١٩٤٦ دایە .. لە دیوانەکەدا نیوە باڵێکەی شێخ ڕەزا بە هەڵە بەمجۆرەنووسراوە
(ئەحمەقم نەمزانی تا ڕیشم نەبوو بۆ خۆم بدە )

# پیتی

## (٢)

## " خانووەکەم "

بە سەد دەرد و مەراڕەت ؛ هاتمو تەرتیبی خانەم کرد
کە نەمزانی فەلەکێ عەکسە ، خوری تەڕ بوو بە شانەم کرد
بە ناهەق خۆم دوچاری میحنەت و جەور و مەراڕەت کرد
بە خۆڕایی زەرەمەند بووم کە ئیشی پێچەوانەم کرد
خەیالی خاو بە فکری من دەڵێن : لەم وەختە نا وەختە
وەکو لەقلەق لە سێ شەش دا هەوایی ئاشیانەم کرد (١)
زەمانێکم لەگەڵ وەزعیەتی دەوران خەیاڵم کرد
دەشمزانی کە مەکرۆیە ؛ ئەمن خۆم ناشیانەم کرد
لەبەر بێ ماڵ و حاڵی بوو کە خۆم تووشی مەراڕت کرد
بەڕەنجێکی عەبەس خۆم ڕەنجەڕۆ کرد گوایە یانەم کرد
بڵێم چی ؟ چەرخی دوونپەروەر هەمیشە وا لە تەعقیبم
بە نادانی بوو تێکەوتم کە ئیشی کەودەنانەم کرد (٢)

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە
ناونیشانی ئەم شیعرەم لە لاپەڕە (٣٩، ٤٠)ی کەشکۆڵی مینای شکستە ، بەرگی سێیەم دەستنووسی نەجمەدین مەلا سالی - ١٩٤٠ سلیمانی - وەرگرتووە ، ئێستە هی مامۆستا حەمە بۆرە ئەگەرچی ڕۆژ بەسەر هیچ یەکێ لە شیعرەکانەوە نی یە بەڵام ناوەرۆکی گوزارەیی هەندێ شیعر بۆنە و هۆی لە دایکێ بوونی شیعرە کە دیاری ئەکا .. شاعیر ئەم شیعرەی بەو بۆنەیەوە هۆنیوەتەوە کە زستانی ئەو ساڵە ویستویەتی خانوویەك دروست بکا و خۆی و ماڵ و خێزانی تیا داسەکنێن ؛ بە ڕۆژ چیی کردوە شەوێ تابەیانی تلیساوەتەوە و ڕووخاوە - دیارە ئەوەش ئەبێت بەپەیوەندی بە تەڕ و تووشی" کەش "ەوە بووبێت .

(١) ئاشیانە : . مەبەست لە هێلانەیە کە بە پووش و پەڵاش دروست ئەکرێ ... کە مناڵ بووم لە حاجی حەمە ساڵحی باپیرم - لە دایکەوە - ئەمبیست بە هێلانەی ئەوت : ئاشیانە . لەم بەیتەدا ، لە نێوان " وەخت " و " ناوەخت " دا " دژیەکێ - طباق " ی سلبی هەیە .

(٢) کەودەن : گەوج ، تێنەگەیشتو ، کەلحۆ .

بە قەولی چەرخی دوونپەروەر فریبم خواردو نەمزانی
فەلەك لاكەو ؛ بەخت عەكسە ، لە بۆ كەر،گویزەبانەم كرد
ئەگەرچی چەند ڕۆژێ من لە پێش ئەو حاڵەدا بۆ خۆم
بە میزانی تەجەڕوب من لەگەڵ بەخت ئەم قسانەم كرد
گوتم : تالع ! ئیدارەم ناكری ، تەفرەم نەدەی عەیبە ! !
گوتی : مردوت مری ؛ شێتی ئەوا من بۆت ئیعانەم كرد
گوتم : نامەرد ؛ نەكەی تووشی خەسارەم كەی لە ناوەختا
بە تەصویری خەیاڵ بەینی كە ئەم بەحس و بەیانەم كرد
بە ناچاری و زەروورەت بوو ، ئەگەر بەختیش فریبیدام
چ ئەهمیەت مەعاشی بوو ، كە سەرفی خوێڕیانەم كرد
لە پێش وەختا سەعید بەگ پێی عەتا كردم معاشی خۆم
بەڵێ : ئەو هیمەتی فەرمور ؛ ئەمن ئیشی كەرانەم كرد (٣)
بڵێن : میرزایە ساحێبی دوكان و خانوو و ماڵە
لە بەختت بەم،جەناب ؛ هەرچەند قسەی نامەحرەمانەم كرد
خودا كوێری بكا ( وەستا مجید ) بۆ ئیشی لێی تێكدام
وەئیلا فرسەتم دی بوو ؛ لەبەخت و چاویووكانەم كرد (٤)
بەڵێ خوا بیگری ( وەستا ) كە زۆر عەكسی بەبنای دانا
لە داخی " ئەو " ئەوەندەم شەڕ لەگەڵ بەخت و زەمانەم كرد
كەسیش لەم قەوم و ئاغا و دۆست و ئەحباب و ڕەفیقانە
نەبوو بۆ تەقویەت یاخو بە " دار " ی بێ كەسانەم كرد
ئەگەرچی خۆ لە سایەی لوتف و زاتی حەق تەعالاوە

(٣) سەعید بەگ : ئەم پیاوە لەو ساتەدا ماڵ مودیری قەلادزە بووە .
(٤) وەستا مجید : ئەو وەستایەبووە كە خانووەكەی بۆ میرزا دروست كردوە .

کەمێ هاتوتە سەر حاسڵ ، شوکر بێ مینەتانەم کرد
سەری حاکم سەلامەت بێ ، چی یە ئەهەمیەتی دنیا
عەبەس سەهوێکی گەورەم کرد کە ئەم جوزئی قسانەم کرد (٥)
نیهایەت چەند قورووشێکم ، بە قەرز و قۆلە پەیدا کرد
ئەویش تێکەڵ بە قوڕ بوو ، چوو ، خەیاڵی جاهیلانەم کرد (٦)
ئەوا " دە " ی مانگە ، نزدیکە معاشی مانگی دیسەمبەر
لە فەرزارانی تەقسیم کەم ، ئەگەرچی ئەحمەقانەم کرد
لە ئەوزاعی عەیاڵ و ماڵ و حاڵی خۆم دریغم کرد
گوتم : خانووبکەم چاکە ، تەماشا چەند جوانم کرد
" غەفور " عەمرت نەمێنێ بۆ خەیاڵی قوڕو بێ سوودت
مەڵێ : خانووم هەیە خوێڕی کەنیشتەی جوولەکانەم کرد
بەمالوومیش نەبێ ، ئەو زوو کەنیشتەی خۆی سەراپا کرد
ئەتۆش " طبع "ی ( قەزاتە ) ی کە مقامی خەسرەوانەم کرد (٧)

* * * *

---

(٥)- حاکم : مەبەست لە حوکمڕانی پژدەرە کە ئەوسا " بابەکر ئاغا " بووە .
(٦) - قورووش : پارەیەکی سەردەمی حوکمڕانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی یە ، بەرامبەر (١٠)فلس
بووە .. بەلام قورووش مەبەست لەپارەیە .
(٧)- مالووم : پیاوی ئاینی جوولەکەکانە - کەنیشتە : پەرستگای جوولەکەیە .

## – له وەڵامی نامەی بابەکر ئاغای پژدەردا –

بـە مـژدەی صیـحـەتت جانـا ، ئـەوەنـدە شـادمـانـیـم کـرد
کە تەصویری حەیات و عومری تازە و جاویدانیــــم کرد (١)
لـە ئـەحـوالم دەپـرسـن ، مـن لـە سایـەی لـوتـفـی مـەولاوە
بـیـحـەمـدیلـلا لـە دنـیـادا بـە مـەردی زینـدەگـانـیـم کـرد
بــە غــەیـرەز فـیـرقــەتـی دیـداری یـارانم ئـەلـەم نـابـێ
زەمانێکیش بە سەربەستی لە پژدەر حوکمڕانیــم کرد (٢)
لە گەڵ هەر کەس کەهەمدەم بووم ، بەیەک ڕەنگی ومەردی بوو
ئەمێستاکە کە خۆم دەیڵێم ، کەمێکیش کامەرانیم کرد (٣)
مـورەقـەم نـامـەکـەت بـۆم بـوو بـە مـایـەی ئـیـفـتـیـخـاراتـێ
گەلێ پێم خۆش بوو ئەم حاڵە ، بە عیزەت میهرەبانیم کرد
ئـومـێدم وایــە ، هــەمـوارە لــە تــەحـریـرات قــصـور نـاکــەی
کە عالەم پێم دەڵێن : " میرزا " بە خامەی زەڕفشانیم کرد (٤)

---

**لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە** : ـ (*) ئەم شیعرە لە لاپەڕە (١٠)ی کەشکۆڵەکەی کاکە ئەحمەدی حەمکۆڵدا بوو . شایانی باسە لە دیوانەکەدا لە تەنیشت ئەم شیعرەوە بە فارسی نووسراوە : ( در جواب نامه دوس ) واتە:لە وەڵامی نامەی دۆستدا .. بەڵام مامۆستا حەمە بۆر پێراگەیاندم وەک لە نەجمەدین مەلای بیستووە، ئەم شیعرەی بەرامبەر نامەیەکی " بابەکر ئاغا " بووە کە دوای نەخۆشی ئاغا لە بەغدا گەڕاوەتەوە و بۆ شاعیری نووسیوە .

(١) جاویدان : هەمیشە زیندو ، نەمر . واتە : – گیانە بە گەیشتنی نامەی مژدەی لەش ساغیت ، گەلێ شادوکەیف خۆش بووم ، بەوەش بیرو خەیاڵم لەژیان و تەمەنی نوێی هەمیشە زیندوی خۆم کردەوە .

(٢) شاعیر ڕوو لە بابەکر ئاغا ئەکات و پێی ئەڵێ : من بە هیچ ژان و ئازارم پێناگا، بێجگە لەوەی لە دۆست و یارانم دوورم ، بەشی دوایی واتە لە " عەجزی " ئەم بەیتدا پەنجا بۆ ئەوە ئەبا کە ماوەیەک لەناوچەی پژدەر بەسەربەستی حوکمڕانی کردوە ، ئیشارەتە بۆ ئەو فرمانەی لە دەزگای میریدا هەیبوەلەگەڵ بابەکر ئاغادا .

(٣)– لە دیوانە دەستنووسەکەی شاعیردا لە جیاتی وشەی " کەمێکیش " وشەی " کەمیکم " نووسرا بوو چونکە لە ڕووی دەستووری زمانیوە ناگونجێ و ڕاستمان کردەوە .

(٤) شاعیر هەر ڕوو لە بابەکر ئاغا ئەکا و ئەڵێ : هیوام وایە کە لە نامە ناردن کەم و کورتی نەکەیت و چونکە منیکە کەپێم ئەڵێن : میرزا و خوێندەوار بە نووسینی خامە زێڕم نواندوە و ئەو وشەی " زەڕ " لە ڕەوانبێژیدا " خواستە " یەو مەبەست لە ئاخاوتنی بەکەڵکە و بەنرخە کە هاوشێوەی ئاڵتوونی بێ غەل و غەشە .. واتە خامەکەم تەنیا وشەی بە بەهاو خزمەتگوزار پەخش ئەکات ... لە سایەی ئەو خامەیەی تووە کە ئەو نامەیەت پێنووسیوە منیش بەم هەڵبەستەم ئاڵتونم پرژێنم بەسەر خامەو نامەکەتدا کرد .

## پیتی – ر

## (٤)

## خضره ئەفەندی

ئەهلی " مەرگە مەرگی خوتان ، گەر بکەن مەنعی غەفور
بی نەوا ، مسکین و کاسب، گوشەگیرو بی قوسوور (١)
حەیف و شەرمە " خاڵە میرزا " تان بدەن بەو " دوونی " یە
ڕیزی " بیگانە " ، ئەبەد ناگا بەریزی خزمی دوور (٢)
( چەکمە ڕەق) حەقیە ، کە چڵکاوخوری " ئینگلیز" بی دەبی :
یا:حەپەی بی میسلی دیڵ ، یان :وەکو گورگ لوورە لوور (٣)

---

(*) ئەم شیعرە لە دژی ( خضرە ) فەندی سەرنووسەری دایەرەی ڕەدیفی مەرگە هونراوەتەوە .

### لیکولینەوە و لیکدانەوە :

(١)- مەرگی خوتانە : ئەبیتە هوی مەرگی خوتان .
شاعیر ڕوو لە دانیشتوانی مەرگە ئەکات کە پشتگیری کردنیان لەو سەرنووسەرە ، ئەوە ئەبیتە هوی مەرگی ئەو مەرگەییانە ، چونکە شاعیر خوی بە خاوەن ماف و بی لایەن و زورلیکراو دیوە بەوەشەوە بی نەوا و هەژار و گوشەگیرو بی قووسوور بووە .
ماموستا حەمە بور پیراگەیاندم کە دوای ئەوەی شاعیر دارجگەرەیەکی نەخشین پیشکەش بە بینباشی ئەکا ، کونە سەرنووسەری دایەرەی ڕەدیف پیناخوش ئەبی و لای وابووە ئەو دارجگەرەیە شایانی خوی بووە ، لەبەر ئەوە ناکوکیەك دژی شاعیر هەڵئەگیرسینی و هەندی لە مەرگەییەکانیش لایەنی ئەو سەرنووسەرە ئەگرن .
(٢) – دوونی : نامەرد و مەبەستی لەو سەرنووسەرەیە ، چونکە ئەو بیگانە و شاعیر خزمی دووری مەرگەییان بووە .. و لە پەندی پیشینانداهاتووە :

بو دوای هەر ئەهینی نوشوستی
هەزار ساڵ بکەی بیگانە پەرستی

ئەم بەیتەی شاعیر لە دەستنووسیکی ماموستا حەمە بورەوە وەرلمگرت و لە دەستنووسی شاعیرو سەرچاوەکانی تردا نەبووە .
(٣)- چەکمەڕەق- پیناسەی تورکچی یەکان و پاشماوەی تورکەکانی عوسمانی بووە کە ئەو سەرنووسەرە چەکمەڕەق و دەرباری ئینگلیزەکان بووە . شاعیر ئەو ئاژاوە نانەوەی سەرنووسەر بە حەپەی دیڵەسەگ و لوورەی گورگی چواندوە .. وەك (سەگ بە مانگەشەو بوەڕی ) .

"موئمین" ە لای خوێ ، لەسەر یەکێ (مؤمنە) ئەم کارەی کەکرد
چاوی هێندە قایمەو ، نەیماوە قەت شەرمی حوضور (٤)
دولبەرو ، مەحبووبەو ، دڵدارو هەمرازم بوو ، ئەو
ئەو " مونەققەشدار " ە ، بۆ کەوتوتە گێژی سەلم و توور (٥)
بۆ ( ڕەدیف )ی مومسیک و تەحسلی ئیسلاحی تەڵەب
با تەڵەبکەم دوختەری بینباشی بیکەم لنگ لە ژوور (٦)
باوجوود ، سووچی نی یە لەم ، ئەمرە بینباشی، فەقیر
گوو بە ڕیشی ئابا و جەددی،( خضر ) ە فەندی مەندە بوور (٧)
ئەو ئەبەن عەن جەدد ، کە : ( دابوون ) پیشەیانە بۆیەکا

---

(٤) مۆمنە : دارجگەرە .. هەر وەکێ شاعیر لەسەر ناوی ئەم شیعرەدا بە فارسی نووسیویە :
( در علیە خضر أفندی نام با شکاتب مرگە در دائرە ( ردیف ) دار جگر أم بە پسر بینباشی دادە بوود ) . واتە ئەم ( شیعرە م لە دژی خضرەفەندی ناو کە سەرنووسەری مەرگەبوو لە دایەرەی (ڕەدیف ) دا ، لەسەر ئەوەی کە دارجگەرەیەکم بە کوڕی بینباشی داوە .

(٥) مونەققەشدار : نەخشێنراو ، مەبەست لە دارجگەرە ( مۆمنە ) کەیە شاعیر لەم تاکەیدا بە خۆشەویستی دارجگەرەکەیدا هەڵیداوە کە لە ئاکامدا بوو بەهۆی ئاژاوە .
مامۆستا سەعید ئەفەرموێ :
- سەلم و توور : ئاماژەیە بۆ ئەو هەراو ئاشوبە خوێناوی یەی نێوان کوردە زەردەشتیەکان و (تۆرانی ) یەکانی ( سەلم و توور ) کە لە شاهنامەی فیردەوسی دا بە درێژی باسی کراوە ... ئەو هەرایە وەکێ هەرای دارجگەرەکە بوو .

(٦)- ڕەدیف : سەربازی ڕەشبگیری عوسمانی بوو لە کاتی ( نەفیری عام ) ەکەی جەنگی یەکەم (سەفەربەر ) .
شاعیر ئەڵی : ئەو سەرنووسەرە ، ئێستەش کە تورکێ نەماوە هەر خۆی واپیشان ئەدا بە دڵ و گیان لە ڕووی ئاینەوە کارو پیشەی خۆی بەجێهێناوە کە ڕەدیف " گرتن بوو بە ناوی ( غەزا - جیهاد ) ەوە لەپاڵ عوسمانیدا لە دژی کافەران و گوایە پیاو چاکە کە وەها نەبوو .
شاعیر ئەڵێ : با کچی بینباشی کە ژنی ( خضرەئەفەندی ) یە : بیهێنم لنگی بکەمە ژوور ...

(٧)- بینباشی : بە تورکی ( بین ) واتە ( هەزار ) و ( باشی ) واتە ( سەروکێ ) کە مەبەستی لە سەروکی سەربازی بووە کە ئەمڕۆ بەرامبەر پلەی ( عەقید ) ە .
- مەندەبوور : بەدبەخت ، هەندی جار بە ( مەندەموور ) یش هاتووە و مەبەست لەو مێروانەیە کە زەبوون و سستن و ئەکەونە داوی مێروەکانی دیکەوە .. ئەمە نیشانەیە بۆ مانەوەی ( خضرەفەندی ) کە تورکێکی عوسمانی بووە و دوای نەمانی عوسمانی لە ( مەرگە ) ماوەتەوە و چڵکاو خۆری ئینگلیز بوو .

وەك نەبای دیبیٚ و نەباران (شاربەدەربوو)ی (شارەزوور ) (٨)
با : لە"خاسە"ی"خاسە" یان بەم ، کاسەیان پیٚخوست بکەم
هەر لە(قوریە)و( قەلعە) وە،تا(چەمچەماڵ) و (شیوە سوور)(٩)
جوملە"کوونی" و "دوودەکی " و" گەوواد " و "بیٚ شەرم وحەیان"
ماڵی عالەمیان لە لا ؛ تالاٚنە ، میسلی کەللە پوور (١٠)
یا ئیلاهی : بەندەیی پڕ جورم و عوصیانە غەفور
توٚ ببەخشایی بە حەققی سوورەتی ( طاها ) و ( طور ) (١١)

---

(٨)- ئەبەن عەن جەدد : أباً عن جدٌ : لەباو و باپیرانەوە .
دیسان وەكٔ ماموٚستا حەمە بوٚر لە نەجمەدین مەلای بیستووە بە منی ڕاگەیاند کە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا ئەو خضرە فەندی یە بوٚ ڕەدیف گرتن نێردراوە بوٚ خورماڵ ( شارەزور ) و لەویٚ لەسەر پیاو بەسەرەوەگرتن هەڵدیٚ و ئەم تاکە بەیتە نیشانە یە بوٚ ئەو ( شاربەدەر ) کردنە .
شایانی باسە : ئەم تاکەیش تەنیا لە دەستنووسەکەی ماموٚستا حەمە بوٚردا بوو ، لەسەرچاوەی تردا نەمدیوە .
خاس : خاص : چاكٔ ، پاش .
- خاسە : ئەو چەمەیە بە ناو کەرکوکدا تیٚنەپەڕیٚ
- قوریە : گەڕەکیٚکە لە کەرکوكٔ .
- قەلعە : مەبەست لە قەلاٚی کەرکوکە .
- چەمچەماڵ : ئەو قەزایەی نیٚوان سلیمانی و کەرکوکە .
- شیوەسوور : شیویٚکی قووڵە زوو لە زستاندا ڕیٚگای کاروانی نیٚوان کەرکوكٔ و سلیمانی گرتووە .
(١٠) کەلەپوور : بە واتای بەرهەمی نەتەوەیی ( تراث ) دیٚ .
(١١) لەم دوا بەیتەدا شاعیر ڕووی لە خوا کردوە کە هەرچەند ئەو ڕاستیانەی ئەو کابرایەی وتووە ، بەلاٚم دیسان خوٚی بە گوناهار داناوە و داوای لیٚبووردنی لیٚکردوە لەبەر خاتری جووتە سورەتی ( تاها ) و ( توور ) ی قورئانی پیروٚز .

(٥)

## مودیری مەرگە (*)

( ئالْ دی ، ناحیەیی ، مەرگە مودیری بە حوضوور ،
ئۆلْدی ، مەعمووری حەمیدی یە ، بە فەیضەش مەعموور (١)
هەر نەئیْتمیش ، ئیسە دەن ، نەئیسە ، غەریبلغنە ئیچون
بەنا ، لازم گیْلیوور خاطری ئولْمەق نە ، غودوور ) (٢)
چونکە داماوی مەلا زادەوو ، قاضیی وەقتە
لازمی زیْمەتە بۆ ئیْمە بە ئینصاف و مرور (٣)

---

(*) ئەم سەرناوە شاعیر لە دەستنووسەکەیدا خوی بە فارسی دایناوە .
(١) - ئەم تاکە " بەیت "ەو بەیتی دوایی بە تورکی یە ، ئەمەشی لەبەر ئەوە تورکی وتووە ؛ چونکە ئەو کابرایەی دایشۆریوە تورك بووە جگە لەوەی زمانزانی شاعریش لە تورکیدا ئەگەیێنیْ .
واتای نیو بالْی یەکەمی تاکەکە ئەوەیە بەڕیوەبەر ( مودیر)ی ناوچەی ( ناحیە)ی ( مەرگە ) هاتە حوزور ( ئالْ دی - گەشیتە ) .
واتای نیوبالْی دووەمیش تەواوکەری ئەوی پیْشووە و ئەلیْ : (شاری قەلادزێ - مەعمووری حەمیدی یە - کە لە حەمیدی یەی ناوی سولْتان عەبدولحەمیدی عوسمانی وەیە هاتووە ) ئەم شارە لە بەهرە و پیرۆزی ئەو ( مودیر) ەوە ئاوەدان بووە وە کە ئەوی تیْهات ئەمەش بە تەوسەوەیە .
(٢)- لە نیوە بالْی یەکەمی ئەم تاکەیشدا وتوویە : (ئەو مودیرە هەرچیەکی کردبیْ " هەر نەئیْتمیش " و چی بیْت " ئیسەدەن " لەبەر ئەوەی کە کابرا غەریبلغنە ئیچون " هەر قەنیاکە .. نیوە بالْی دووەمیش تەواوکەری ئەوی پیْشووە و ئەلیْ : لەسەر من پیْویستە دلْدانەوە و گرتنی خاتری ( بەنا لازم گیْلیوور خاطری ) نەوەکو مەغدور بیْ " ئولْمەق نەغودور " ئا لەم تاکەدا شاعیر ئەوپەڕی ناسکی و ڕەوشتیْکی بەرزی کوردانە و مروڤایەتیانەی نواندوە کەوتوو یە : لەبەر ئەوەی کابرا بیْگانەیە بۆیە هەرچی بیْ و هەرچیی کردبیْ ئەبیْ چاو پۆشی لیْبکریْ نەبا بووتریْ غەدریان لیْکرد .
شایانی پیْزانین و سوپاسە مامۆستا حەمە بۆر ئەو دوو بەیتەی کرد بە کوردی و لە لیْکدانەوەی واتا تورکیەکەیدا هاریکاری کردم .
(٣)- لەم تاکەشدا پتر هوی خاترگرتنەکە ڕوون ئەکاتەوە و ئەلیْ چونکە زاوا (داماو)ی مەلا عوسمانە کە ئەویش مەلازادەیە و لە هەمان کاتیشدا قازی بووە لە ناوچەکەداو لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا کە ئەوانیش کاروباری ناوچەکە " پژدەرایەتی " یان بە ناوی قائمقامی قەلادزەوە بە " بابەکر ئاغا " سپارد بوو .
ئەمجا شاعیر ئەلیْ : لەبەر ئەو زاوایەتیەی مەلا عوسمان پیْویستە و لە ئەستۆماندایە کە بە ئینصاف و موداراتکردنەوە لەگەلْیا بجولْیْنەوە .

پێی بڵێن : هەستە ، بڕۆ تاکو نەهاتوتە مەصاف
نووکی خامەم ، بە مەقامی غەضەب و قەهرو قوهوور (٤)
چاکە بۆ خۆی ، بە ئەدەب ، ڕوو لە گوریزگاو دەرچێ ،
ئابرووی خۆی بە گران دابوو ، بە ئەرزان چووە ژوور (٥)
دەفتەری مەصرەف و صەرفی بە تەواوی داوە
مەرگەیی : خەصلەتیانە دەفرۆشن کچ و پوور (٦)
دوختەری شاهو گەدایان بە میسالی کەری دێز
دێتە مەیدانی زەمائیم ، چ لە قورب و ، چ لە دوور (٧)
فەرقیان بۆنی یە ، هەر پارە بکا مادەوو ، نێر
بێنی مشتی ، پەرپشتی . ( ئەدەب ) ە ، عەینی قوصوور
یا ئیلاهی ، تۆ و بەزات و شەرەف و نووری نەبیی
چارەیی ضایعە ، دەربارەیێ بێچارە غەفوور (٨)

(٤)-شاعیر دیسان ناسکی و لەسەرخۆیی هەجوەیدا تامیلای ئەکاتەوە و ئەڵێ : دەکەواتە بەو (مودیر ) ە بڵێن : هەتا زووە لێرە نەمێنێ و بگەڕێتەوە هەتاکو نووکی خامەکەمی لێ نەهاتوتە مەیدانەوە .

(٥)- شاعیر هەرچەندە تا ئێستاش بەم شێوە ناسکە سەرو پوتەلاکی کابرای شلکوت کردووە ، بەلام لەسەر هەمان شێوە ناسکیەکەی ئەڵێ : جا کەواتە ئەو مودیرە بوخۆی وەها چاکترە بە حەیای خۆیەوە خۆی دەربازکات و لە ئارادا نەمێنێ و هەر وەکێ " ئەو " لە پێشدا ئابرومەندانە خۆی پیشانداوە و بەسەرزاری وا خۆی دیاری کردوە کە خاوەنی ئابرویەکی گران و سەنگینە ، بەلام ئەبێ ئەوەی پێبگاتەوە و لای ڕوون بێ کە ئێمەش ئەزانین ئەو خاوەنی ئەو ئابڕوەگرانە نەبووە ، بەشکو بە پێچەوانەوە ئابڕوەکەی هەرزان بەهاو پووچەڵە .

(٦)شاعیر دێتە سەر بابەتی ژن هێنانەکەی لە مەرگەو بوونی بە زاوای "مەلا وەسمان " ی مەرگەیی و ئەڵێ : وەنەبێ ئەو ژنە بە زەبری کارو پیشەکەی سەندبێتی بەڵکو نەخت و نرخی ژنەکەی بە تەواوی بە ماڵە خەزورانی داوە ...

ئەوی ڕاستی بێ باسی ئەم " کچ و پوور " ەش لە شیعری چۆڵکردنی شاری قەڵادزیدا کردوە ( کاتی ژیانی شاعیر ) دیارە ئەویش بابەتێکە و ئاگاداری و ڕوونکردنەوەی پتری پێدەویست ..

(٧)- هەر لە ڕەوشتی " مەرگەییان " ئەدوێ و ئەڵێ : کچی پاشاو نەدارو سواڵکەریان ئەفرۆشن .. ئەمەش دەردێکی کۆمەلایەتی دێرینمان بووە .

(٨)- شاعیر لەم تاکەیدا لە خوای مەزن ئەلاڵێتەوە کە لەبەر خودو شەرەف و پرتەوی پێغەمبەر چارێکی ئەو گومڕایی ( ضائیعە ) یە بکات .

## (٦)

## (سەردانی بابەکر ئاغا لە شاعیر)

کەس نەبوو ؛ ڕەنجی قەدەم بینێتە خەراباتی غەفوور
لە هەموو دائیرەوو صنفی ڕەفیق و مەئموور (١)
چی لە حیسشمەتکەم ، ئەبێ ؟ گەر ؛ قەدەمی ڕەنجەبکا
حاکم ئەمڕۆ بە عەدالەت،لە جیهاندا مەشهوور (٢)
کەمترین خادم و مەحسوبی غولامانی ئەتۆم
چ دەبێ ؟ گەر نەزەرێ بێ چو سلیمان بە مورور (٣)
دەفعەیێ ؟ گەر بە عیادەت لە غولامت پرسی
کە دەکەم صەرفی قدومت دوڕ و مەرجان بە کلوور

---

(*) شاعیر لەسەرناوی ئەم شیعرەدا بە فارسی نووسیویەتی کە ئەمە کوردیەکەیەتی .. ڕووی دەمم لە بابەکر ئاغایە کە جەنابی دوا ی ئەوەی چووە - حەسەن دەدە - ی لە شوێنی خوی دانا لە پژدەر دوائی ئەوە سەری منی داو منیش ئەم شیعرەم بۆ دانا ..
مامۆستا حەمە بوریش لە نەجمەدین مەلای بیستووەکە ئەم هەڵبەستەی بە نەخوشی لە خەستەخانەی بەغدا) و تووە .

### لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە :

(١)- صنف : مەبەست لە هاواڵ و دۆستانە لە مەشموورەکان . شاعیر بە دڵشکاوی یەوە ئەڵێ : لەسەر ئەو هەموو دۆست و هاوڕێ فرمانبەرانەما کەسێکە نەبوو پێی بنێتە خانە کاولەکەی غەفوورەوە.
(٢)- حیشمەت : نەزاکەت : بەلأم لێرەدا بە واتای مەزنی دێت .
(٣)- موور : مێرووله .
شاعیر خوی بە بچوکترین بەندەی گەورکەی خوی ئەزانێ ، داواکارە وەک حەزرەتی سلێمان چۆن ئاگای لە مێروولەش بووە هەروەها ئەو گەورەیە ش ئاگای لە شاعیر بێ .

ئەو لەبەر خاتری یووزباشی و من خاتری خوْت
بوْ هوما سایە ، هەموو دەم هەیە گەر باز و عبوور (٤)
گەنجی قارون چی یە ؟ بوْ صەرفی قدومی جانان
کە ببیْ بەڵکو دەبەخشم لە قدومتا لاهوور (٥)
وا ئیعادەی دەکەم ئەو چوْغەیی فەرتووتی عەتیق
کە گەلیْ ناوشان و مل و قوْلی دڕاوە بە ڕەروور
لازمە ، بەڵکو کە بیدەیتە غولامیْکی فەقیر
چونکە بوْ من بەسە " میرزام " و بە لوتفت مەغرور (٦)
عەرزی موستەغنی بی ئەحواڵی گەدا چوْن دەکریْ
سەربەسەر خانە دەکا ، ئەو بە قەناعەت خاپوور (٧)

---

(٤)- یوزباشی : یووز " بە تورکی ( . . ١) و (باشی) سەروْکْ واتە (رائد)ی ئیْستە و پلەیەکی سەربازی سوپاس عوسمانی بووە .

- هوما : باڵندەی بەختەوەری .. تەنانەت ئەگەر سیبەری " هوما " واتە ( سیمرغ ) بەسەر سەری هەر کەس بکەویْ ئەبیْ بە پاشا لە فوْلکلوْردا هەیە :

هەر کەس لە خەودا ببینیْ موْرخ و ماهی
عەجەب سەری نەگات بە پادشـــاهی

شاعیر لە بەیتە شیعری یەکەیدا ئەڵیْ : سەردانەکەی " حەسەن دەدە " ت و دانانی لە جیْگەی خوْت لەبەر خاتری یوزباشی بوو چونکە زاوای بوو ، هەر وەکْ سەردانەکەی منیشت لەبەر خاتری دڵی خوْت بووە ، هاتنەکەت وەکْ سایە " هوما " و " باز " ە بەسەرمەوە و پیْی بووم بە شاه .

(٦)- میرزا : نازناوی خویْنەوار و ڕوْشنبیر و هوشیاری جاران بووە .

(٧)- گەدا : هەژار ، داماو ، نەدار . واتەچوْن چاو لە داواو خستنەڕووی حاڵ و باری نەدار ئەپوْشریْ ، کە ئەو بەقەناعەتەوە خانەو ماڵیْ سەربەسەر لە پیْناوی توْدا خاپوور ئەکا .

## پیتی " ل "

(٧)

- دەردی سۆفیگەری دڵ .

ئەی موسوڵمانان عیلاجێکم بکەن شەیدایە دڵ
کوشتەیی خاڵی سیاەو پەرچەمی تاتایە ، دڵ
والەوو سەرگەشتەوو ، حەیرانم وەکو مەجنون لە چۆڵ
عاشقی خاڵ و خەت و ڕوخساری مەهسیمایە دڵ
عیزەتی نەفس و حەیاتم بۆ نەماوە زەڕەیی
مەست و مەدهۆش و زەدەی تیری موژەی لەیلایە دڵ (١)
چین لە گوڵشەن داوە ، هەر کەس فیکر و هۆشێکی ببێ
مایلی گوڵ دەستەیی شاهی جیهان ئارایە دڵ
گەشتو گوڵزاری جیهان بێ سوودە ، عەیش و لەززەتی
بەستەیی بەندو کەمەندی موشفیقی مەولایە دڵ (٢)
ئارەزوو ناکەم مەتاع و ماڵی دنیای دوون پەرست
مایلی جام و سووراحی و بادەیی سەهبایە دڵ (٣)
شین و فەریادی سبەینانی هەدەرچوو عەندەلیب
خالە " میرزا " ش جانفیدایی کۆی شەهی بەغدایە دڵ (٤)

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : ئەم شیعرە لە لاپەڕە (+ ٨٤)ی کەشکۆڵەکەدایە و شاعیر بۆ شێخ

---

عەبدولقدری گەیلانی وتووە .

(١)- مەدهۆش : سەرسام ، واق ورماو ، سەرا سیمە .

(٢)- کەمەند : پێوەنێکی گوریسی یە ، بەلاَم لێرەدا مەبەست لەڕوشتەی نێوان شاعیر و خۆشەویستەکەیەتی کە بارێکی سۆفیگەری یە ( کەمەندکێش ) ..
جگە لەوە سرفی لەکاتی خەلوە و خەتمی سۆفیانەشدا خۆیان لە " کەمەند " ئەدەن ..

(٣)- سەهبا : صهبا : ئال و سوور .

(٤)- شەهی بەغدا : شێخ عەبدولقادری گەیلانی .

## پیتی " م "
## " ٨ "

### - بۆ شێخ مەحمودی حەفید -

ڕفیـقانِ ئـێوە نـازانـن ؟ لـەبـەرچـی شـادو خـۆشـنـودم
" بحمداللە " کە مـەحـسوب و غولامی شێخ مـەحـمودم (١)
ئەگەرچی خۆ لە سایەی لوتفی باری و جەددی کاکە ئەحمەد
ئـەمـن نیـمـە لـە دنـیـادا بـەکـەس ئـومـێد و مـەقـسـودم
بـە سووئی ظـەن مـەڵێن : بـۆ خاتری جیفـە و تـەمەع وایـە
بـە قـوربـانـی دەکـەم سـەرجـومـلـە مـاڵ و وجـودو مـەجـودم
زەمـانـێکـە بـەجـیدی ، بـوومـە پـا بـۆسی سـەگـی گـەیـلان
ئەویش لەو نەسلەیی زاتێکە ، حوببی ڕەبی مەعبودم (٢)
بـەشـارەت ، کـوا ؛ لـەوە خـۆشـتـر لـە زومـرەی ڕیزە خـوارانم
لـە خـۆشـیـدا چـلـۆن نـەمـرم ، لـە مـەحـسـوبـانـی مـەعـدودم
وەرن ئـێوەش ، لـە دڵ دەرکـەن ، خـەیـالی پـووچـی دنـیـایـی
نـیـهـایـەت بـی سـەمـەر دەڕوا بـە زایـع عـومـری مـەفـقـودم
چ خـۆشـە فـرسـەتـم بـێ ، بـۆ زیـارەت بـچـمـە خزمـەتـیـان
جەنـابی غـەوسی گـەیلانی و مـەلـیـکە مەحـمود ئـەوە سودم

---

**لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە :**

(١)- خۆشنود : شادمان ، دڵخۆش .

(٢)- پا بۆس : پێی " یان " قاچ ماچکەر .

- نەسل : وەچە ، نەوە ، لێرەدا بە واتای ڕۆڵە دێ .

واتە : ئەوە ماوەیەکە بە ڕاست و دروستی بەر پێی سەگی دەرگای حەزرەتی گەیلان ماچ ئەکەم ، کەواتە کاری شاعیر عەشق و خۆشەویستی ئەو خوایەیە کە ئەیپەرستێ .. لەوە ئەچێ وشەی ( حوببی ) " مەحبوبی " بێ .. هەرچەندە دەربڕینێکی کوورە .

"٩"

## یادی نیشتمان (*)

دەخیل بادی صەبا؛تەشریف بەرە بۆ خزمەتی یارم
بکە عەرزی خلوصی "من" کەوا مەحرومی دیدارم (١)
دەمێکە دوور لەیار و مەوطن و دیداری یارانم
بەداغ و فرقەتی دووری زەلیل و دڵ بریندارم
دەرونم پڕ شەراڕەی حەسرەت و هیجرانی یارانە
خودا کەی بێ بکا ڕەحمێ؛ بە حاڵی خەستەیی زارم
هەتاکەی دڵ لە غوربەتدا بناڵێنێ لە میحنەتدا ؟
بمێنم من لە حەسرەتدا ، نەبێ کەس بۆ مەدەدکارم
بە سوزی ئیشتیاق و چەشمەیی سەرچاوەی چواریاغ
بناڵێنێ و بسووتێ سینەیی پڕ دەردو ئازارم
لە سینەمدا گەڵی داغە ، هەوای جۆباری کانیسکان
زەمانێ ، ئەو بوو ڕێباز و مەقام ئاهووی تاتارم
حەیات؛ بوو چەشمەساری سەرچنارو کانیی ناوگردان
ئەمێستا بوتە مەئوا و مەسکەنی سەرجوملە ئەغیارم

---

(*) دەقی تەواوی ئەم قەسیدەیە لە لاپەڕە ( ١٥ - ١٦ ) ی ژمارە (٣٨١)ی گۆڤاری "پەیام" ی ڕۆژی دوو شەممە ١٩٥٥/٢/١٤ دا بلاوکراوەتەوەو ناونیشانی "یادی نیشتمانی بۆ دانراوە ، بۆیە منیش هەمان سەرناوم بۆدانا ، هەرچەند شاعیر خۆی لە دەستنووسە کەیدا سەرناوی "کەلامی میرزا غەفوری حاجی عومەر" ی داوەتێ .

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە :

(١)- شاعیر ئەم قەسیدەیەی لەسەر شێوەی چامە بەناوبانگەکەی شاعیری هەلکەوتوو "نالی" ی مەزن دناوە کە لە شامەوە بۆ سالمی ئاوەڵی ناردووەو سەرەتاکەی بەمجورە ئەدوێ :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مەرور
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزور

ـ قەسیدەیە سۆزو خۆشەویستی و عەشقێکی بێ وێنەی لێوە هەست پێدەکرێ ؛ ئەویان لە شامەوە و

مەقامی دەشتی کۆڵک ، زاهیرا مابێ بە سەیرانگاە
وەیاخو بوٚتە جادەی ئوتمە بێل و " .... سوارم(٢)
دەبێ سەیرانی داری شێخ عەباس مابێ وەکو جاران ؟
بەسەبزەزار و پڕگوڵ بێ وەکو دوو چاوی خونبارم
مەگەر ویرانە چاوەی کانی ماسی یانە هەر وەك خوێ
ئەمێستاش پڕ لە مورغ و ماهی یە ماوە بە ڕووبارم
بڵێی پێش تەکیەکەی شێخ مارفی مەرحوم دەبێ چوٚن بێ؟
لە دەست تەیارە و بوٚمبای زەمانی پارو پێرام ؟
محەللەی سەرشەقام وەختێ کە جادەی قاپی بەغدا بوو
ئەمێستا بوٚتە جادەی ئوتمەبێل بوٚیە غەمبارم
بە سەردی و خوٚشی ماوە ئاوی حەوزی خانەسووتاو یان ؟
ئەویش سەرچاوەکەی لیلە،لەدەست چەرخی کەچ ئەتوارم؟(٣)
خەتای چەرخی دەنی تەبعە ، کەوا من دڵ پەرێشانم
کە دیدار ئاخری کردووم ، خودا بگرێ سەبەبکارم
خودایا فرسەتم دەی بەڵکو تا چاکی گریبانی
نەگرتووم و ئەجەل ماوەم ؛ بچم بوٚ خزمەتی یارم
دەمێکە " خاڵە میرزا " ئارەزوومەندی " زیارەت " یە
لەخزمەت زاتی" کاك ئەحمەد "بەسە لەم ژینە بێزارم

ئەمیان لە چیاکانی پژدەرەوە و نزیك شاریشە ا ... کە لە سەردەمێکی دەربەدەری ساڵی ١٩٢٤دا وتوویەتی و هەر وەکو لەم دواتاکەدا دەرئەکەوێ ئەمەی بوٚ شێخ مەحمودی حەفید ناردوە .

(٢)- دەشتی کۆڵک : لە زوودا گوٚرەپاتێکی ناو شاری سلیمانی بوو لە نزیك ئەسحابەسپی بوە و جێگەی سەیرانی جەژنانی منالان بووەو چەرخ و فەلەك و کورسی و خواردەمەنی لێدائەنرا .

(٣)- خانە سووتاو : خانێکی گەورە و کوٚنی فراوانە و نزیك خانەقای مەحوی یە ، لەم دواییەدا بوٚ مەبەستی کاروباری توتن و بازرگانی بەکار ئەهێنرا .

# هانای شاعیر بۆ جەمیل ئاغای قائیمقامی

## ( کۆیە )

بە ئومێدی نەسیمێکم ، صەبا بێنێ لە کوێ یارم
دەڵێم بەڵکو لە دڵ دەرچی مەراقی پارو پێرارم
بە نەوعێکی وەها دەردو ئەلەم سەرباری خاترمە
لە گەرداوی غەما غەرقم لە عومرو ماڵ ، بێزارم
عیلاجم ناکرێ بیللا بەسەد عیلمی فلاتوونی
بە غەیرەز لوتفی مەولانیم نیگاهی چاوی دڵدارم (١)
لە تەقسیر و سیەڕوویم ، لە ڕووم نایێ تەمەنناکەم
قوبوولم کەن بە مەحسووبی سەگانی کوێی سەردارم
ئەسەف ناخۆم ،لە دەس جەوری زەمانەو میحنەتی دەوران
ئەزەل تەقسیمیی واکردوە ، بە دایم دڵ بریندارم
خۆشە گەر دڵ بریندار بێ ، بە دەردی عەشق دووچاربێ
سەرو ماڵی فیدای یاربێ ، مەگەر حەق خۆی بکا چارم
دڵی " میرزا " یی بێ چارە ، زەمانێکە بریندارە
بە تەقەیرەی گرفتارە ، بە ئومێد ڕەحمی سەتتارم

---

(*)- ئەم شیعرە لە لاپەرە (+ ٨٣ ) کەشکۆڵەکە دایە .

لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە

———— : دەردەکەم ئەوەندە سەختە ، بەسەد زانستی ئیفلاتوون ئاسایی چارە ناکرێت . هەر لەبەرئەوەیە : جگە لە چاوی بەزەیی خواوەند و نیگاری دڵدارەکەم کە هەر ئەو دوانە پاک و دڵسوزن ، بە تەمای سۆزی کەسی ترنیم .

- ١١ -

## ( له خوا پاڕانەوە )

هەدەر دەڕوا ؛ هەموو عومرو حەواسم

لە غەیری تۆ کەسێکی تر بناسم

"معاذللّه" نی یە ؛ هەمتای تۆ کەس

ئەتۆی خەلاقی جوملەی عام و خاسم (١)

ئەمن عەبدێکی مەزلووم و زەلیلم

" بحمد اللّه " ئەتۆ " واحد " دەناسم (٢)

زەمانێکە بەدەرد و غەم گرفتار

بووم و هێشتاکو هەر مینندەت شوناسم

تەمەننامە ؛ لە قاپی ڕەحمەتی تۆ

دەوای دەردم عەتا فەرمووی ؛ کەساسم

وەکو کوتر دەناڵم ؛ شەو هەتا ڕۆژ

سکوونم بۆ نی یە ، سەرسام و کاسم

لە گولگەشت وچەمەندا ، چی لە گوڵ کەم

بە ڕوو زەرد و بەسەر بەرگی پەلاسم (٣)

لە فکر و حاڵەتی مەرگم پەشێو م

بە ڕەحمی تۆ نەبێ ؛ نابێ خەلاسم

کەسێکم عەبدی تۆو ئوممەت بە ئەحمەد

لە ئەسبابی سەلاحت بێ لباسم

*****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە :

(١)- " معاذ اللّه " : هانابردن بۆ پەروەردەگار . (٢)- واحد : مەبەست خواوەندی تاک و تەنیایە شاعیر خوی بە بەندەیەکی زەبوون و کلول دائەنی و پەنا بو زاتی پاکی یەزدان ئەباو هەر " ئەو " بە تاکی تەنیا ئەناسێ . (٣)- پەلاس : بەرگی کون و چلکن ، لە چلکا وەکێ چەرمی لیهاتووە .

- ١٢ -

## (گلەیی لە بابەکر ئاغا )

لەبەر بێ لوتفی ئاغامە کەوا من ئامشۆ ناکەم
زەمانە وەزعی گۆڕیوە ، سیاسەت عەرزی تۆ ناکەم (١)
بەجدی مودەتێک من جانفیدایم کرد بە ڕوح و ماڵ
گوتم : بۆ ڕۆژی خۆی چاکە ، زەمانی جستو جۆ ناکەم
بە دەستووری فەلاح وباغەبانان بەزری نیکیم چاند (٢)
بە ئومێدی خودا و تۆ بووم ، گوتم : خۆم ڕەنجەڕۆ ناکەم
بە وەللاهی هەتا دەمرم؛لە دنیادا بە یەك ڕەنگی
ئەوی کردومە تا ئێستا ، ئەوی دەیکەم درۆ ناکەم
لە سایەی خواو سەری تو ڕامبوارد چەند ئەییامە
بە دەروێشی و قەناعەت فەرقی سەدری و نانی جۆ ناکەم

(*) - شاعیر لەسەرناوی ئەم شیعرەدا بە فارسی نووسیویە " از کم میلی بابکر آغا همینی دنویشتم م " واتە : ( لە کەم مەیلی بابەکر ئاغا ئەمەم نووسیوە ) . ئەوە لە ناوەروکی شیعرەکەدا ئاشکرایە لێکوڵینەوە و لێکدانەوە

(١)- ئاغا مەبەست بابەکر ئاغایە قائمقامی ئینگلیزەکان بووە . لە قەلادزە .. بەلام هۆی زیزبوونی شاعیر لە شیعرەکەدا دیارە - سیاسەت : لێرەدا مەبەست " فرت و فێڵ " ە ، بە واتا ڕامیاریش دێت
(٢)- بەزر = بذر : توو.
- نیکێ = چاک ، باش .
واتە : هەر لە شێوەی جوتیار و باغەوانان هەڵوێستم نواند کە ئەڵێن : " چی بچێنی هەر ئەوە ئەدرویتەوە " . لام وەها بوو کەوا بە هیوای خواوەندی گەورە و " تۆ " وە خۆ ڕەنجەڕۆ نابم بەلام دیارە دوای کڵاوی با بردوو کەوتبووم .

لەگەڵ وەزعی زەمانەم ڕابوارد ، هەرچەند کە بێ سوودە
ئەوی دەیڵێم : خەتای بەختە ، قسەی ڕابورد و نۆ ناکەم
وجوودی بێ نموودی من؛ چی‌یە گەر بێ و نەبی چی بێ؟
سیاسەت لازمە ئەمڕۆ ، بەسە هیچ گفت و گۆ ناکەم
غولامێکی فیدایی بووم ، لە ڕۆژی ئەوەڵ وئاخر
دەزانم سووئی تالعمە ، لەمەولا شیر بە دۆ ناکەم
حقوقی نیعمەتی تۆم هەر لەبەر چاوە و لەسەر چاوە
لەبەر بێ چاو و ڕوویی خۆمە بۆیە هات و چۆ ناکەم
خەیاڵم وایە ڕحلەتکەم لە پژدەر گەر نسیب ڕێدا
وەتەن یادم دەکات و من کە یادی مەرگەمو ناکەم (٣)
وەفای خۆم قەت بە زایع نادەم و خۆم بێ وەفاناکەم
ئەگەرچی هەق نی یە وابێ ، بەڵێ.زامم بەسۆ ناکەم
برنجی شەرت وەفایە ، بو هەموو عالەم لە دنیادا
لەبەر ئەو حاڵە بێ حاڵم ، کەماڵی خۆم لە تۆ ناکەم (٤)
ئەوەندە من لە دنیادا لە خدمەت تۆ فیدایی بوم
بە خانووی تازە ئەجرت دامەوە مەسرەف بە تۆ ناکەم

****

---

(٣)- مەرگەمو : وا دەرئەکەوێ مەبەستی " مەرگە " بێ و بە مەرگەمو یان مەرگەمووشی داناوە . واتە: کوژەرە .

(٤)- برنجی : وشەیەکی تورکیە بە واتە : " یەکەم " " یەکەمن " یان باشترین .

## ( ڕازی دەروون )
٭

خەیاڵم بوو لەدەس پیری دەمێ مەیلی جوانیکەم
بەخت نەیهێشت کە طیفلی دڵ، کەمێکی میهرەبانیکەم
بەشەو پەژموردەیی فیکر و غەم و دەرد و خەیاڵاتم
سبەینێ پێم دەڵێ چۆن بێ ؟ عیلاجی عومری فانیکەم (١)
لەگەڵ ئەم بەختە بەدبەختم وەها دووچاری میحنەت بووم
بە هیچ جۆرێ خەبەر نابێ دەبێ چۆن زیندەگا نیکەم (٢)
لەدەس عەکسی زەمانەی دوون ، لە دڵ نەمدی ئەمن ساتێ
وەکو کۆتر نەناڵێنێ ؛ هەتاکەی نا تەوانیکەم
فەلەک چەرخی کەچت تاکەی لەگەڵ من هەر لەسەرقینە ؟
دەبێ تاکەی ئەتۆ چاوت لە ئەرض و من ئاسمانیکەم
جەنابی حەق تەعالا فرسەتی " میرزا " بدا ئەمجار
بیحەمدیلا بە مەردی من لە " موطن " پاسەوانیکەم
لە خزمەت ئاستانی حەرزەتی کاک ئەحمەدی مەرحوم
لە سایەی " ئەو "منیش بەڵکو؛بەڕەحمەت جان فشانیکەم
٭٭٭٭

---

(٭)- ئەم شیعرە لە لاپەڕە (+ ٨١ )ی کەشکۆڵەکەدایە .

### لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە
:

١- پەژموردە : پەرێشان ، ئاڵۆز .
واتە: بەشەو ەگێژنەی خەیاڵی دەرد و ناڕەحەتی و مەینەتیدام کەچی هەر کە ڕۆژئەبێتەوەبەخت ئەمخاتە سەر کەڵکەڵەی چاری تەمەنی بەفیڕۆ چووی خۆم .
(٢)- لە هەر دوو سەرچاوەکەدا وشەی " جۆرێ " یان تیا نەبوو ، بەیتە کە لاوازئەبینرا ،

## - ١٤ -

## ( بەیادی کاکە ئەحمەدی شێخەوە )

بفەرموو چاوەکەم ، ئەم جەژنە بۆ تۆ قوچی قوربانم
هەموو دەم وەکە غولام و زەرخریدە و بەندە فەرمانم (١)
لە داخی فیرقەت و دووری ، لە سەد جێ پارەیە جەرگم
بە هیچ نەوعێ دەوام نابێ ، مەگەر خۆت بی بە لوقمانم
لە خۆشی وەعدەی دیدارو وەسڵی ، تیغی گەردنمە
هەموو ڕۆژم لە لا جەژنە کە مەحسووبی غولامانم
دەسا فەرموو بەسەر وەقتم ، هەتا جوزئێ ڕەمەق ماوە
نەوەکە هەنگامەیە ، بینێ ، ئەجەل نەتکا بە میوانم (٢)
لە پێناوت دەنێم ، سەد ڕوحی شیرینم بە تەشریفت
بە شارەتمە ، ئەگەر یەکدەم ، لە شادی دەربچێ گیانم
سەگێکم ئاستان بۆسی ، جەنابی حەرزەتی شێخم
مەگەر هەر ئەو بە لوتفی خۆی ، تەمەنناکا گوناهانم
سەرم هێنایە ، تابی تۆ ، جەنابی زاتی کاک ئەحمەد
تەمەننای زەڕەیە ڕەحمم ؛ بفەرموون بۆم لە ڕەحمانم
خوداوەندا ، بە حەقی زاتی " خۆت" و " ئەو " حەبیبانەت
قویولکەی ئارەزووی " میرزا " ئەگەر ڕوو زەردی دیوانم

****

---

( * )- ئەم پارچە شیعرە لە لاپەڕە (٨٢)ی شکۆڵەکەوە وەرگرتووە .

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : (١)-زەرخریدە : لە فەرهەنگی عەمید لە لاپەڕە(٥٦٩)دا بە واتای :
(کنیز - کەنیزەکێ )کارەکەرو بە ڕەدەست هاتووە .

(٢)- بە پێی ئەم بەیتەو بەیتی پێشو وەهای بۆ ئەچم ؛ ئەوی جێگیر بووە کەو حاجی کاکە ئەحمەدی شێخ لە سالی (١٨٨٧)کوچی کردوە لەو کاتەدا تەمەنی، شاعیر (١٦)سالان بووە و ناشێ ئەم شیعرەی لەو ساڵەدا دانا بێ بەشکو هی دەور و بەری تەمەنی (٤٠)سالانیی بێ ، ئەو دەمە لەوانەیە شاعیر سوفیەکی " قادری " و پەیڕەوانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و حاجی، کاکە ئەحمەد بوو بێ کە لەو تەمەنەدا حاجی کاکە ئەحمەد(٢٤)سالێکە بووە مردوە کەواتە لەم شیعرەدا داخوازی تەشریفهێنان و ئامادەبوونی کردوە لەوە بووە کە لە خەودا یا لە " جەزبە " ، " حاڵ " لێهاتندا بە دیداری شاد بوو بێ .

## - ١٥ -

# ( لە نەخۆشیەکی گراندا )

غەمێکم لێبخۆن یاران ، نەخۆشێکی پەریشانم
ئەگەر ئێوەش غەمم ناخۆن ، خەبەرکەن قەوم و خوێشانم
بڵێن : با بێتە سەر وەقتم برازاو خوارزا و خاڵم
دیارئاخر نەبم حەیفە بە بێ کەس دەربچێ گیانم (١)
بە مەعلوومی دەزانم دەردی مەرگە وا یەخەی گرتووم
لەدەست پەنجەی ئەجەل زەحمەت خەلاسی بێ گریبانم
ئەسەف بۆ مردنم ناخۆم ؛ وەلێ بۆ بێ کەسی خۆمە
کە شەو تا ڕۆژ دەناڵێنم نی یە کەس بێتە میوانم
نەخۆشی خۆشە لاکین دەردو میحنەت بوتە سەربارم
مەگەر لوتفی خوایی بێ ببەخشێ دەردو دەرمانم
بەسەد لوقمان و ئەفلاتون عیلاجی دەردی من ناکەن
غەریبی و بێ کەسی خۆم بوتە عیللەت لیم ، کە دەیزانم
بە بێ کەس مردنم پێخۆشە من ، بۆ ئاخیرەت ..چاکە
خودا خۆی بێ کەسە ، بەڵکو بکا ڕەحمێ بە ئیمانم
گەلێکم حەسرەتە ، چونکە لە دوو ئەولادی نەسلی خۆم
یەکێکم بۆ نی یە مەجوود بلێ:من گوێ لە فەرمانم (٢)

****

---

**لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە** : (*)ئەم شیعرە لە لاپەڕە (٩)ی کەشکۆڵە کەدایە .

(١)- لە کەشکۆلەکەی کاکە ئەحمەدا لە تەنیشت وشەی " وەقتم " " قەبرم نووسراوە .. بەلای منەوە وەقتم لەگەڵ سەرجەم واتای بەیتەکەدا ئەگونجێ .

(٢) نەسلی خوم : لەبەری خوم ، لە داوینی خوم .

شاعیر ئەڵێ : گەلێ غەم و پەژارەمە ، چونکە لەو دوو کوڕەی هەمە لە ساتی ئەم پەرێشانی یەمدا یەکێکیان لام ئامادە نەبوون و گوێ ڕایەڵی خواستەکانم نەبوون ، لێرە پەنجەی بۆ کوڕەکانی " میرزا کەریم و حاجی حەمە غەریب " درێژ کردوە کە جۆرە گازندەیەکی تیایە لەوان !

## ( پاڕانەوە لە سەرمەرگدا )

خوداوەنـدا دەزانم مـن گـەلـێ مـەئـتـووك و عـوصـیـانم
خەجالەتمەند و مەحجوویم لە کردەی خۆم پەشیمانم
بەشەر بێ مەعصیەت نابێ ؛ منیش عەبدێکی مەزلومم
غەریب و بێ کەسم ؛ یارەب نی یە کەس بێ بەرەهبانم
ئەمن عەبدێکی داماوم پەرێشان حاڵ و بێچارە
لە عالەمدا بە مەعلوومی سەفیل و کوێر و نادانم (١)
گرفتاری بەلاو دەردو مصیبەت بووم بە کەس نالێم
عیلاج و چاری دەردی خۆم کە دنیا بێ بە لوقمانم
ئەسیرو بێ نەوا کەوتووم ، دەناڵێنم بەشەو تا ڕۆژ
بەرووزەردی تەمەننامە لەقاپی تۆیە دەرمانم
بە غەیرەز زاتی تۆ یارەب پەناهێکم نی یە چبکەم
خوداوەندا دەوای دەردم ببەخشە یا گوناهانم
دەزانم لوتفی تۆ زۆرە لە هەق ئەحواڵی مەزلومان
منیش وا جانفیدای کوێی سەگی، دەرگاهی گەیلانم
ئەوا کەوتومە بازاری عەتاو لوتفی کەریمی تۆ
بەخششی و دەمکوژی خۆشە؛ ببەخشە جورم و عوصیانم
ئەوا هاتە نیهایەت مودەتی عومری عەزیز یا ڕەب
غەفوریی تۆیە ، ئومێدم بە تۆیە ، تۆی نیگەهبانم (٢)

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: (١)-سەفیل : سووك و ڕیسوا بە واتای زبوون و داماو و کەنەفتیش دێت.

(٢)- لێرەدا " غەفور " لە ڕووی ڕەوانبێژی یەوە بە دوو واتا دێ ، هەم ناوی شاعیر خۆیەتی و هەم سیفەتێکی بەرزی خودایەو بە واتای بەخشندەیی و لێخۆشبوون دێت .

- ١٧ -

## ( ڕزگاربوونی شاعیر و پژدەر لە فرمانداریەتی ئینگلیز )

گەلێ پێم خۆشە ئەم حاڵە ، کە بێ خوف و موحابا بووم
لە سایەی غەوسی گەیلانی ، لە بەندی غەم بەرەڵڵا بووم
ئەوەندەی سەرفی عومرم کرد لە پشدەردا ، هەدەر بوو چوو
کە نەمزانی لە سایەی نەخلی بێ بەرگ و سەمەر دابووم
لەگەڵ لات و لەوارو پێستە خۆری دەوری عوسمانی
لەداوی "ساحیب"ی " ناساحیبا " مۆدێک لە بەندا بووم (١)
بە ئومێدی شەرەف هەر کەس لە پشدەر ئیستقامەتکا
لە حەسرەتدا دەبێ بمرێ و بڵێ: چۆن تووشی سەودا بووم
لە دەستی " سوورفل "ی" چاوشین "ی طینەت پیسی ئیبلیسی
بەڵێ وەک " یوسفی کەنعان " کە زیندانیی زوڵەیخا بووم (٢)
بەناهەق لەو تەلیسماتە هەموو عومرم بە زایع چوو
چ حاڵی بوو ، هەموو وەقتێ لە گەرداوی خەتەردا بووم

---

(*)لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

---

(١)- ئەم بەیتەم لە دەستنووسەکەی مامۆستا حەمە بۆرەوە وەرگرت و لای من نەبوو ، مەبەستی شاعیر لەم تاکەدا ئاشکرایە " ساحیب " مەبەس لە ئینگلیزە و لە کوردەواریدا و وەهایان پێ ئەڵێن و ئێمەش ئەو پێناسەیەمان لە " هندستان " وەرگرتووە ، شاعیر ئینگلیزی بە نادروست داناوە .

(٢)- سووری چاوشین و ڕەوشت شەیتانی مەبەست لە ئینگلیزە .

چ عومری بوو ، به بیهووده ، نه بۆ خوا بوو ، نەبۆ بەندە
عەبەس ڕۆیی لە جادوودا ، لە زومرەی جانەوەردا بووم
بە وەڵلاٚ هەق بەدەستم ، گەر بڵێم ویژدان گوریزی کرد
لەناو ئەو قەومە بێ مەغزە ، منیش بۆیە تەولـلا بووم
بیحەمدیللا نەجاتی بوو لە کابووس ، موڵک و میللەتمان
وەکــو من کەبک ئاسا چۆن لە چوار چێوەی قەفەسدا بــووم
وەکو"پشدەر" لەبەندی پیســی ئینگلیز خەلاسی بـــــوو
لەداوی"کیبر" و" بێ هۆشی"یش ڕەها بێ؟من بەپاشا بووم؟(٣)
تەماشای " خاڵە میرزا " کەن ؛ دەڵێ عومرم لە نوێ نووسرا
لە " ئەعراف " م خەلاسی بوو،لە دنیا جورم پەخشابووم

****

(٣)- شایانی باسە بەیتی [ ٧ ، ٩ ، ١٠ ] تەنیا لە دەستنووسەکەی مامۆستا حەمە بۆردا هەبووە و لەوێوە وەرمگرتوون .

## ( هەڵنانی غەوسی گەیلانی )

یا ئیلاهی ؛ من سەگی دەرگایی زاتی غەوسی تۆم
مولتەجیی پڕ هیمەت و زات و سیفاتی غەوسی تۆم
ئاستان بۆسی سەگی دەرگاهی غەوسم ڕۆژو شەو
ئینتزاری زەڕەیی لوتف و بەراتی غەوسی تۆم
عاجز و زار و زەلیل و دەردەمەندو دڵ حەزین
گەرچی دائیم شادمانی ڕێی نەجاتی غەوسی تۆم
گەرچی ڕووزەردم لە قاپی تۆ ، وەلی ئومێدمە
بۆ کەریمی تۆ ، بە ئومێدی خەلاتی غەوسی تۆم
" رحمة للعالمین " ، تۆ و منیش عەبدی زەلیل
ئوممەتی شای ئەنبیاو توشنەی فوراتی غەوسی تۆم (١)
بێ پەنا و مەلجەئم ، نیمە بە غەیرەز ڕەحمی تۆ
چارەیی خۆم هەر بە ئومێدی سەباتی غەوسی تۆم
" ئەو " کە " تاجولعارفینە " ، قودوەیی ئیمان و دین
بازی ئەشهەب غەوسی گەیلان بەر حەیاتی غەوسی تۆم(٢)
وا بەتاو دەڕژێ لە دیدەی " خاڵە میرزا " ئەشکی خوێن
بێ ئیرادەم هەر بە ئومێد واریداتی غەوسی تۆم
****

(*) لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : (١)- توشنە : تینو . شاعیر هەر ڕوو لە خوای گەورە ئەکا و ئەڵێ : تۆ خێر و بەزەییت بۆ هەموو دنیا و منیش بەندەیەکی زەبوونی توم ، هەر بۆیە خۆم بە ئوممەتی پێغەمبەر ئەزانم و تینووی ئاوی فوراتی بەهرەی غەوستم .

(٢)- شاعیر ڕوو لە بارەگای پەروەردگار ئەکاو ئەڵێ : " ئەو " واتە : غەوسی گەیلانی ؛ بازی ئەشهەب و تاجی خواناسان " عارفان " ە ی لەسەردایە و ڕابەری ئیمان و دینە .

## ( لە خوا پاڕانەوە )

خوداوەندا ؛ بە ئومێدی عەتا و لوطف و کەرەمی تۆم
ئەمن ؛ وا ئیعترافی پێدەکەم ، جورم و گوناهی خۆم
غەریقی مەوجی عوصیانم ، سیەهـ ڕووی ڕۆژی دیوانم
بە ئومێدی عەتای ڕەحمم ، خەجالەتمەندی قاپی تۆم
پەناهێنندە بە دەرگاهی جەنابی حەزرەتی شێخم
دووەم کاکە ئەحمەدی مەرحوم ، لە دوو قاپی بەدەر نارۆم
ئیلاهی من ، ئەگەرچی بەندەیەکی مەعصیەتبارم
بە ئومێد ڕەحمی تۆم و هەم ، ئەمینم بۆ شەفاعەت بوم
سزاواری جەزام و موستەهەقی ڕەحمەتی تۆشم
کە فەرموودەی جەنابی خۆتە من غەففاری عەبدی خۆم (١)
بە مەعلوومی دەزانم شافیعی ڕۆژی جەزا کێ یە
لە سایەی ئەو شەفیعە ، بێ ئومێد نابم کە عەبدی تۆم
ئەتوش بۆ خاتری خوێنی شەهیدانت تەمەننامە
ببەخشە جورم و عوصیانم کە هەر موحتاجی ڕەحمی تۆم

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

---:

(١)- غەفار : غَفّار : بەزەیی و میهرەبانی بە واتای لێخۆشبوون لە گوناهیش دێت .
راتە : لەگەڵ ئەوەی شایستەی جەزام بەڵام هەر موستەحەقی شەپۆلی بەزەیی و میهرەبانیتم ، چونکە فەرمووتە : من لە بەندەی خۆم خۆش ئەبم .
ئەشێ شاعیر مەبەستی لە تێهەڵکێشی وشەی " غەفار " ئامازەی بۆ ئایەتی (١٠٢) ولەسورەتی : التوبه " کرد بێ کە ئەفەرموێ (وآخرون اعترفوا بذنوبهم خلطوا عملاً صالحاً وآخر سيئاً عسى اللّٰه أن يتوب عليهم إن اللّٰه غفور رحيم ) .

- ٢٠ -

## ( بۆ شێخی گەیلانی )

زەمانێکە لەدەست بەختم ؛ خەریکی زایەڵەو شینم
سەراپا تا بەدامەن ، غەرقی مەوجی ئەشک و ئەسرینم
بەشەو تا ڕۆژ لە زاریدام ؛ لەبەر ئازارو ئێشی دڵ
لەدەس فەریاد و ناڵەی خۆم قەرینی ماه و پەروینم (١)
کە هەمسایەن لە ناڵەی من هەموو بێزاری عومری خۆن
منیش لەم حاڵە بێزارم ، نەمانم چاکە نەک ژینم
دڵی بێ چارە دووچارە ، بە دامی خاڵی مەه ڕوویی
کە دانەو نەقشی ئەو خاڵە ، دەوایە بۆ دڵ و دینم (٢)
دڵی پەروانەوارم وا ، بە شوعلەی شەمعی ئەو سووتا
مەگەر خالق بە لوتفی خۆی بکا ڕەحمێ ؛ بە ناڵینم
ئەگەڵێ پێم خۆشە ئەم جەژنە ، خودا بمکا بە قوربانی
بە خۆڕایی نەچێ و نەڕوا بە زایع عومری شیرینم
کە دەست هەڵگرتنم نابێ ؛ لە پابۆسی سەگی گەیلان
دەڵێ "میرزا" [أباً عن جد]سەگی دەرگای"محی الدین"م

****

* ئەم شیعرەی شاعیر تەنیا لە لاپەڕە (٨٢)ی کەشکۆڵەکەی کاک ئەحمەدی حەمکۆڵدا هەبوو ، لە دیوانە دەستنووسەکەی لای مندا بەرچاو نەکەوت .

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : (١)- قەرین : لە فەرهەنگی عەمید - فەرهەنگی مفصل و مصور - دانانی " حسن عمید " لە لاپەڕە (٧٩٣) دا بەم واتایە هاتووە : [نزدیک ،هَمْدَمْ، هَمْرْ ، یار ، مصاحب ] .. کە هەر هەموو واتاکان - نزیک ، هاودەم ، هاوسەر ، یار ، هاوجووت - لەگەڵ واتای شیعرەکەدا ئەگونجێ و جوان دێن .

(٢)- لەم بەیتەدا دوو وشەی [ بێ چارە ، دووچارە ] هەم ڕەگەزدۆزی لێکدراویان دروست کردووە و هەم دووچارە کە دوو واتا ئەبەخشێ [ دووچار چارە ] و [ دووچارە - گرفتارە ] وشەیەکە - جوانی بایس - حسن لتعلیل - یەکی جوان و بەهێزی بە شیعرە کە بە خشیوە .

# پیتی (ن)

## - ٢١ -

## ( ناهەمواریی ژیان )

ئەم (دەرد) و (بەلاْ) و (میحنەت)ە وەکڵ باب و برامن
تاکەی ؟ .. بەسە ئاخر بە چ مەقصود و مەرامن
ساتێ نی یە ئارام و سکوونم بە شەو و ڕۆژ
من ویڵ و پەرێشانم و ئەو هەر لە دووامن
زۆر ترسم هەیە عاقیبەتی ببنە عەدو لێم
دائیم بە مەسەل دوژمنی خوێنی لە قەفامن (١)
زانیومە هەموو وەقت و ساعاتێک و زەمانێ
بۆ مردنم هەر سێ بەغەمن ،دەست و دووعامن
ئومێدی منیش وایە خودا ساحیبی ڕەحمە
بۆ کەیفی ئەوان نەمکوژێ " ئەو " چونکە نەفامن
میوانی منن ؛ ئەمری خودا نازلی کردوون
چارم نی یە ، پێمخۆشە کە مەئموری خودامن
هەر چەندە بە سێ دەردەوە بەینێکە دەناڵم
" میرزا " دڵی خۆشە کە خودا ڕەحمی بە عامن

****

---

(*) - ئەم شیعرە لە لاپەڕە (٨٠-٨١)ی کەشکۆڵەکەدایە .

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

:

(١)- قەفا : پشت ، دواوە ، پشت مل .

واتە من زۆر ترسی ئەوەم هەیە ئەم سێ خراپەیە: ( دەرد و بەلاْ و میحنەت ) لێم ببنە دوژمنی خوێنی .

- ٢٢ -

# (دڵی من)

سەیریکە چ پڕ شۆڕش و ئەفغانە دڵی من
وەك تورەیی دڵدارە ، پەریشانە دڵی من (١)
عالەم هەموو مەسرورە لە سەیران ولە سەحرا
جەژنی منە شادیمە کە قوربانە دڵی من
نەورۆزە بەهارە ، فەرەح و شادی یە عالەم
بەزمی منە قوربانی کەریمانە دڵی من
بولبول بە نەوا هات و دەڵێ : گوڵشەنە جێگەم
بڕوانە لەناو لالە و ڕەیحانە دڵی من
ڕەنجی عەبەسە ، هەر کەسێ مایل بە چەمەن بێ
موشتاقی گوڵی عاریزی گەیلانە دڵی من
با خۆم بکوژم هەر وەکو فەرهاد ، بەتێشە
چەند خۆشە بڵێن : کوشتەیی جانانە دڵی من

---

(*) ئەم قەسیدەیە لە کەشکوڵەکەدا هەیە .

(١)- شۆڕش : لێرەدا بە واتای پەشێوی و شۆڕ و هەلا وپڕ جۆش و خرۆش دێت .
- تورە : طُرّة : طوغرا : بەواتا شەقڵ ( مۆر)ی خەلیفەکانی عوسمانی وەمۆر " ئیمزا "ی هەرکەسێکە کەنووسینی مۆر یا ئیمزاکە بە شێوەیەکی تایبەتی بڕێتی.بە لە چەند خەتێکی پێکاچووی چەماوە کە ئەو هێلانە " ناو " یا " نازناوی " خاوەنەکەی بە نووسین پێکدەهێنن ، ئەمجا شاعیران لە کۆنەوە شێوەی ئەو خەت و نووسینەیان چوواندوە بەو تاڵە مووە کە ئەگریجە و زلف لەیەك جیا بووەوە و شێواوەی کە بەسەر تەختی گۆنای خۆشەویستە کەیانەوە بووە وەك شاعیرمان لێرەدا پەریشانی دڵی خۆی بە شێوە پەریشانیەکەی نووسینی تورەکە داناوە .

وا مەستە بە بادە و مەیی گوڵڕەنگی ڕوخی دۆست
تا ڕۆژی جەزا ساحیبی عینوانە دڵی من
مەخمووری شەراب و مەیی جام و قەدەحێکە
بەو نەشئە ، لەسەر تەختی سلێمانە دڵی من
پێم خۆشە ئەگەر دڵ وەکو پەروانە بسووتێ
چونکە لە ئەزەل ئەمری بەسووتانە دڵی من
وا خەرمەنی عومرم لە هەناسەی دڵ ئەسووتێ
تێفکرە بناغەی کەچ وێرانە دڵی من
مەجنون چی یە ؟ بێ باکە لە سەحراو بیابان
" ئەو " چونکە ئەزەل قیسمەتی کێوانە دڵی من
هەرچەند لە ئەزەل ؛ قیسمەتی من جەورو جەفایە
بەو حاڵەوە ئومێدی بە غوفرانە دڵی من
سائیل لە دەری بارەگەهی ئەحمەدە " میرزا
لەو ساوە شوکر هەر وەکو سوڵتانە دڵی من

****

# پیتی (و)

## - ٢٣ -

### ( شیوەنی بۆ سمایل خانی شوکاك - سمکۆ - )(*)

خــوداوەنــدا بــە زایــع چــوو ئــەوەنــد وەقــت و زەمــانم بــوو
ئـەزەل جـەور و جـەفـاو مـیـحـنـەت رەفـیـقـی مـیـهـرەبـانم بـوو
بـە نـەوعـی بـەخـتـی بـەدبـەخـتـم لـە وادی مـیـحـنـەتـا ویّڵە
سـەراسـیـمـەو پـەریشـانم نـە رۆژ و وەقـت و ئـانم بـوو
چ حـاڵی نـیـم لـەم ئـەحـواڵە بـە تـەنـیـا هـەر مـنـی مـەزلـوم
سـەرو سـەودای خـەیـالاتـی گـەلیّ لالـە ڕوخـانم بـوو
کە چوو، بەختی مەلیك مەحمود، لەسەر تەختی سلیمانی
ئومیدیکم بـە سـمکۆ بـوو، ئەویـش مایـەی غـەمـانم بوو (١)
لە وەختیکی کە خۆی ناسی، لە دوشمن بوو بە شیرپەنجـــە
لـەهـەر قـیـسـمـەی ولاتـدا حـەقـیـقـەت پـشـتـیـوانم بـوو (٢)
لـەگژ "ڕوم" و "عـەجـەم" هەڵچـوو لـە ڕووی ئینگلیز و "ڕوس" وەستـا
بە حەق ئەو بۆ حەقی میللەت کە ڕۆڵەی بیّ و چانم بوو (٣)
لە وەختیکی کە دوورکەوتووم لە دیداری جەماڵی یار
سەرم کیّوی " دەماوەندە " تەم و غەم باری شانم بوو (٤)

---

(*)- بەپێی ڕاگەیاندنی مامۆستا حەمە بۆر ئەم شیعرە بۆ کوشتنی سمایل خانی سمکۆ " وتراوە کە لە ٢١ حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠ دا شای ئێران کوشتی .

لیکۆڵینەوە و لیکدانەوە: (١)- کە پاشایەتی شیخ مەحمودی حەفید ڕووخا هیوایەکم بە سمکۆ بوو ، ئەویش لەناودرا و بوو مایەی غەم و پەژارەم .

(٢)- شاعیر لیرەدا سمایل خان هەڵئەنی کە بە دریژای ژیانی لە خەباتدابوو ، لە ڕووی دوژمندا وەک پەنجەی شیر وابووە ، لە هەموو کوردستاندا لەو دوژمنانە بووە بە شیر پەنجە بە واتە نەخۆشی "سەرەتان"

(٣)- لەم بەیتەدا وردتر لە خەباتی سمکۆ ئەدوی کە چۆن لە دژی ئیران و عوسمانی و ڕووس و ئینگلیز جەنگاوە لە پیناوی مافی نەتەوەکەیدا .

(٤)- کیوی دەماوەند : ناوی چیایەکی بلندو بە ناوبانگە لە کوردستانی ئەودیو نیشانەیە بۆ کوشتنەکەی سمکۆ لە ئیران .

ئەوە : سەرچاوەیی چاوم ، لە خوێندا سەددی دەربەندە
کەوا ڕوێی لەپێش چاوم ئەوی ڕۆحی ڕەوانم بوو
بە خوڕایی نیە قومری دەناڵێنێ لە گوڵشەندا
ئەویش مەزلومە بێچارە و دەڵێی سەرووی ڕەوانم بوو
چریکەی بولبولی مسکین نەما،گوڵشەن تەهی بوو گوڵ
لە وادی حەسرەتا ماوە،دەڵێ:غونچەی گوڵانم بوو(٥)
هەتا ڕۆژی قیامەت من دەبێ هەر خاك بەسەرداکەم
بڵێم سەردار و سالاری جەمیعی کوردەکانم بوو
بەجێ ماوم لە پژدەردا ، ئەنیسم میحنەت و دەردە
زمانە ڕەنگ و ڕووی زەردە ، عەدوی وەك ئاسمانم بوو
دەسا حەقمە ئەگەر گوێچکەی فەلەك پڕکەم لە ئەفغانم
کە ساڵی هیجرەتی ( سمکو پناهم ، تاکە خانم ) بوو(٦)
بە پوشتی،گەر(ڕەضا)کوشتی، وەڵی:(ئەو ڕەنگـــــە ئەو ڕشتی) .
ئەمێنێ تا ئەبەد "میرزا" بڵێ : ئەو جاویدانم بوو(٧)

---

(٥)- تەهی : خالی و چوڵ بوو .

شەطری یەکەمی ئەم بەیتە بە پێی نوسخەی ماموستا حەمە بۆر ڕاستم کردوە .

(٦)- ئەم بەیتەو بەیتی (١٤)ەیەم وەك سێ بەیتی (٤،٥،٦ )ەم لە دەستنووسی ماموستا حەمە بۆرەوە وەرگرتووە کە هەر پێنجیان ئاشکرای ئەکەن کە ئەم پارچە شیعرە بۆ شیوەنی " سمکۆ " وتراوە . وا دیارە شاعیر بە دەسنگە ئەم پێنج تاکەی لە دیوانە دەستنووسەکەی خۆیدا نە نووسیوە ڕستەی[سمکۆ پناهم ، تاکە "خان"م بوو] ماموستا حەمە بۆر لە ساغکردنەوەیدا هاریکاری کردم کە بە ڕێنووسی کۆن ئەگەر پیتەکانی بکرێنە ژمارەی ئەبجەدی کە :
[س = ٦٠ + م = ٤٠ + ک = ٢٠ + و = ٥] + [پ = ٢ + ن = ٥٠ + أ = ١ + ه = ٥ + م = ٤٠] + [ت = ٤٠٠ + أ = ١ + ک = ٢٠ + ه = ٥] + [خ = ٦٠٠ + أ = ١ + ن = ٥٠ + م = ٤٠] + [ب = ٢ + و = ٦] کە هەموو ژمارەکان ئەکەنە,,١٣٤٩,,کە ئەویش ئەو ساڵی کۆچی یەیە کە سمایل خانی تیا کوژراوە لە ئێران بە دەسیسەی ڕەزا شای پەهلەوی . ئەمەش بەرامبەر ساڵی ١٩٣٠ یە .

(٧)- پوشت : نامەرد ..... ( ... ) .

## تیپی - هـ -

## - ٢٤ -

## ( بەدبەختی شاعیر و هەجوی حەسەن دەدە )

وەزعی دەوران مەقامی بولعەجەبە
هەرزە گەردیم لە دایەرەی ئەدەبە
گەر تەماشابکەی ؛ لە چەرخی دەنی
کار و باری ؛ نە ئەسڵە، نێ نەسەبە
چ بڵێم من لە کردگاری فەلەک
بە دەنی تەبعی ئەو کە مونتەخەبە
یانصیبم لەگەڵ فریشتەم کرد
تا بزانم لە کوێ یە لا مەزەبە
پێی وتم : کوانە شێتی هەرزە خەیاڵ ! !
چ دەڵێی بەختی توێیە ، ڕوژی شەبە
کەوکەبی تالعت نحووسە مەگەر
فەلەکت لێ بەکینە و غەزەبە
بە پیانقو لەگەڵ " حەسەن حوسنی "
پەنجەدادەن مەنافی ی حەسەبە(١)

---

لێکوڵینەوە و لێکدانەوە

:

(١)- بیانقۆ : جۆرێکە لەیاری یانصیب .

- پەنجەدادەن : مەبەست لەدەست تێخستنە . سەرجەم شیعرەکە هەجوی هەمان " حەسەن دەدە " یە .

"ئەو" سەعاتێکی زیوی بۆ دەرچووە
هەر وەکو دەوری کۆمی مونقەلەبە
ئەو " دەدە " و " تۆ " یەکی موجەڕەدو ڕووت
چ دەڵێی : ئەو صیامی لا ڕەجەبە
بەڵکە " ئەو " کە خەنجەری خوراسانی
لە غلافیا هەموو دەمی ، دوو لەبە (٢)
چونکە سەرچاوەیی فریشتەی " ئەو "
وا لە پاشیا هەتا بدا تەڵەبە
تالعم ناموساعدە چیبکەم
کەر لە بەختی من و قنگی دەدەبە
" خاڵە میرزا " ش هەتا نابێ
داخلی سلک و مەحرەمی قەصەبە

****

(٢)-دوو لەب : دوو دەم ، دوو لێو ، چەماوە .. وەیا مەبەست لەوەیە کە ئەو " حەسەن دەدەیە " نەک هەر " کێر"ی تیژبڕدری بەشکو " گونیش " ئەخوات بەمە هەر دوو سەرەکە ئەگرێتە خۆ،وەیا هەمیشە چەماوەی " دابوون " تا سواری بن ، نیشانە بۆ " خوراسان " کردنە کەش مەبەستی لە تورکە دوودەکیەکانە کە " حەسەن دەدە " ش وەک ئەوانە .

## ( دیسانەوە " حەسەن دەدە )

ضەبطی قەضاو سەرحەدە
تەودیعە بەو پەست و بەدە (١)
بۆیە وا بەربادە ولات
ئەم پوشتەمان سەرامەدە (٢)
دێلە بەبای " ئینگلیز " و " تورك "
کوندەرەفەندی " کون دەدە " (٣)
بە ( ڕوو ) پیاوی ( سروشت ) ژنە
( دەدە ) لە ( دان ) ی ( نامزد ) ە
بابی دەیوت : [ گوێز و سێورم ،
گێل ، یەرەیات ، ئۆغلم ، دەدە ] (٤)

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : (١)- ضەبط : ڕێك و پێکی کار ئەگرێتەوە،مەبەست لە " ضەبطیە " پۆلیسی سەردەمی عوسمانی و کاتی فەرمانڕەوایی ئینگلیزکانە لە عیراقدا .

ئەو حەسەن دەدەیە کە کونە ئەفسەرێکی عوسمانی بووە هەر لەو ساوە لە ژێرەوە پەیوەندی لەگەڵ پیرە جاسووسی چەپەڵ .(ئەدموندس ) ی خائن و دوژمن بە کوردا هەبووە ، ئەوە بوو دوای ڕوخاندنی عوسمانی "ئەدموندس" کردی بە قومیسەر تا "مفوض - شرطة" - (ضەبطیەی) پشدەرایەتی کە سەر سنووری عیراقە لەگەڵ ئێران و تورکیاش و ئەو ناوچەیەش بۆ ئینگلیزەکان شوێنێکی " ستراتیجی "یە وەك ئەڵێن : " پەنا حەجەکە" بووە و لە ئاکامدا پیلانە گلاوەکانیان تیا هێنایەدی و لە دیاریکردنی سنووری ئەو سێ دەوڵەتەدا " حەسەن دەدە " ش ئەندامێکی لیژنەی دیاریکردنی سنوور بوو .

(٢)- سەرامەد : پێشەوا ، ڕابەر .

(٣)- دێلە بەبا ، ئەو سەگە دێڵەیە کە دێتەباو گوڵە سەگی لێگرد ئەبنەوە و لێئەچێ .. شاعیر حەسەن دەدەی وەك دێلە سەگی ئینگلیز و تورك داناوە ، بۆیە لە جێی ناوی " حەسەن " کەبە " کوون "ی داناوە و کردویەتی بە " کوون دەدە " .

(٤)- شاعیر لە زمانی باوکی " دەدە " وە ئەگێڕێتەوە کە بەتورکیە کووڕەکەی وتویە :
- گوێز : تورکیە بە کوردی واتا چاو .
- سێورم : " ماچ بکەم " یا چاوتم خۆش ئەوێ یا چاوەکەم .

خــــويـــــشــــى دەڵێ بـــــابم فـــــەرمـــــووی :
پــــيــــشــــەی "مـــەغـــولان " بـــــەرمـــــەدە (٥)
شـــــەرمـــــى لــــــە ڕيـــــشـــــى خـــــۆی نـــيــــە
" بــــەنـــد "ی " ڕەضـــا "يــــی " ئـــەحـــمـــەد"ە (٦)
دەســـــتـــــەو دوعــــايـــــە لــــيی نـــيــــشـــــن
نـــــايـــــلـــــى لـــــوتـــــفـــــى مــــەقــــســـــەدە
[ ســــەرەش ، چـــــويـــــەخ ، ســــفـــــيـــــد و ســــەرد
تـــــابــــــى زێرەش ، ئـــــاتـــــەشـــــكـــــەدە (٧)

---

- گێل : وەرە .
- بەرەيات : دوو وشەيە : بەرە = لە جێگای خۆتا " وەيات = ( پاڵکەوە ، درێژبە ) .
- ئوغلم : ئەی کوڕم .
- دەدە : نازناوی " حەسەن " بووە و بە تورکی بە واتە : باپیر .
واتە : هەی چاوی چاوم وەرە و لە شوێنی خۆتا لەپەوڕو درێژبە ئەی دەدەی کوڕم .
(٥)- شاعیر لە زمان دەدەوە ئەگێڕێتەوە کە گوایە باوکی پێی وتووە : کوڕم ڕێ و ڕەوشتی دابوونی مەغولەکان کە بڵاویان کردوتەوە بەرمەدە هەر وەک تورکی عوسمانی بە ( بەرە ) ئەچنەوە سەرئەو مەغول و تاتارانە .
(٦) - دیارە حەسەن دەدە ڕیشی سپی بووە ، بۆیە شاعیر ئەڵێ : شەرم لە ڕیشی سپی خۆی ناکاو بەندیواری کوێخا ئەحمەدی قەڵادزی یە کە بە دەدە فێر بووە " دەدە " ش زەزامەندی ئەوی ویستووە
(٧)- شاعیرمان لەم بەیتەو بەیتی دواییدا کارامەیی و شارەزایی خۆی لە زمانی فارسی و لە بەیتی دواییدا لە زمانی عەرەبیدا پیشان ئەدا کە بە هەر چوار زمانی ناوچەکە ( کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی ) توانیویتی شیعر بڵێت : لێرەدا بە فارسی ئەڵێ :
- سەرەش : سەری .
- چو : هەر وەک .
- یەخ : بەفر .
- سفید : سپی کە مەبەستی لە پیری و تووکی سەرسپی بوونە .
- سەرد : سارد : مەبەست لە ساردبوونەوەی نزیک مردنە کە بەرەو پیری ئەچێ .
تابی و تاب : تاوگەرمی .

[ طبيعـــــــــــــــــــــــــــــــةٌ أورثهـــــــــــا ]
والـــــــــــعـــــــــــمـــــــــــل المُـــــــــــدّة ) (٨)

****

---

زیرەش : ژێری ، بنەوە .
ئاتەشکدە : وەجاخ ، شوێن ئاگر کردنەوە .
واتە : بە سەری سپی و ساردبوتەوە کەچی کوورەی ژێری گەرمە و لە تاودایە .
(٨)- ئەو سروشتێکی پاشماوەی باووباپیرانیەتی کە کوندانەو ئەو کارە هەر درێژەی هەیە .
شایانی باسە لە لاپەڕە (٤٤)ی دیوانە دەستنووسەکەی شاعیردا لە کوتایی شیعرێکی تری دژی حەسەن دەدە ئەم چوارینە هاتووە :

*ضەبطی قەضاو و سەرحەـــــدە*
*بەنـــــدی ڕەضایی ئەحمـــــدە*
**نائیلی لوطفی مەقصەدە**
**گوندەدرە ئەندی گوندەدە**

وە لە دەمی حاجی حەمە غەریبی کوڕی شاعیرەوە دوای ئەو چوار باڵیە ئەم باڵەم وەرگرتووە :„والعمل المدة“ .

من وەهای بۆ ئەچم کاتێ شاعیر ئەم دیوانەی نووسیوەتەوە نوسخەی دەقی تەواوی شیعرەکەی لەبەردەستا نەبوە بۆیە هەمووی لە دیوانەکەیدا نە نووسیوەتەوە و تەنیا هەر چوار باڵیەکەی سەرەوەی نووسیوەتەوە ، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوە کە کوڕی شاعیر نیو باڵی پینجەمی پێنج خشتەکیەکەی لەبەرە .. لە لایەکی ترەوە ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوە : کە گەلێ شیعری شاعیر لەناوچووە .
خوزگە ئەوی شتێکی شاعیری لایە بڵاوی ئەکردەوە تاکو بەر چاپی دووەمی ئەم بەرهەمە بکەوێ .
شایانی باسە دەقی تەواوی ئەم شیعرەم لە دەستنووس و پەڕە شڕو پەراگەندەکانی مامۆستا حەمە بۆرەوە وەرگرت ، هەر وەک لە لێکدانەوەی دوو تاکە " تورکی " و " فارس " یەکەیدا یاریدەی دام شایانی سوپاس و ڕێزە .. بەڵام داخ و مەخابنی خۆم لێرەدا دەرئەبڕم کەوا پەراوخانە ئاوەدان و گەنجینە پڕ لە گەوهەری شەوچراکانی و بیرەوەری یەکانی لە هەلێکی وەهادا نەبێ ؛ بڵاویان ناکاتەوە .
ئایا جێگە گازندەیە لە مامۆستا حەمەبۆر ؟ ! ! .

## ( ڕەوشتی جوانی مەلیک مەحمود )

لە سایەی سەحی، مەحمودم ، جیهان ئەحیایە دووبارە
ڕەفیقان فرسەتە ئەمرۆ،مەکەن ،تەخسیر؛هەر ئەمجار،
سولالەی طاهری ئەحمەد ، نەژادی پاکی مەعروفە
لە نەسلی حەیدەرە ، شێری خودایە پاک ڕفتارە
وەرن ئێمەش لە حوببی دین و عەشقی حەیدەری کەرار
غەنیمەت وا دەبێ حەیفە لە سوب نەیخەینە ئێوارە
جوان مەردانی جەنگی با ، خەبەردارکەین بە جەمعیەت
بەشارەت دەین بڵێن : پێیان غەزایە قەتلی کوففارە
کەسێ " باغیض " بە ئەولادی حەفید و نەسلی ئەحمەدبێ
لەهەر دوو عەنما مەحتووکە ؛ سووکە ، بت پەرستارە
بەڵێ : ئەمرۆ:کەسێ ئیسلامی بەرهەق بێ؛لە ڕێی دیندا
دەبێ ڕوحی تەنفکا ئەو ، لە ڕێگەی ئەو عەرەب سوارە
لەسایەی ڕەوضەیی پاکی جەنابی زاتی کاک ئەحمەد
بە قەتلی دوژمنی کافر ، پڵنگی ئەهریمەن کارە
بیحەمدیللا برای ئەو " حەزرەتی شێخ قادری نادر
لە هەنگامی مەصافی دوژمنا،فەرهەنگ ،کەردارە
عەشیرەت ، ئەهلی غیرەت ، با " تَجَمُعْ " کەین بە مەردانە
بە تەوفیقی خودا ئەوەڵ ، دووەم " مەحمود "ەسەردارە
جەوان مەردانی "مەرگە" و "پژدەر" ئەمرۆ خودنمایی کەین
لەسەر ئەمری جەنابی حەزرەتی " ئەو " شاهە سالارە
لە ڕوژی "معرکة" و جەنگ و جەدەل عەرصەی عەدویی دین
سەرم قوربانی هەر دووکیان .. کە ئەو دووشێرە خونخوارە
بە ڕووزەردی دەچێتە عەرصەیی ڕۆژی جەزا هەر کەس
لەدەس خۆی دەریکا ئەم فرسەتەو ئەم حەجە دووبارە
موسلمانان خودا قاپی موڕادی بو گوشاد کردون
"غەفور" چیبکەم هەموو کەس کوا وەکو تۆ دڵ برینداره

****

## - ٢٧ -
## " بەهاریٚ "

بە بولبول موژدەبیٚ ، فەسلی بەهارە
بە صەیادان کەوەختی " کەو " بووارە
بە قومریش هەم بەشارەت بیٚ لەمەولا
لە پای سەروو‌ا ، سەدای شینی هوزارە
ئەسەف بوٚ حالەتی عاشق لەبەرچی ؟
بەهار و پایز و زستان خومارە
بە عوشاقان بلیٚن : با بەس بنالن
زەمانەی عوشرەت و بوٚس و کەنارە
لە سایەی ڕەحمەت و لوتفی ئیلاهی
کەژ و کێ‌ۆ ، دەشت سەحرا لالەزارە
لە سوزی ناتەبایی هوٚز ئەگەرچی
دەروونم وەک تەنووری پڕ لە نارە
لە خوٚشی فەسل وخوٚشی وەسلی یاران
کەلامی خالە " میرزا " زەر نیگارە (١)

****

(*)-ئەم شیعرە لە لاپەڕە (+٨٢)ی کەشکۆڵەکەدا هەیە ، شایانی باسە بەیتی شەشەمینی ، تەنیا عجزی " بەیتەکە لە دەستنووسەکەی شاعیردا هەیە و بیرچووە نیوە بالی یەکەمی بنووسیٚ .. لەسەردەستنووسەکەی ماموٚستا حەمە بوٚر پڕم کردەوە .

(١) زەرنیگا : بە ئالتوون نەخشراو .
واتە : لە خوٚشی وەرزی بەهار کە " زەوی وزار " ئەژیٚتەوە ، بوٚیە میرزا هوٚشمەندەو قسەکانی بە ئالتوون نەخشراون .. واتە : قسەکانی کەڵکا و نرخدارن و بایەخیٚکی گەورە و بەهیٚزو پیٚزیان هەیە .

- ٢٨ -

# ( ژێرکەوتنی شۆڕشەکەی ڕەسوڵ ئاغای کۆیە )

"بیحەمدیللا" لە سایەی "ضابط"ە مەعمورە مەعمورە
" قضا" یەکسەر بە فەیضی ئەو؛شەقاوەت خانە خاپورە
حوکمڕانی "قضا" ئەمـــــڕۆ جەنابی ســـەید عـــەلی و" ئەو " بێ
عەشایر جوملە ئاسایش لە ئاشووب و بەلا دوورە(١)
لە سایەی سەوقیات و زەبتی ئەحکامی حکومەت هەم
هەمیشە مەئمەنە و ساکن ، دەمادەم شادو مەسرورە (٢)

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

ـــــــــ : - (*)- شاعیر لە دیوانە دەستنووسەکەی خۆیدا ئەم سەرناوەی دوایی بە فارسی بۆ ئەم شیعرەی نووسیوە کە بە گەورەترین بەڵگەی مێژوی چمکێکی شۆڕشگێری کوردستان ئەژمێردرێت بە کوردی ئەمەیە :[ ئەو ڕۆژەی کە ڕەسوڵ ئاغای کەریم ئاغای کۆیە کە حکومەت گرتی و بەهۆی هێزی ناوچەی سلیمانی یەوە لە ( دەربەند )ی رانیەوە بۆ سلێمانی نێردرا ] .
ئەو حکومەتەی کە گرتوویە ؛ سوپا داگیرکار و خوێن خوارو تالانکارە لە پەڕاوی : ( کورد و تورک و عەرەب )ی ( ئەدمۆندس )ی پیرە جاسووس و خائن بە کوردا لە بەندی (١٥) بەدواوە پچڕ پچڕ باسی کراوە کە چۆن هێرشی سوپا داگیرکەرەکەیان و لە شکری " سیخ "ی هیندی و هێزی زوڵە سەرۆکایەتی لەپیلانە گڵاوەکانی خۆی دواوە و لە دژ ئەو ڕەسوڵ ئاغا شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر و گەل دۆستە ، کە لە هەمان کاتدا چەندانی تری وەک کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند لە شۆڕشەکەیاندا بوون لە دژی ئەو داگیرکەرانە کە لە هاوینی ساڵی ١٩٢٢ دا ڕوویداوە .. شاعیرمان ئەو شۆڕشگیرانەیەی ڕەسوڵئاغامان بۆ ئەگێڕێتە وە لە لایەن نامەردە کۆنە چەکمەڕەق و چڵکاو خۆرەکانی ئینگلیزەوە کە چۆن کلکایەتیان بۆ ( ئەدمۆندس ) کردوە .
شاعیر داخی دەروونی خۆی لەم شیعرەدا دەربڕیوە لەگەڵ هەجوی ئەو نامەردانە ، بە تایبەت " حەسەن دەدە " .

(١)- سەید عەلی :خزمی "حەسەن دەدە " یە هەر لەبەردەستی ئەویشدا کاری کردوە .
(٢)- دەما دەم : هەمیشە .

ـەبـەر کـەولی سـمـوری وا لـە خـزمـەت حـاکـمـا شـادە
' ئەدەب " ئیستا لە خزمەتیا هەمیشە مەست و مەستوورە
لە ئەسنای فەرضی مەغریبدا ، ئیرادەی حاکمی بۆ هات
لە " چوم خرکە" بە غاری هاتەوە ؛ لەو فرسەخە دوورە (٣)
لە ساعەت هەشتی شەو وارد بوو تەشریفی لە لای حاکم
گوتی: "صاحیب" "بفەرما ئەمر"و شەقیانکە بە قەستورە (٤)
رەسول ئاغا ئەبێ چی بێ چ ئەهمییەت کوڕ و کالی
دەبێ نەیبستبێ من کێم " دەدە "م مەعلووم و مەنشوورە
لە " بەحر " و " بەر "یە بێ باکم ، دەیانبەم بۆ سلێمانی
تەماشای ( لوولە چەرمین )کەن ، بە جان بێزاری مەغرورە
سلێمانی موشەرەف بوو ، بە تەشریفی " دەدە " ی عـــالـــــــی
"تعالی اللّه " عەجەب هێمەت چ (ئەحکام)و چ(دەستوور)ە
لە بەگزادەی هەموو عێلی (موڕادی)دا مەگەر پەیدا
ببێ وەک " ئەو " سوارێکی ، وەها بەم نەوعە غەییوورە
گەهی تەعقیبی ئاغاوات و بەگزادەی ( هەمەوەند) ە
گەهی تەسخیری قەلعەی (لیوژە)کرد (کونە تەندور)ە (٥)
هەتا کەی تۆ زوبان بەستم دەکەی ئەی حاکمی عادل ؟
خودا بەردار نی یە قەومی لەدەس ئەم حیزە مەقهورە
لەمەولا تەرکی هەر بەحس و بەیانێکی دەکەم چونکە
نەوەک خەلقی بڵێن : " میرزا " لەبەرچی وایە مەغرورە

****

(٣)- چوم خرکە : گوندیکە نیو کاژمیری پیادەری لە قەلادزەوە دوورە .

(٤)- قەستورە : مەبەست لە جورە ( سونی ) و ( نیزەیە )کە ، ئامێرێکی تیژی بریندارەکەرە بە سەری تفەنگەوە کراوە .

(٥)- قەلعەی لیوژە : قەلای لیوژە لە ناودەشتە ، لە پشت ڕانیەوە .

## (هەوڵدانی شاعیر بۆ گواستنەوەی کارەکەی لە مەرگەوە بۆ قەڵادزێ)

سەلامی من ؛ لە جەمعی ساکنی مەئموری مەعموورە
لە سایەی ئیلتیفاتی ئێوە " میرزا " شادو مەسروورە
لە خدمەت حاکمێکا خادمم ، سایەی هوما وایە
لە سووئی تالعی مندا لە مەیدانی عەتا دوورە
ئەگەر لوتفی جەنابی حاکمم بێ ، دێمە خزمەتتان
وەگەر نا ؛ با بمێنم لێرە ؛ بەم ئەحواڵە مەغدوورە (١)
دەڵێم : بەڵکو لە خزمەت ماڵ مودیری ئیستفادی کەم
بیحەمدیللا بە مەردی ئەو،لە عالەم فاش و مەنشوورە (٢)
بە مەئموریتی یی ، تەعیین ببم مایەی مەعیشەت بێ
ئەگەر مومکن نەبوو ، فەرموو خەیاڵت فاسدە دوورە
ئەگەرچی بێ نەوا " میرزا " لە سووئی تالعی خۆیدا
ئومێدێکی نی یە،لاکین .. بە لوتفی ئێوە مەغروورە (٣)

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

______ : -

(١)- واتەگەرحاکم ؛ دیارە " مەبەست لە پیروت ئاغایە " هەبێ و ڕێگام بدات ، ئەوا دیدەنیتان ئەکەم ، وەگەرنا ئەوا بەم حاڵەزۆرلێکراوی یەی خۆم بابمێنمەوە و ئێوە هەولم بوێدەن .

(٢)- فاش : ئاشکرا ، دیار .

(٣)- بێ نەوا : لەکوتایی ساڵی ١٩٦٣ دا کاکم ( عومەری برام )ماموستای قوتابخانەی گوندی "سەرگەڕان " بوو لە هەولێر .. نامەیەکی بە نازناوی " بێ نەوا "وە بۆ باوکم نارد ، باوکم فەرموی ؛ (ئەمە مانای : نەردار ، هەژار ئەگەیێنێ ) ...

## - ٣٠ -

## ( چۆڵکردنی قەڵادزێ و لە کارخستنی فەرمانداران لە لایەن ئاغایانەوە )

ئەوا دووبارە چۆڵ بوو ، خانەواری مولکی مەعمورە
گەلێ نامەرد و بێ ویژدان ، بە حالی ئیمە مەسرورە
بە دوو ڕوویی و سیاسەت ، عەشرەتی خوی فیکریان تیکدا
ئەسەف بو "ئەحمەدو مینە فنیش"بوون ئەو کەچ و پوورە (١)
بەڵێ : مینە گزیر مەئمووری ڕەسم و "گا "و "مانگا" بوو
"بزن"چوار ئانەیی دەستاند ، لە ڕێ ئینساف و دین دوورە (٢)
( بیحەمدیللا ) خەلاسیم بوو ، لەدەس کوێخا حمەد و مینە
خەتای ئاغا سەلیم ناگرم ؛ کەوا ئەم قەومە مەغدورە
لەبەر بێ مەغزی ئەو قەومە ؛ ئەویش ئاسیمە سەرماوە
عیلاجی بو نەما بوو ، غەیری ویران کردن و هوورە

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

_______ : - (*)- کوڕی شاعیر ئەفەرموێ : ئەم شیعرە بەو بونەیەوە دانراوە : لە سەردەمی حاکمێتی سەلیم ئاغادا ؛ قەڵادزە چۆڵ ئەکەن ... سەلیم ئاغا لە دوای بابەکر ئاغا حوکمڕانی قەلادزە ئەکاو خزمەکانی بەخیلی پێ ئەبەن و بەربەرەکانی ئەکەن ، ئەویش ئەڵێ : خۆ ئێرە هەر مولکی من نی یە و ئەمرئەدا چولی کەن .. بە پێی شیعرەکەدا لەسەرەتاوە شاعیر و توویە : (دووبارە) دیارە ئەو جارە بەلای کەمەوە دووەمین چۆڵکردنی بووە .

(١)- شاعیر (ئەحمەد)ی بە (کەچ) واتە خوار ناوبردوە بە ڕێنووسی کۆن بە " کچ" یش ئەخوێنرێتەوە .. کە جوانیەکی ویژەیی تیایە و تەشەری خوشی داوە .

(٢)- شاعیر ئەو ناهەقی یە دەر ئەخا کە مینە گزیری پیاوی ئاغا چۆن بە مەئموری باج وەرگرتنی "گاو مانگا"دانرا بوو .

ئوموورى میللەت و قەومیْ ؛ لەدەس ئیسمایلە جوودا بوو
کە ئەو مەلعوونە بیْ دینە ، ئەمر بەربوو ، کەپرەسوورە (٣)
لەمەولا قونەرەی ، عەلمودە و ئەسبابی فەنتازی
لەبەر کات و بپوشن " ئەحمەدە " ڕەش " چیتە لاپوورە
کلاش و کالەیی مەشکالە خوش بیْ ، ئیحتیاج نابیْ
لەسەر ئیرسی پدەر جەدیان نەما ئەو دام و دەستورە (٤)
ئەگەرچی وا لە عالەمدا دەلین : زولمیکی ناحەق بوو
بلیْ : تەقسیمی ( ئاب وداب ) وایە ، بویە مەجبورە
دەپرسن : مەسکەنم کویْ یە ، لە چولی سابقا گەوتوم
لەدەس کویخا بەراز و مامە پیروت " خالە " مەقهورە (٥)

****

(٣)- کەپرە سوورە : ئاماژەیە بوْ جەژنیکی ناوداری جووەکان بەناوی کەپرە شینەوە کە شاعیرمان کەپرەسوورەی وتووە و ڕیکەوتی یەکەم باران بارینی پایز ئەکا ، تیایا هەمەجوْر خواردن و خواردنەوە ئامادە ئەکەن .

(٤)-کالەی مەشکالە : جوْرە پیلاویکە بووە لە چەرم و پیستی مالاْت دروست کراوە .
- پدەر - باوک .
شاعیر دیسان بە تەوسەوە بەو باوک و کوڕو کویخا و گزیرە ئەلیْ دەبا بخوْن و دەردیان بیْ لەسەر قوْندەرەی عەلوْدەی جارانیاندا دەبا کلاش و کالەی مەشکالە لەپیْ بکەنەوە ، قەیناکە موحتاج نابن و ئەوساکە ئەچنەوە دوْخیانی پەیرەوی کردنی نەریتی باو و باپیریانەوە .

(٥)- چوْلی سابیق : کوڕی شاعیر ئەفەرمویْ : مەبەست لەو کانی و ئاوەیە لە گوندی گردەسپیان لە نزیک قەلاْدزەوەیە و لە کاتی چوْلکرد نیدا مالی خالە میرزا ماوەی پینج شەش مانگ لەو شوینەدا بوون .

مام پیروْت : بە پیروْتە شەل بە ناوبانگ بووە و ئەویش خەلکی ئەو گوندە بووە .

## ( دڵداری لە هاوچەشنی شیعری تایەر بەگ )

دیــدە بــێ نــوورم لــە دووریــت نــووری چــاوانم وەرە
شــەهــدی وەســڵی تــۆم دەوایــە خــونــچــە خــەنــدانم وەرە
زۆر دەمــێکــە ئــیــنــتــزارم ڕۆح بــەســەرگــەردت بــکــەم
فــرســەتــە تــەشــریــف بــفــەرمــوو ، تــا لــەمــەیــدانم وەرە
تــا کــەمــێ مــاوە ڕەمــەق ، قــوربــان بــەســەر وەقــتــم بــگــە
بــولــبــولــی ڕۆحــم لــە پــەروازە زوو بــە ئــامــانجــم وەرە (١)
نــەک ئــەجــەل مــۆڵەت نــەدات و دوور لــە قــاپــیــی تــۆ بــبــم
چــاکــە زوو خــوێــکــەم بــە قــوربــان ئــەی ســلێــمــانم وەرە
ســەد کــە مــووریکــی زەعــیــفــم جــانــفــداتم دەم بــە دەم
گــەر گــونــاهــێکــم هــەیــە ؛ چــاوم پــەشــیــمــانم وەرە (٢)
دیــدە مــوحــتــاجــی نــیــگــاهــێکــی هــیــلال و چــاوی تــۆم
گــەر لــە"دە" و"چــوار"ا نــەبــێ وەک" ڕۆژی " ڕەخــشــانم وەرە
خــۆم بــەعــەبدو مــوخــلــیــســێکی خــاســەی تــۆ عــەدد دەکــەم
وا لــە کــەم لــوتــفــی و کــەرەمــیــت مــات و حــەیــرانم وەرە
ساعــەتــێ فــاریــغ لــە گــریــان نــیــم ، لــە دووری وەســڵی تــۆ
بــۆ عــیــادەت چــی دەبــێ جــاری بــە ئــەفــغــانم وەرە
مــۆڵەتم نــادا ئــەجــەل ؛ تــرســم هــەیــە مــەحــروم بــبــم
ســا کــەوا بــێ لازمــە بــۆ ســەهــوو نــســیــانم وەرە

****

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : ئەم شیعرە لە لاپەڕە (+٨٠)ی کەشکۆڵەکە دایە .
(١)- ڕەمەق : بە واتای گیانەلا " دێ یان " تا کەمێک گیان لە جەستەدا ماوە . - پەرواز : فڕین .
(٢)- لەم بەیتەدا لایەنێکی گەشی ڕەوانبێژی هەست پێئەکەین . لە وشەی مووریکی زەعیفم لێکچوونێکی ورد لە نێوان شاعیر خۆی و مێروولەیەکی لاواودا دروست بووە ، هەم لاوازی و هەم لە وردو گردی و کوڵنەداندا لێکچوونەکە پێکهاتووە .

## ( بەرە و بارەگای پێغەمبەر )

ئەی بە سەرگەردی سەرتبم نووری چاوانم وەرە
من لە هیجرانت شەو ڕۆژ زارو نالانم وەرە
دڵ میسالی کوورەی حەددادان پڕ شەرارەی ئاگرە
بۆ شەرارەی فرقەتت وا سینە بریانم وەرە
با لە حەسرەتدا نەمێنێ ئەم دڵەی بیمارەکەم
وەك نەسیمی سوبحدەم گوڵ خونچە ئەفشانم وەرە
هێندە تینووی قەترە ئاوێکی زەنەخدانی ئەتۆم
کەوسەرم نابێ بە تۆ ، خضری حەیوانم وەرە (١)
با بە ڕووزەردی نەچم بۆ عەرصەیی ڕۆژی جەزا
زۆر زەلیل و موستەحەقی خەیر و ئیحسانم وەرە
چون شەفیعی ؛ جوملەی عوصیان و گونەهکارانی تۆ
مەرحەمەت فەرموو ؛ لە بۆ دەفعی گوناهانم وەرە
خاکی بەرپێکەت دەبێتە سوورمەیی چاوی " غەفور "
مەعصیەتبارم بۆ سەهلی باری عوصیانم وەرە

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

(*) ئەم شیعرە لە لاپەڕە (٨١)ی کەشکۆڵەکەدایە .

١- کەوسەر : کوَثَرْ : مەبەست لەو ئاوە پیرۆزەیە ، ڕووبارێکە لە بەهەشت .

- خضر : خدر : خدری زیندە ، حەزرەتی خدر .

- خضری حەیوان : مەبەست لە زیندوێتی و سەرچاوەی ژیان و زیندوێتی هەتا هەتایی یە .

واتا : من هێندە تینوی دیدار و دڵۆپی ئاوی ناوچاڵی چەناگەتم ، ئەمەش لە کاتی ماچ و زیارەتکردنا بەدی دێ .. بۆیە لەو حاڵی بە یەکگەیشتنەدا مرۆڤ پێویستی بە ئاوی کەوسەر نی یە و هاتنی " ئەو" وەك پەیدابوونی خدری زیندە وایە .

# ( ژیان و ڕۆژگار )

گەردون بە کەچ ڕەوشتی ؛ مەردیکی وا دلێرە
قاوەلتی و نیوەڕۆژەی کردووم بە دوو کولێرە
وەزعی یەتی زەمانە ؛ کاری بە ئیقتضایە
چونکە بە ئیقتضایە ؛ ئەنجامی زور بە خیرە
بۆ گەردشی زەمانەو ئەم وەزعی ڕۆژگارە (١)
لازم نی یە تەئەسوف ئەم عەمرە تاڵ و سویرە
نیک و بەد و کەم و زور ئەهلی خیرەد دەزانن
کاری زەمانە وایە ، ڕوبایە ، نەڕە شیرە (٢)
تەوصیفی وەزعی دەوران ، حاجەت نی یە بەیانی
ڕۆژی ئەزەل کراوە ، تەقسیمی من ژمیرە
ئەم دەهر و چەرخی دوونە ، کاری بە چەندو و چونە
بەعزی جگەر بە خوینە ، بو بەعزی خیرو بێرە
بی هودە ، هەرچی دەیکەی ، پینج و دوو ڕۆژە ئەییام
ڕازی بە لوتفی هەق بە ، قانع هەمیشە تیرە
جیفەو تەماعی دنیا مەتلەب نی یە ئەگەر بی
مننەت پەزیری کەس نیم ، تەقسیمی خۆمە لێرە
تەقسیمی من کە هەرچەند ، ڕۆژی ئەزەل کراوە
زۆریش بیهایەتی دێ ، بۆ من (کەمێ) سوپێرە
وەزعی زەمیانە چون بی ، پیم خوشە با وەهابی
بێ عەقلی یە و سەفاهەت ، کەم .. زۆرە ڕابوێرە
هەر کەس بە قەولی دەوران نارازی یە سەفیهە
حەیبالە چەرخی گەردون ؛ ڕووی شینە چاو لە ژێرە
بو تەفرەدانی عالەم ، مەردیکی زور شەجیعە
" میرزا " بە قەولی ناکا ، چاوی تەماعی کویرە

****

لیکۆلینەوە و لیکدانەوە: (١)- گەردش : ڕووسووڕاندن ، گەڕانی چەرخی ڕۆژگاری مەبەستە .
(٢)- ڕوبا : ڕێوی .. لیرەدا مەبەست فرت و فیلە.

## ( حەسەن دەدە )

### - ٣٤ -

چیبکەم لەگەڵ چەرخی دەنی طەبعی چەواشە
ئەغنامی وەجاخ ، حەصرە لە ئەو ماکەرو جاشە
فەوتاوە لەبەر جەوری ، هەموو مامش و زوودی
ئەموالی رەعیەت هەموو مەنهوب و بەلاشە (١)
مەعکوسە فەلەك ؛ کاری هەموو چەوت و چەوێڵە
مەلکۆکە ؛ وەکو " ضابیطە " یە حوکمی لە پاشە (٢)
دەورانی یە ئێستاکە فەلەك ، هەر دەمە ڕەنگێ
دێنێتە مقابل لەگەڵ ئاوریشم و قوماشە
کێ تاب و توانای هەیە ئەم وەزعە قوبوڵکا
چون لایقە ئەم سەرحەدە ، بەو حیزە قەلاشە (٣)

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

(*) – ئەم شیعرەش بە مەبەستی داشۆرینی حەسەن دەدە وتراوە :

(١)– مامش و زوودی : ناوی دوو عەشیرەتی بە ناوبانگی ناوچەی قەلادزەن .

(٢)– مەلکۆکە : لەکەدار .

واتە : فەلەك و دەوران کارەکانی هەموو نارێك و چەوتە و وەك " ضابطة " کە مەبەست ( ضەبطیە)یەو بە زمانی گەلی و کوردەواری [ ضابط ] واتە قومیسەر (مفوض ) ی پۆلیسی ئەوسا بووە کە کۆنە ئەفسەری عوسمانی بووە .. شاعیر ئەو فەرمانڕەواییەی بە لەکەداری و بەرەو دواوە چووی خراپ ناوبردوە ..

(٣)– تاب : تین : تاو ، گەرمایی .

– سەرحەد : مەبەست سنوورە کە حەسەن دەدە ضابطی سەرسنوورە و ئەندامی لیژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێران و عیراق و تورکیا بووە .

– قەلاش : لێرەدا بە واتای هیچ و پووچ دێت .

# ( حەسەن گارەش )

داد لەدەس چەرخی دەنی ، ڕفتاری هەر کینەو غەشە
وەزعی دەوران دون پەرستە ، هەر خەریکی گەردەشە
کەس نەکا مەنعم ، ئەگەر هەرچی بڵێم : حەققم هەیە
چی لەگەڵ چەرخی دەنیکەم وا لەئیم و ڕووڕەشە
ڕوشتەی صەبرم لەدەس چوو ، تاقەت وهوشم نەما
چونکە ئێستا بۆ تەماع و چیڤە ، عالەم چاوەشە
سەیریکەن ، ئێستا لە جێی حوکماتی بابەکری سەلیم
ساحیبی ئەحکامی مەعمورە حەسەن مانگارەشە

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

—————— : (*)بە پێی سەرناوی ئەم شیعرە بە دەستنووسی شاعیر لە دیوانەکەیدا بە فارسی نووسیویە و ئەمە کوردیٔ کەیەتی : [لەوەصفی - حەسەن گارەش ] کە لە دوای چۆلکردنی (دەربەند ) و (قەڵادزە ) بوو بە کوێخا و هەر خۆی حوکمی بەسەر قەڵادزەدا ئەکرد کە ئەویش هاوالێکی هەبوو (ڕەسول مامش ) بوو ، ئەو دووانە بە جووتە حوکمڕان بوون کە لە لایەن ئاغاکانەوە ئەو فرمانەیان پێسپێرابوو ] منیش وەکێ لە وتەی قەڵادزییەکەوە بیستوومە - سەلیم ئاغای مەمەند ئاغا - دوای بابەکر ئاغا بە گەورەی ناوچەکە ناسراوە ، دیارە یا لە لایەن ئەوەوە یا ڕای ئەویشی تیابووە کە ئەو جووتە کوێخایە ( حەسەن) و ( ڕەسول ) نوێنەرایەتی ئاغاواتیان کردووە شاعیرمان هەجوویی کردون .

ساقتی ئاداب و تەرتیب و مەداری عەقلْ و خوون
وا دەبن باعس بە سەودای ئەم نزاع و قەرقەشە (۱)
دیگەری مەئموری تەرسیم و مەتاع و تووتنە
ئەو ئیکنجە نمرەیی ئیسمی ڕەسوڵە مامەشە (۲)
زیندەگی بۆ من حەرامە چون قەبولیکا دلْم
حەق بە ئیمان ڕامبویرێ نامەوێ من ئەم بەشە
حاشا " لیللا "کەس نی یە ، بۆ ڕێی حەق و ئەحیایی دین
جوملە بۆ سووئی ئەمەل ئەز یەکێ دیگەر لەشکر کەشە
عالەمی ئاسیمەو و حەیران و ماتەم کەش بووە
سیلسیلەتی ئیسلام بە جاری غەرقی گەرداوی هەشە
کەس نەلێ " میرزا " بە ناهەق ئەم قسانەی کردوە
سەیری چەرخی دوون پەرستکەن گورگ و مەڕ هامباوەشە(۳)

*****

---

(۱)- قەرقەشە : هەراو هوریا ، قرە قڕ .
(۲)- ئیکنجە : وشەیەکی تورکی یە بە واتای دووەم دێت .
(۳)- هەمباوەش : هاوبەش واتە : پێکاتوون و تێکْ ئالاْون و بەیەکاچون .
واتە : کەس لە خووە تفەنگێ بە تاریکی یەوە نەنێ و نەڵێ : میرزا ئەم قسانە بە ناڕەوا ئەکا .. فەرمون چون لە خووە قسە ئەکەم .. دە سەیری دنیا و چەرخی کەج ڕفتارکەن پێچەوانەی واقیع خوی ئەنوینێ و گورگی بێ بەزەیی و دڕندە و مەڕی بێ دەستەلات تێکەلْ بوون و پیاو پیاو ئەخوات .

# (دڵبەندیی بە غەوسی گەیلانی یەوە )

مـوسـوڵمـانـان ، عـیـلاجـم کـەن ، دڵم مـەهـجـوور و مـوشـتـاقـە
لــە داخــی فــیــرقــەتــی جــانــان حــەواس و تــاقــەتم تــاقــە
ڕەواقــی دیــدەیــی نــووره ، لــە داخــی فــیــرقــەت و دووری
لـە وادیـی مـیـحـنـەتـا ، وێڵ و پـەرێشـان گـەردی ئـافـاقـە (١)
لــە بــازاڕی خــەمــا ؛ تــاکــم ، دەنــاڵێنــم بــە شــەو تــا ڕۆژ
لــەدەسـتـم دەرچـووە صـەیـدی ، لـە وادی ئـەیمـەنـا تـاقـە (٢)
بـە نـیـمـە غـەمـزەیـی چـاوی ، پـسـا ڕوشـتـەی قـەرار و هـوش
بـە ضـایـع ڕۆیـوە عـومـرم لـە سـەودای ئـەو ، ( کـەوا تـاقـە)
لــە گــوڵزاری ئــیــرەم نــاکــەم ، تــەمــەنــنــایــی گــوڵ و ڕێحــان
کە بـۆ من کـافـی یەو بـەسمـە ،شـەمـیـمـی ئەو کـە،وا " تـاق "ە(٣)

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

—:

(١)- ڕەواق : هەیوان ؛ پێشی هەموو شوێنێکی خانوو کە سەریگیرابێ

(٢)- وادی ئەیمەن : مەبەس لە - سەرزەویەکی پیرۆزە - وەکێ : " مەکە " و ( مەدینە ) و (قودوس) و ( کێوی توورە ) .

(٣)- شاعیر لەم بەیتەدا وەستایییەکی ئەوتۆی بەکار هێناوە لە دەربڕینی دا کە ئەتوانم بڵێم : وتەیەکی یەجگار دانسقەیە ، چونکە کەس نەبووە و نی یە لە بڕوادارەکاندا کە ئارەزووی چوونە بەهەشت و گوڵ و ڕێحانەی نەکەن .. کەچی لێرەدا ( شاعیرمان ) بەو هەموو ئایینداری و بڕوا بەهێزەوە کە تیگڕای شیعرەکانی بۆمان ئاشکرا ئەکەن ، ئەوا بە ڕەپ و ڕەوانی ئەڵێ :.من ئارەزووی گوڵ و ڕێحانەی گوڵزاری بەهەشتی "ئیرەم" ناکەم .. ئەم وتە دانسقە و جیاوازە یشی لەوەوەیە کە

بە شێتم تێمەگەن یاران ، مەڵێن : بێ هوودە عەودالە ،
لە ئەمرو ئەهیو حوکمیدام ، لە هەر دوو عالەما تاقە

لە سەودای ، گەر سەریشم چێ ؟ بە شارەتمە بە وەڵلاهی
شەهیدیی وا ؛ بە کەس نادا ، بە لوتفی خۆی کەوا ( تاق )ە

تەمامە خۆم بە قوربانی سەگی دەرگای (محێ دین ) کەم
کە ئەو نیسبەت بە شاهێکە ، لە جەمعی ئەولیا " تاق "ە

چ باکم عالەمی دونیایە ؟ دڵ مەستی جەمالێکە
قیامەت کەی بە خاطر دێ ، لە تەصویری کەوا (تاق)ە

خەیاڵم ناگرێ فەوتانی ماڵ و عومری شیرینم
ئەگەر بێ تۆ قوبوولمکا، بە عەبدی خۆی کەوا(تاق)ە

دەزانم پێم دەڵێن : ( میرزا ) بە پیری فیکری گۆڕاوە
خودا !! بمکەی بە قوربانی سەگی ئەو شاهی عوششاقە

****

---

←
بەلای شاعیرەوە بە تەنیا بونی ئەو بایەی تەنانەت بە یادکردنەوەش بە بیریا دێت و لەلای ئەو خۆشەویستەیەوە بۆ شاعیر دێت وبەس و پڕ بە پڕو جێگەی ئەو ڕەنگ و بۆی گوڵ ڕێحانەی گوڵزاری ( ئیرەم )ی بۆ ئەگرێت ، چونکە ئەو خۆشەویستەی کە ( غەوس )ە و خۆی تاکانە ( تاقانە ) یە و لە پیت و پیرۆزیدا لە توانای ئەودایە کە چەندانی وەک شاعیر بە بەهەشت بگەیێنێ ، ئیتر بۆچی ئارەزووی گوڵ و ڕێحانەی گوڵزاری (ئیرەم ) بکات ؟ کە شتێکی مسوگەر نی یە کە دەست ئەکەوێ ، ئەگەر مەرجی تایبەتی لە شاعیرو ئارەزووکارانی ئەو گوڵ و ڕێحانەیەدا نەبێ ، بەڵام پەیوەندی و ڕوشتەی لەگەڵ غەوسدا بە پاکی یەکسەر ئەیگەیێنێ بە وانە .

## - ٣٧ -

## ( " هەر لە زەمی حەسەن دەدە " دا )

چیبکەم لەگەڵ ئەم چەرخە ، کە ئەو ماکەر و دێڵە
ساحیبی دیوەخان و کەر و ماین و چێڵە
تەیارە شکێنێکی هەیە ، لوولەی چەرمین
ئەستوون شکەنە ، دوگمەلی یە گوڵخەنی فیلە (١)
دەستێکی هەیە ، ڕەندە بە ئێکرام و تەوازع
مەعموورە لە سایەی فەرەحە ، ئابادی جەحێڵە
وەقتی بە تگە دێت و دەکا ئارەزووی دان
وەک بزنی بەروایەتە،هەموو پاشی کەمێڵە(٢)
حاشا لە قەزایە کە ئەوە ضابطەیانە
بەد جەهرە ، وەک پیرەزەندی مەندیی خێڵە
بۆ شانی حکومەت ئەسەفە ، سووکی یە قوربان
حاکم بەسەری خۆت ! ئەوە لەم شارە مەهێڵە
حەیبالە لە مەیدانی ئیطاعەت بە دەلاکی
ئەو کوونی یە شەرمی نی یە ، بەو ڕیش و سمێڵە
زانیومە لەبەر خاتری کێ سەرفی نەزەرتە
" ئەو " بەدترە لەم ، چەرخی دەنی چەوت و چەوێڵە
" میرزا " چ دەڵێی چەرخی دەنی دوون پەرستە
مەردی چ نی یە ؛ تالع و ناوچاو و تەوێڵە

****

لێکوڵینەوە و لێکدانەوە : - (*)بە پێی سەرناوی شیعرەکە لە دەستنووسەکەی شاعیردا ، ئەم شیعرە وەک نامەیەک بو لابردنی - حەسەن دەدە-پیشکەش بە بابەکر ئاغای کردوە .

(١)- ئەستوون شکەن : نیشان شکێن .. ئەستوون : کۆڵەکە .

(٢)- شاعیر لە دەستنووسەکەیدا لە جێگەی " تگە " نووسیویە ( تەڵەب ) ئەوە هەڵەی نووسینە ؛ چونکە ( تەڵەب ) بۆ ماین و ( فاڵ ) بۆ ماکەرو ( با ) بۆ گوڵ و ... تگە " بۆ بزنە .. شاعر لە بزن دواوە.

## ( دیسانەوە لە بارەی سیاسەتی حەسەن دەدەوە لە ناوچەی پژدەردا )

ئەوا نزدیکە وەقت و مەوسمی تەعدادی ئەغنامە
تەماشای وەزعی دەورانکەن ؛ نەتیجە چەندە ناکامە
شەفیق مەئموری پژدەربێ و حەسەن بۆ مەنگوڕی زوودی
عیتاب ناکەم لە حاکم من ، لەگەڵ والیی ی بەغدامە
حەسەن چۆن لایقی شەئنی هەیە بۆ سلکی مەئمورات
وەجاخ و مامەش و مەنگوڕ ، لە سایەی جوملە بەدنامە
چ قۆناغێ نەماوە ؛ ئەو سەرێکی تیا نەدا یا دوو
لە تەحسیلاتی ئەعشار و لە تەخمیندا بە ئەقدامە
دەبێ چۆنم تەسالح بێ ؟ لەگەڵ کوێخایەکەی شێنێ
کە خوێنی کۆنی ، هێشتاکوو نەداوە ؛ تازە داوامە
ئوموری میللەت و زەبتی قەزا و مالی یە یەکسەر
لە زەبت و حوکمی ئەو دایە ، لەبەر ئەم وەزعە دەعوامە
گوزەشتە چوو لەدەس سەرفی نەزەر ، بێ موقتەزا وایە
بە هەر نەوعێ کە بوو ڕابورد ئەمن ترسی لەمەو لامە
بە مردن گەر نەجاتم بێ ، لەدەس ئەم ئابڕو و چوونە
بە وەڵلاهی ڕەزامەندم ؛ لە داغ ئەو کونە پسمامە
ئەگەرچی ئیفتیخارە ، نیصفی میللەت بوتە عەشرەتمان !
ئەمن خوێشایەتی ناکەم ، دەرمەکەن لەم دەرو بانە
ڕەفیقان موتەحیدبن ئێوە ، بەسیە ئابڕومان چوو
زەمانێکە لە عالەمدا بە مەردی ڕەبتی ئیعلامە
ئەگەر حاکم قوبولکا " منْ بَعْدْ " - من - کاتبی ناکەم
دڵم هێندە لە حیرەتدا تەحەیور ماوە سەرسامە
قەڵەم یارایی تەحسینی حەسەن حوسنی نی یە چیبکەم
"غەفور" بێ جا،دەکەی هەرچی دەڵێی مەمدوحی ئاغامە

****

# ( بڕواو ناڵەی دەروون )

ئەمن دەرد و مصیبەت، وا لە جێی باب و براو کەسمە
بەڵێ :فریاد و ناڵەی شەو ، فەلەک گەر لێمگەڕێ بەسمە(١)
ڕەفیق و دۆست ، ئەما ئەمڕۆ بەدڵ بێتە عیادەتمان
چی یە ، دەرد و بەڵا خۆش بێ ، غەم و میحنەت بەڵا بەسمە
عیادەت بۆ کەسێ چاکە کە دووچاری مصیبەت بێ
مصیبەت ئەمری مەولایە ، ئەمن ئەم ڕەحمەتە بەسمە
غوبارێکم لەسەر دڵ بێ ؟بە ئەشکی دیدەکەم دەیشۆم
ئەمن پێم خۆشە ئەم حاڵە ، کەسێکم " بێ کەسێ " کەسمە
بە بێ مەیلی و موحیبەت کەس ئەگەر بێ ؟ هەر نەبێ نابێ
بە غەمخواری بەڵاو دەردت ئەمن خۆم بێ کەسی بەسمە
ئیرادەی هەق تەعالایە کە دوو چاری مصیبەت بووم
مەڵێ من بێ کەسم "میرزا" خوا خۆی بێ کەسە بەسمە

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

: - (*)ئەم شیعرە لە لاپەڕە (٩ . ١)ی کەشکۆڵەکەدایە .

(١) واتە : دەرد و ناڕەحەتی و ڕووداوی جگەربڕ هاو جووتە لەگەڵ ژیانمدا هەنگاو ئەنێ ؛ وەک باوک و براو کەسمی لێهاتووە و لێم جیانابێتەوە ، بەو حاڵەیشەوە هێشتا هەر پێی ڕاز یم ... با لە هات و هاوار و ناڵاندنی شەویشدا بەدەسیەوە بم بە مەرجێ ئەگەر چەرخی ڕۆژگار (فەلەک) لێم بگەڕێتو بارم گرانتر نەکات چونکە من ئەو تووش بوونەی خۆم بە بەس ئەزانم .

- ٤٠ -

# ( دیسانەوە لە بێ تاقەتی و کەچ ڕفتاری زەمانەی دوون )
# بۆ شێخ مەحمود (*)

وەرە جانا دەخیلت بم ، لەبەر ئەم جەژنی قوربانە
بە دەستی خۆت ئەتۆ بمکە ؛ بە قوربان ئەو حەفیدانە
دەبێتە - حەج و لئەکبەر - ؛ تۆ خەلاسمکەی لەدەست هیجران
بەشەمعی ماهی ڕوخساری بسووتێنم بێ حیجابانە
هەتا کەی لەم خەراباتە بنۆشم میحنەت و دووری
لە سایەی تۆ نەجاتم بێ ، لەدەس ئەم شێن و گریانە
چ حاجەت عومری وا دائیم ، بە ئاهو حەسرەت و نالێن
میسالی کۆتری یاهو بەنالەو ئاهو ئەفغانە
بەسە ، تاکەی لە پژدەردا بە زایع چێ سەر و مالم
چ خۆش ئەییام و وەقتێکە ؛ بڕۆم لەم مولکە وێرانە
بڕۆم ساکن لە مولکێ بم ، مقامی ( ئەحمەد ) ی شێخە
لە شوهرەتدا سلیمانی وەلێ ، جێی شاه و سولتانە
سەرو مالم فیدایی ڕەوضەی پاکی ڕەسولەللاه
لە سایەی ئەو محێ دینەیش شەفیعی جورم و عوصیانە
پەناهیدە بە دەرگاهی جەنابی حەزرەتی شێخم
لەهەر دوو عالەما "ئەو" شوعلە بەخشی نووری ئیمانە
ئەوا خۆم کرد بە قوربان ؛ ئاستان بۆسی شەهی گەیلان
بە ئومێدێ بڵێن : "میرزا" سەگی دەرگای پیرانە

****

---

لێکۆڵینەوە ولێکدانەوە :-(*)سەرناوی ئەم شیعرە ئەوەیە کە شاعیر خۆی لە دیوانە دەستنووسەکەیدا دایناوە و ئارەزوومەندی خۆی تیا دەربڕیوە کە لە (پژدەر)ەوە بگوێزرێتەوە سلیمانی و دیارە وەکو نامەیەکە بۆ شێخ مەحمودی نووسیوە .

## ( نیشتمانپەروەری )

ئەریٚ یاران ، لەبەرچی وایە عالەم ، مات و حەیرانە
لە گەرداوی غەم و هەمدا ، ئەسیر ودلٚ پەریٚشانە
دەبینی دوٚست و ئەحبابیش نەما مەیل و موحیبەتیان
کەوا ئیٚستا لە دەرهەق یەك ، دەکوٚشن بیٚ حیجابانە
ئەسەف بوٚ میللەتی ئیسلام کەوا کوردایەتی مەحووە !
لەبەر سووئی ئەمەل ئەمڕوٚ ، سیاسەت مەردی مەیدانە
وەها کەوتوٚتە داوی فیکرەتی تەحصیلی جیفە و مالٚ
شەریعەت پایەمالٚەو عیلم و تەدریسیش بەیەك " آنە "
چی یە ئەم گوٚنبەدی ئەفلاکە شینە ، وا لەسەرقینە
بە دائیم هەر وەکو بوومە ، بەحیلە و فیلٚ و ئەفسانە
فەلەك بوٚ خوٚی دەنی تەبعە ، وەها وەزعیٚکی گیٚڕاوە
بە کوللی کەس نی یە فکری بە چاکی لەم خیابانە
سەباتی بوٚ نی یە ، پیٚنج و دوو ڕوٚژیٚ لەزرەتیٚ نادا
بە کەس هەر وەك "ئەبو جەهلە"لە دووی خوونی شەهیدانە
بەهەر نەوعیٚ تەماشاکەی ، ئەوەندە دوون ڕفتارە
ئەساسی وایە ، ڕووی شینە ، بە عەکسی هەر لە دەورانە
خەیالی ( عالەم )ی دنیای نی یە ، غەددارە بیٚ، باکە
تەماشا ، چی لە عالەم کرد ، گەدایە ، ئیٚستە سوڵتانە
حیجابیٚکی نی یە ، بەد بەختە لوٚ ئەولادی کاك ئەحمەد
دەگیٚڕیٚ وەزعی ؛ ناهەموارو مەیلی کافرستانە
خەجاڵەت بیٚ، لە دیوانی خودا ئەی چەرخی بیٚ مروەت
کە بویتە دوشمنی خوونی ، لەگەلٚ ئەم قەومی کوردانە
دەسا ؛ چیبکەم ئەگەر جاریٚ ، دەگا دەستم بە دامانت
دەبینی چیت بەسەر دینم ، دەکەویە ڕەوتی دوٚمانە (١)

****

(١) - لیٚرەدا کە لە ڕەوتی دوٚمانە دواوە کینایەیە و لە پەندیپیٚشینیاندا هەیە وتراوە [،جوو ، لە ترسا ، ( فەقیٚ ) لە برسا و ، ( دوٚم ) بوٚپەڕوٚ خیٚرا بڕوٚ ] .

# ( تەوصیفی تەشریف هێنانی مەلیک بۆ سلیمانی )

بەشارەت بێ بیحەمدیللا ، لەنوێوە ، جەژنە سەیرانە
لە سایەی جەددی کاک ئەحمەد ، جیهان یەکسەر چراخانە
نەمادەوری سیاسەت ( کافرستان ) مەحوە ، یەکبارە
بە تەوفیقی خودا ئەووەڵ ، دووەم مەحمود حوکمڕانە
چرای دین هەڵکرا ، ئەحیا بوو ئیسلام سەربەسەر میللەت
هەموو وەک خونچە گوڵ ، پشکووتووە ، شادان و خەندانە
لە (خۆشناو)ا، لە (زێبار)لە کوردی ئەو بەری (بادین)
لە(هەورامان) و(گوڵ عونبەر)، کە بەر فرمانی(جاف)آنە
بەرەو خوار تاکو دەوری (خانەقین) و لای (جوانڕۆیی)
لە (کۆنە چەکمەڕەق) یەکسەر، هەتا (خانی دەرەویانە)
لە ناویاندا(ڕەئیس) و(میر)و(ئاغا)و(بەگی) هەبوون لاری
لە مولک و میللەتی خۆیان ، کە لاباریی سلووکیانە (١)

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : - (*)سەرناوی ئەم شیعرە هەڵبژاردەی خودی شاعیرە کە لە دیوانە دەستنووسەکەیدا بە فارسی نووسیویە ... هەر وەک لە ناوەرۆکی شیعرەکەوە دەرئەکەوێ کە شاعیر ئەم شیعرەی بۆ پێشوازی کردنی شێخ مەحمود داناوە لە کاتێکا کە لە دیلی ئینگلیزەکانەوە دوای جەنگی بازیان و گەڕانەوەی بۆ سلیمانی بە پاشایەتی .

(١)- لە بەیتی (٤ . ٥ . ٦)ئەم سێ تاکە بە (یت)ە ناوی ئەو شوێنانەن کە هەندێ لە گەورە پیاوەکانیان هاوگفت و هاو پەیمان و هاودڵ و هاورێرەو نەبوون لەگەڵ شێخ مەحمود ! .....
هەروەها خودی شێخ مەحمودیش بەرامبەر بە هاوبەش نەکردنی (خەسرە و خانی دەرەویان )ی لە شۆڕشەکەیدا و گیرانی لە لایەن ڕەضا شای پەهلەوەی یەوە وتوویەتی : -

لوتفی شیرینی نەبوو (خەسرەو )لەگەڵ فەرهادی کورد
بۆیە کەوتە دامی (شێرو) تامی (شێرین)ی نەکرد

ئەمجا شاعیرمان بەو گەورە پیاوانەی لە تاکی شەشەمدا بە (لار) ناوی بردون بەرامبەر بە

له ڕێی(ئینگلیز)ی کافردا،لەگەڵ (ڕۆم) و(عەجەم)جەم بوون
نە(دنیا)یان بەدەس هێنا ، نە(عوقبا)یان لە هەمبانە
کەسانی طالیبی جیفە و تەماعی مالی دونیا بوون
خەجالەت بارو ، مەحجووبن ، لە کردەی خۆی پەشیمانە
بە (شەرعی مستەفا)نابێ ، کەسێ باغیض بە (ئەحمەد)بێ
بە هیچ دینێ ڕەوا نابێ ، عەدوو بێ بەو حەفیدانە
لە سلکی کوردەواریدا ، لە مولك و میللەتی ئیسلام
لەکوێ پەیدا دەبێ شێرێ وەکو ئەو مەردی مەیدانە
بە ئەحکام و عەدالەت ، زوبدەیی ئەولادی حەیدەر بن ؟
دەبێ چۆن تابیعی ئەمری نەبێ ؟ ئەو دوو برایانە
سەرم قوربانی فیکرو هیمەتی نەسلی (هەماوەند)ە
(کەریم بەگ)خۆی نەکرد،تابیع،بە ئەو بێ چاوو ڕوویانە(٢)
لە(کۆیە)ش مەردی مەیدان،وەك(ڕەسوڵ ئاغای کەریم ئاغا)
بە سەربەرزی لە ئەربابی حەمییەت دا نومایانە(٣)

---

کوردستان (ملك) و کورد (میللەت) و بە (لابار) یشی ناو ناون چونکە لەگەڵ ئینگلیزی کافرو تورك (ڕۆم) (عەجەم) و ئێرانی دوژمندا هاریکاریان کردوە ·

(٢)- دوای ئەمانە شاعیرمان بابەتێکی نوێی پێشکەش کردوین و نموونەیەکی مێژوویی و ڕووداوێکی خەباتکاری پێراگەیاندوین کە وەك پشتگیری یەکەی (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند)بۆ شێخ و درێژەدان بە شۆڕشە پاك و کوردایەتیەکەی دژی دوژمنانی گەل و نیشتمان ، بۆیە شاعیرمان سەری خۆی کردوتە قوچی قوربانی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و خەباتکارانە ، دیارە ئەو دڵسۆزەمان بە تایبەت کە خۆی نە کردوتە (دەربار) و بەندە و (تابیع) ی ئەو ئینگلیز و ڕۆم و عەجەمە بێ چاو و ڕوانە و چلکاو خۆرەکانیان .

(٣)- لەم بەیتەشدا نموونەیەکی تری لەو خەباتگێڕی و شۆڕشگێڕی یە لە ڕۆڵەیەکی تری ناوچەی (کۆیسنجاق) دا پێراگەیاندوین ئەویش (ڕەسوڵ ئاغای کەریم ئاغای کۆیە) بوو ... کە شاعیر بە شیعرێکی دیکەی بە تایبەت لەو دواوە ... ئەو ڕۆڵەیەی بە پیاوێکی دیاری - نومایان- و ئەربابی حەمییەت و بە سەربەرز پێناسەی کردوە .

بە حەق(ئەهلی سلێمانی)یش وەکو بەبری بەیان دۆستان
لە پشت پاشایی خۆیان و لە ڕووی ئەو(سیك)و(بانیان)ە(٤)
بەڵێ بێکەس نی یە ئەم قەومە ، ئێمڕۆ شاهو سەرداری
مەلیك مەحمودە ، سامان و سەرو جانیشی قوربانە
پڵنگ ئاسا،عەشائیر صەف دڕی هێزی(عەدوو) بوون،گەر؛
(سەگی بازود)ش زیانی خۆی ئەبێ چون،قەولی پێشانە(٥)
نەبۆتە تابیعی فیکری گەڵی عەشرەت ، وەکو کێ بێ
جەنابی کاکە سور ، ئەمڕۆ ڕەئیسی جوملە پیرانە
بە دوو ڕوویی گەلێ وەزعییەتی گۆڕیوە ئێستاکە
دەڵێ :[من تابعی شێخم ] " مەعازەڵلا " کە بوختانە
به حەفقی سوورەیی (تاها) و (یاسین) ، ئایەتی تەورات)
درۆیە ، شەیتەنەتکاری دەکا وەك (پەرمەسۆن)وانە(٦)

---

(٤)- نموونەی سێ یەم کە شاعیرمان لەم بابەتە دەستنیشانی کردووە کە لە (خۆ و سەرو سامانی بوردە ) لە پشتگیری شێخدا وەك پاشایەك و ڕوو بە ڕووی سوپای داگیرکاری ئینگلیز کە(هیندی)یە سیك (سیخ) و (بانیان) بوونەوە ، ئەوانیش ڕۆڵەنەبەردەکانی سلیمانین کە وەك بەوری بەیان جوامێریان نواندوە ... شایانی باسە لە مێژوی نوێی ماندا تا ئێستە نە مێژو نووسێك، نە شاعیرێك و نە نووسەرێك دانی بەو بەشداری و هاوکاریەی ڕۆڵەی شاری سلیمانی یەدا نەناوە و ئەو زیانە زۆرەی سەرو سامانیان بە هەموو خۆبەخت کاریەکەوە بەرامبەریان ڕاتەگەیاند و لەو بابەتەوە لە (سالم و کوردی ) بەو لاوە ئەویش تێگەیشتنی قوولی مێژووناسی شاعیرمان ئەگێنێ .

(٥)- لەم بەیتە بە دواوە تاکو بەیتی (٢١) لە باری پیاوانە و جوامێرانەی خێلایەتی یە کوردەکانەوە ئەدوێ ،بەلام لەناو ئەوانیشدا هەبووە کە دژەنیشتمان و گەل بوون و بە (سەگی بازود)ی ناوبردون، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەو پەندی پێشینانەی کە ئەڵێ : [ سەگی سپی بۆ بارخانەی لوکە زیانیە ] .

(٦)- بۆ سەلماندنی ئەم ڕەچاوکردن و ڕایەی خۆی کە (شاعیر)سوێندی بە سوورەی (تاها) و (یاسین) و (ئایەتی تەورات)خواردوە کە (١٨) ئایەتی لە سوورەتەکانی (٣ ل عیمران ) و (الاعراف)و (التوبة) و(الفتح) و (الصف) و(الجمعة) دا کە وشەو یا ناوی ( تەوارتیان) تیا هاتووە .
ئەوا سوارئاغا سەر بە شێخ نی یە و شەیتەنەتکاری لەوەدا ئەنوێنێ هەر چەندە بەسەرزاریش سوارئاغا بڵێت : شێخم ئەوێت و تەنانەت سوێندیشی لەسەر بخوات هەر ڕاست ناکات ..

بە گوێی خۆم من لە نوتقی ئەو سەماعم کردووە؛دەیوت :
[خەیاڵی خاوە شێخ ، - بتوێن -مقامی ، شێری مەردانە
چ حەددێکی هەیە کەس بێتە سەر ئۆردووی ئینگلیز ،
ئەگەر کافر ببم دەیکەم ، شەڕێکی پەهلەوانانە]
خەجاڵەت بێ ئەوانەی فیکری فاسیدیان لە گەڵ شێخە
جیهان تاسەر نی یە بۆ کەس ، سییەهـ ڕوو بێ ، ئەوی وانە
ئەگەر بێتوو هەموو (یەک بن )؟مەڵێ : (تەختی سلێمانی)
بڵێ(میرزا)مەلیک مەحمود لەسەر( تەختی سولەیمان )ە(٧)

---

( ٧ ) - لە دوا بەیتیدا شاعیر بیروڕای خۆی لە چارەی ئەو ناکۆکی و خراپانەدا دەربڕیوە کە ئەگەر بێتو یەکگرن ئەوا لە جێگەی ئەوەی کە شێخ و پادشاو فەرمانڕەوای پاشایەتی کوردستانی خوارو و بێت و پایتەختە کەی ( تەختی سلیمان پاشای بابان)ە کە ئەو شاری سلێمانی دروست کردوەو ئێستە ( کانی شاعیر ) ئەو شاری سلیمانی یەیەو پایتەختی پاشایەتیەکەی شێخە ، تەنیا بەو یەکێتی یە شێخ وەکو حەزرەتی سلیمان فەرمانڕەوای هەموو قەڵەمڕەوی خاکی ... وەک ئەو لەسەر ( تەختی سلیمان)ئەبێ .

لە کۆتایی ئەم لێکدانەوەیەی شیعرەکەدا ئەوە ڕوون ئەکەمەوە کە ئەم شیعرە لە دەستنووسەکەی خودی شاعیر (١٤) بەیتە ، بەڵام ئەوەتا لێرەدا (٢٣)بەیتمان پێشکەش کرد ، ئەویش لەوەوەیە کە بەیتەکانی (١،٢،٣،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٧،١٨،١٩،٢٠،٢١،٢٢،)ەو ئەو بەیتە زیادانەیم لە نوسخەی دەستنووسی مامۆستا حەمە بوورەوە دەستکەوت کە بریتی یە لە بەیتەکانی (٤،٥،٦،٧،١٣،١٤،١٥،١٦،٢٣). واتە (٩)بەیتی شیعرەکە شاعیر یا پڕکێش نەکردوە بیان نووسێ یا لە کاتی نووسینەوەیدا هەمووی لەبەر نەبووە و نوسخەی تەواوی لا نەبووە کە بەراستی ئەم شیعرە گەیاندویەتە پۆپەی نەتەوایەتی .

## ( له پێشوازی شێخ مەحمود دا بۆ سلیمانی )

"بیحەمدیللا" لە نەوە مۆڵكی كوردستان چ ڕضوانە
بە تەشریفی جەنابی حەزرەتی ئەو دوو حەفیدانە
بەشارەت بێ جیهان یەكسەر موزەین بوو بە تەشریفی
جەنابی زاتی شێخ مەحمود لەسەر میللەت حوكمڕانە
شوكر دینی موبین ئەحیا بوو ، عالەم كەوتە ئاسایش
نەما عەجزو كەدوورەت،مولك ومیللەت ئەمن و ئامانە(١)
لە سایەی ڕەوضەیی پاكی جەنابی زاتی كاك ئەحمەد
عیراق ئەمڕۆ بە فەیضی "ئەو" سەراسەر وەك چراخانە
ئەلا ئەی مونكیرانی ئال و بەیتی موستەفا نابێ
كە خۆفێكی خوداتان بێ ، حجابێ لەم زەواتانە
سولالەی ئەحمەدی شێخ دوو حەفید بوون بۆ ئومووری دین
ئەوانیشیان بە كافردا ، نەتان هێشت لەم ولاتانە
دەبوو هیچ كەس نەمایە ، میللەتی ئیسلام لە ماتەمدا
لەپاش ئەو دوو عەرەب سوارە و جەنابی ئەو حەبیبانە

لێكۆڵینەوە و لێكدانەوە : - (*) واتای گشتی قەسیدەكە بە بۆنەی هاتنەوەی شێخ مەحمودەوە لە بەندی و دوورخراوەیی یەوە وتراوە .

(١)- كەدوورەت : ناخۆشی و پەستی .

واتە : لە سایەی سەری شێخ مەحمودی گەورەوە ، ئاینی ئیسلام بوژایەوە و دنیا ئاسایشی تیا بەرقەرار بوو ، دیارە دنیا بەو شادی یە ئەوە ئەگەیێنێ : میللەت لە هێمنی و ئاسایش و دوور لە دڵتەنگی و پەستی ئەژی .

دەبوو خاکی هەموو عالەم بەسەرداکا سلیمانی
نەژادی طاهری ئەحمەد غەریبی عارەبستانە
تەماع و جیڤەیی دنیای دەنی ، ئەهەمیەتی چی بێ
کەوا شێخ و مەلاو سوفی خەریکی فیعلی شەیتانە
نەما شوری محەببەت قەوم و خویشی ؛ کەی لەگەڵ کەسدا
وەفا یەکسەر گرفتارە و ئەسیری چاهی کەنعانە(٢)
لەبەر سووئی ئەمەل حەیفە کەسێ لەم وەزعە ڕوو لادا
وەرن ئێوەش ئتاعەتکەن ، بە ئەمری ئەو حەبیبانە
دەمێ (عەونی )کە دەینووسی ، نەما قوربان و قوربانی
مقالاتی دەدا : کوێر هەر بە ئومێد نووری چاوانە
کە نەیزانی " بیحەمدیللا " خودا ئەولادی شێری خوێ
تەلەف ناکات و نافەوتێ چرای ئەم ئەهلی کوردانە
بەڵێ ؛ شەرعەن دەبێت موئمین لە ئاسیب و بەلادا بێ
ئەزەل تەقسیمی هەق وایە ، ئیرادەی حەیی سوبحانە
برای دینی تەمەنناکەن لە قاپ حەزرەتی باری
بیحەمدیللاهو وەلیننە نەما ئەو زولم و نسیانە
خودا کوێری دەکا هەر کەس عەدوی ئەولادی ئەحمەد بێ
لەبەر بوخل و حەسادەت وەختە کوێر بێ میرو ئاغانە
بە سووئی ظەن مەڵێن : " میرزا " بە ئومێدی خەیاڵێکە
کە چونکە ئەو " أبا عن جدْ " سەگی دەرگاهی گەیلانە

*****

(٢)- چاهی کەنعان : ئەو چاڵ (چاه)ی (کەنعان) بووە کە لە کاتی خۆیدا حەزرەتی یوسف لە لایەن براکانیەوە خرایە ناویەوە ، کە مەبەست لە شێخە وەك یوسف خراوەتە چاڵەوە .

- ٤٤ -

# ( جەژنێک لە کۆیە )

چی یە ئەم شۆڕ و غەوغایە ؟ لە ڕووی عالەم نومایانـــــــــە
لـەهـەر لایـیٚ تـەمـاشـاکـەی ؛ گـوڵ و گـوڵدەسـتـە ئـەفـشـانـە

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

ـــــــــــ : - (*)- شاعیر لە دیوانە دەستنووسەکەیدا لەسەرناوی ئەم شیعرە یدا ؛ ئەم تێبینی‌یەی نووسیوە : - [ لە تەشریخی سالی سیٚ صەدو چلو حەوت (٣٤٧)دا ، بۆ تووتن فرۆشی چووبوومە کۆیە ، لەنیو ڕەزالەتی تووتن و جەژنی ڕەمەزانا بوو ، مەخلوق لە جەژنە پیروزە و عوشرەتا بوون و منیش موونیسم غەم و فیراق بوو ، خۆم لە وەقت و زەمانە بیٚ خەبەر کرد ، ئەم چەند قسانەم تەرتیبدا ، ئەگەرچی مەقبولیش نی یە ] ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەقی سەرناوەکەی خودی شاعیر بوو ، بۆ ئەم شیعرە و ئەم دیاریکردنی ساڵ و کاتە یەکەمین جارە و دواجارە کە بەو چەند پەڕە دیوانە دەستنووسە خۆیەوە ئەخوێنرێتەوە ، کە ئەو جەژنی ڕەمەزانی سالی " ١٣٤٧ "ی کۆچی یە ، یەکەم ڕێکەوتی (١٢)ی مانگی گولان " نیسان " ی سالی ١٩٢٩ ئەکات کە ئەو ڕۆژە هێشتا (٢٢) ڕۆژ پتر بەسەر جەژنی نەوروزی ئەو ساڵەدا تێنەپەڕیبوو لە بەیتی (٩) هەمدا شاعیر هەمان جەژنی ڕۆژ و ( ڕەمەزان) ی بەستووە بە جەژنی نەوروزەوە کە ئەوەش سۆزو کوڵی شاعیر و نیشتمانپەروەری ئەگەیەنیٚ لە یاداشتی ئەو ڕۆژە پیروزە گەلی و نیشتمانیە ڕەسەنەماندا ، هەر وەک نموویەکی ڕەسەنی شێوە نووسینی پەخشانی ئەو ڕۆژەمان لە ناوچەی سلیمانی ئەگەیێنیٚ و وێنەیەکی باری گەلمان لە (کۆیسنجەق) پیڕائەگەیەنیت کە ئەو شاروکە کوردەش نموونەی گوندو شاروکە و شارەکانی کوردستانمان بووە لە جەژنی ئایینی و نیشتمانیدا .. لەپاڵ دوور بینی باری ناهەموارای و غەمگینی خۆیدا و بۆ ڕەنگ و بۆ و چێژ بەخشین بە شیعرەکەی هەندیٚ تاکە ( بەیت) ی دلداریشی ئاوێتە کردوە کە ئەو ڕەنگە ڕەش و پەستەی شیعرەکە بشارێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاتە شاعیر لە تەمەنی (٥٩) ساڵانی و سیرەی گەڕانەوەدا بووە ، بەلام خۆی وا دیاریداوە کە وەک گەنج و مێرد منالێکی تازەپێگەییو وەهایە ، ئەوەش زەوقی بەرزی شاعیر دەرئەخا کە بەڕاستی نەک هەر ئەم شیعرەی بەشکو ئەم دیوانەی و هەموو شیعرەکانی بیٚ گەردترین وێنەی ڕاست و دروستی ئەو سەردەمانە بوون .

لەهەر کوچەو گوزەرگای ، دەبینی جەمعی خاص و عام
کە موستەغنین لە عوشرەتدا قەدەح نوشن بە پەیمانە (١)
دەبینی دەستە دەستە صەف بە صەف پیرو جوان ئەمڕۆ
بەعەیش و نوش،مەشغولن ،لە گوشەی باغ و بوستانە
تەحەیورمام گوتم : ئایا دەبێ ئەمڕۆ چ قەوماوە ؟
کە ئەم وەزعی یەتە چی بێ ؟ جیهان یەکسەر چراخانە
مەگەر ڕۆژی قیامەت ڕەستخیزی کردوە ئەمڕۆ
چریکەی بولبول و نالە و صەدای قومری و مورغانە(٢)
ڕەقیبیش هەر وەکو سەگ دێ و دەچێتو ، هات و چۆیەتی
دەبینی ، غونچەگوڵ پشکووتووە ، بولبول غەزەلخوانە
منی میحنەت زەدەی دووری ، سوآلم کرد لە ڕووی تەعظیم
کەچی پێم پێکەنین ،وتیان : چی یە ئەم خانە ویرانە
دەبێ ئەم غەم زەدە نەیزانبێ ئەمڕۆ مەوسمی عیدە
صەدایی نالەو نەی و بەربوط لەڕووی گەردون لە دەورانە
لە ڕووی ئەلطافەوە وتیان : غەریبی بێ نەوا هەستە
تەماشا(عید)ە،(نەوروز)ە لەهەر لا جەژنە سەیرانە
گوتم :یاران..زەدەی زەخمی فیراق و طەعنی ئەغیارم
سەرم سەودایە،سینەم پڕ لەداغی لالە ڕوویانە
ئەمن تەقسیمی هەتی ، بێ قسیمەتی کردوم و مەئیووسم
کە دڵ مەحرومە (دوو جەژن)ە بە ئومێد جەژنی قوربانە

---

(١)- پەیمانە : پەرداخ ، جامی شەربەت و شیرینی پێخواردنەوە .

(٢)- ڕەستخیز : جومبوش ، ڕاپەڕین ، هەستان .

ئەگەر هەق فرسەتمدا ، خوم بکەم قوربانی بالاکەی
تەنافی گەردنم بی تایی لەو زولفە پەریشانە
مەکەن مەنعم بەشەیدایی ، دلم پێی خوشە ئەم حالە
چی یە ؟ کالای عومرم بی ، فیدای ئەو چاوە کالانە
چ حاجەت ئیستە تەعریفی کە شوخیکی هەمارایە
دەلیم ئاهووی تاتارەو وەلی کەبکی خەرامانە
بە نیمە غەمزەیی چاوی دەکا تاراجی مولکی ودل
هیلالی جووتە ئەبروکەی فریبی کوفرو ئیمانە
سیەهماری سەری زولفی وەها پیچانی گەردمە
بە مەعلوومی خەلاس نابم لەدەس ئەو جووتە مارانە
بەسەدلوقمان و ئیفلاتوون عیلاجی دەردی من ناکەن
مەگەر لوتفی خودایی بی و نیگاهی لەو دوو چاوانە
تەلەف بوو مایەیی عومرم لەپیناوی،کەچی ئیستا
بەخەندەپیم دەلی چیبوە ؟چی یە ئەم دادو ئەفغانە
فیدایی چاوی کالی بی ، سەر و سەرمایە و سوودم
بە قوربان لیوی ئالی بی ، وەکو (گول غونچە) خەندانە
لەبەد بەختیمە یاخو کەس نەبوو ساحیبی مروەت بی
بلی چیبی لی بەسەرهات ئەو غەریبی کونجی خانانە
وەرن بەشقی خودا با یار نەبی موجریم بە خوینی من
شەهادەت بەن کە بی دەخلە ، ئەجەل لەم وەقتە میوانە
چ روژیکی عەزیزە یا ئیلاهی گەر نصیبم کەی
بلین : -میرزا غەفور-کوشتەو شەهیدی تیری موژگانە

* * * * *

# ( نومایشگا یەکی ژیان )

بەهارە مەوسمی عەیش و( نیشاط)و بادەنۆشینە
خەیاڵی عاشقی بێ دڵ بە دائیم زایەڵەو شینە
لە عەکسی چەرخی دوون پەروەر دڵی ڕەندان عەزا پۆشە
بەڵێ : حەققی هەیە گەردوون ، کەوا بێ باکە ڕووی شینە
تەماشای حاڵەتی بولبول بە ئومێد قەترە ئاوێکە
شەو و ڕۆژ ناڵە و شۆری قەریبی ماهو پەروینە
چریکەی بولبول و قومری لە پای سەروو سەمەن دا دێ
دڵی میحنەت زەدەی من هەر لە فیکرو ماتەمی ژینە
نەسیمی صوبحدەم ئەفشانی کرد پەردەی گوڵ و سونبول
لەبەرچی مە منی مەحزون بەهارم لێ بە هاوینە
لە شەوقی سەبزەزار و حوسنی مەهڕوویان دڵی عاشق
بە دایم گوڵ گوڵە و سەد پارەیی غەرقاوە ، خوێنینە
چی یە تەقسیمی عاشق ؟ دائیما هەر حەسرەت و داغە
مەگەر جیلوەی پەری ڕوویانی نابێ ، بۆیە غەمگینە
وەرە ساقی دەخیلت بم کە ئەم پێنج و دوو ڕۆژە من
لە ڕەهنی مەی وەری بگرە لە من ئەم عومرە شیرینە
ببەخشە پێم ، پیاڵەی مەی لە نوێوە ! تازەکە عومرم
بە نادانیم لەدەس دەرچوو (سەبوو)، لەو پەنجە ڕەنگینە
هەدەر چوو عومری شیرینم ، بەضایع ڕۆیی ئەوقاتم
عەبەس صەرفم نەکرد ڕۆحم لە ڕێی ئەو قودوەیی دینە
خوداوەندا بە لوتفی خۆت ببەخشە جورم و عوصیانم
کە چونکە " خاڵەمیرزا " ئاستان بۆسی " محیّ دینە "

---

(*) ئەم قەسیدە لە لاپەڕە (١٠٠)ی کەشکۆڵەکەدایە ..

شاعیر لە دەستنووسەکەیدا سەرناوی ئەم چامەیەی بە فارسی نووسیوە ئەمە کوردیەکەیەتی [دیسانەوە وتەی میرزا ، لە بێ کاتی خۆی و ناهەمواری یار لە شوێنی خۆیدا دواوە ].

## ( لەگەڵ دڵی خۆدا گفت و گۆ کردن )

دەڵێ : بۆچ ؛ زولفی مەهرووییان لەبەرچی وا گژو خاوە
سیەرەنگی شەوە ؛ بۆیە لە صوبحی جەبهە توراوە
وەها دووچاری.گەرداوی غەم و جەوری غەریبی بووم
عیلاجم ناکرێ ، نابم خەلاص لەو دانەو داوە (١)
بەڵێ ئەو جووتە رەشمارە ، کە ئاویزانی سەرشانە
دەبێ "ئەو"بۆچی وابێ ؟ لەو قەدە ، لاو لاوە ئالاوە
بە مەعلومی خەلاص نابێ کەسی لەو جووتە رەشمارە
ببینێ " ئەو " بە چاوی " من " چلۆن رەسمێکە کێشراوە
سروشتی (سا)یە،روخساری،سپی و سوور ، سێوی (سەردەشت)ی
نە ؛ کاری (دیمە شۆرە) ، یا نەهی (سووراو) و (سپیاو)ە (٢)
ئەگەر دوو نەرگسی شەهلا بەدەرخا "بەدر" شەیدایە
لە تەعقیبی نەزارەت گایی ، ئەو شۆخی شەهێن چاوە (٣)
تەماشای "خاڵە میرزا " کەن چ شۆرێکی لەسەردایە
بە پیری چەندە ئەشعاری لە رێگەی عەشق داناوە

****

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

: - (*)- ئەم شیعرە لە لاپەڕە ( ٨٠)ی کەشکۆڵەکەدایە .

(١)- دانەو داو : دان : ئەو دەنکە دانەوێڵەیەیە کە بەناو داوی (داو)یش ئەو داموسکە قولفاو و قولفەیە کە پەل یا باڵ یا سەری مەلی پێوە بوو هەتا بێ کونە قولفەکە پتر دێتەوەیەک و مەلەکە ئەگرێ ، ئەمەش نیشانەیە بۆ " خاڵ"ی رووی دڵخوازەکە داوەکەش تاوی زولف و ئەگریجە و مەلەکەش دڵی دڵدارەکەیە .

(٢)- ئەم بەیتەم لە نوسخەکەی مامۆستا حەمە بۆرەوە وەرگرتووە .

(٣)- شەهێن : باڵندەیەکە هاو توخم و رەگەزی هەڵو و بازە .

- ٤٧ -

## ( باری ناهەمواری نیشتمان )

لەدەس وەزعی زەمان یاران ، دڵم ئاسیمە سەرماوە
لە کرداری کەچی گەردون ، فەلەک حەیران و شێواوە
چ ئەحواڵە خوداوەندا ، کەوا عالەم بە یەکبارە
لەیەکتر دوژمنی خوێنین ، دڵی ئیسلامی گۆڕاوە
بە قەولی فاسیدی عالەم ، تەبەدول بوو دڵی خوێشی
نەما مەیل و موحیبەت ، ڕوشتەیی نامووسی شۆڕاوە
ئەسەف بۆ میللەتی کوردی کە غیرەت حاصلی کوردە
لە جێی نامووس و غیرەتیان،هەموو سووئی ئەمەل ماوە (١)
دەڵێن : ڕوکنی شەریعەت ڕەسمە بۆ ئەم میللەتی کوردە
کەچی ئێستاکە بۆ جیفە نە کورد ماوە ، نە دین ماوە
چ خاکێ کەم بەسەر ؛ یارەب بڵێم چی چۆن خەلاصیم بێ ؟
لەدەس ئەم قەومە بێ مەغزە ، نە مێنم من لەمەولاوە
درێغ بۆ حاڵەتی کوردی کە بوتە مەبحەسی هەر کەس
کە فەرقی نیک و بەد ناکا لە بێ ئەقدامی وەستاوە

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە
______ : - (١) - شاعیر داخ و درێغ بۆ نەتەوەی کوردی خۆی دەربڕیوە ، لە کاتێکا کە داب و نەریتی دێرینەی کورد وەها بووە (غیرەت و ئازایی و خوێی بەرهەمی کوردەواری ) بووە ، کەچی لە جێگەی ئەو ڕەواڵەت و ڕەوشتە بەرزو مروڤایەتیانە ، بەهۆی دووبەرەکێتی و دەستی بێگانەوە جگە لە هیوا ؛ لە خراپەکردن چیان بۆ نەماوەتەوە .

ثـوبـاتـی بـو نـی یـه ڕۆژێ ، لـەسـەر قـەول و قـەراری خـوێ
لـەبـەر بـوخـل و حـەسـادەت ، کـوێر بـووە زیـهـنـی پـەشـۆکـاوە
(عـەجـەم بـاز)ە گـروهـێکـی و کـەمـێکـی مـاوە دڵسـوزە
بـە مـوڵک و میـلـلـەتی کوردی چ کـارێکـە ، کـە قـەومـاوە (۲)
گـەهـی تـەعـقـیـب و ئـیـسـتـقـبـالـی تـورک و گـاهـی ئـیـنـگـریزە
چ فـکـری مـیـلـلـەتـی نـاکـا ، چـلـون داوێـکـە تـەنـراوە
وەرن بـەشـقـی خـودا فـکـری لـە حـالـی کـوردەواریـکـەن
بـە جـەمـعـیـەت ، بـەیـەک ڕەنـگـی ئـەگـەر سـەر ڕشـتـەیـی مـاوە
کـە بـەڵکـو مـوڵک و میـلـلـەت جـوزئـیـی تـەئـمـینی حـاصـل بـی
هـەتـا لـەم وەزعـە دەورانـە ، هـەتـا ئـەم داوە نـەپـسـاوە
بـە قـەولـی بـی نـەوایـم کـەن ، ئـەگـەر حـەددی جـەسـارەتمـە
فـیـدای قـەوم و مـیـلـلـەت بـی " غـەفـور " لـەم ژیـنـە تـوراوە

****

---

(۲)- ئەم بەیتەم لە نوسخەکەی ماموستا حەمە بورەوە وەرگرتووە .

## - ٤٨ -

# ( میرزا لەگەڵ ئەحواڵی خۆی دواوە )

ئێستە من چاوم ، لەبەر زاری و فیغان ، کەم بین بووە
قامەتیشم ؛ وا لە سایەی میحنەتا چین چین بووە
وەک ( فەنەر ) کەوتۆتە سەریەك ،(خەم) بووە ئەلفی قەدەم
رووی سیام مەعلووم بە(تا)ی مووی سپیم پەرژین بووە (١)
هێندە"جاری"بوو لە چاوم ، ئەشکی خوێنینی جگەر
وا دەزانم (جوزئیی) بەو ئەشکە ؛ رووم ڕەنگین بووە
چی لەگەڵ وەزعی زەمانە و چەرخی دون پەروەر بکەم
بێ خەتا لێم بوتە دوشمن ، دڵ ڕەق و سەنگین بووە

---

( * ) ئەم سەرناوە شاعیر خۆی بە زمانی کوردی لەدەستنووسەکەیدا هەڵبژاردوە .

(١)- فەنەر یا فەنگەر : پارچە کاغەزێك ئەکرا بە شێوەی بۆریەك کە تیرەکەی نزیکەی قولانجێك و بەرزی بستێك بێ ، لەگەڵ ئەوەشدا قەف قەف لەسەریەك قەد کرا بێ ، کە بویستری بە ڕاکێشان بکرێتە بۆری و بە تەپاندن تەخت ببێ ، سەرێکی یا لایەکی ئەو بۆری یە لەسەر پارچە مقەبایەك بە جەوی"یاسریش ئەلکێنری و لەناو قەدەکەی ئەو مقەبایەدا مۆمێك دائەگیرسێنرا و بەلای سەروی بۆریەکەوە دیسان پارچە مقەبایەکی کە ؛ ناوەندەکەی کونێکی گەورەی خڕی تیابێ کەمێ لە دەمی بۆرێکە گچکەتربێ و تاوە دەزوویەك ، بە دوولای بەرامبەر بە یەکتری مقەباکەی سەرەوەیا بەند ئەکرا بۆ ئەوەی وەکو دەسك بە دەستەوە بگیرێ ، ئەوە"فەنەر" یان پێ ئەوەت ، هەندێ جار کاغەزی بۆریەکە چەور ئەکرا تاکو تیشکی مۆمەکە پتر بداتە دەرەوە و ڕوناکی ببەخشێ ، ئەوە لە جێگای چرای دەستی بوو ، خەڵکی بەشەو لەماڵێکەوە بۆ ماڵێك بچوونایە ئەوەیان بەدەستەوە ئەگرت ، هەندێ جاریش بە دەزووی (کۆڵلارە)ی منالاندا بە داگیرساوی سەر ئەخرایە لای کۆڵلارەکەوە و بەشەو جوانیەکی بە خەڵکی ئەدا .
شاعیر لەم بەیتەدا بالای کۆماوەی خۆی لەبەر پیری بە تەپیوی و قەف قەفی فەنەرەکە چوواندوە .

واقیعەن چەرخی فەلەك هەر عەکسی یە ، دەورانی ئەو
چونکە ئەحوالی وەهایە ؟ لای خودا ڕووی (شین)بووە
بەم هەموو جەور و جەفا،هیجر و خەم و ڕەنجووری یەش
وا لە سایەی لوتفی (مەولا)وە ، دڵم تەئمین بووە
مونتەها پەنج و دوو ڕۆژێکم ئەگەر مابێ ئەمەل
من لەعومرم (نیك و بەد) ڕۆژی ئەزەل ، تەعیین بووە
شەوکەت و شەئن و ، شەرەف ، عەیش و نیشاطی جاویدان
وا لە سایەی ئاشیانەی ، غەوسەوە تەحسین بووە
گەر لە ژێر سایەی لیوای ئەو شاهەدا ، ڕێم دەس کەوێ
قەت بەدڵ ناڵێم لە دونیادا ؛ حەیات و ژین بووە
ژینی دونیای وا بە حەسرەت ؟ با نەبێ ، هەر وەك نی یە
ساعەتێ بۆ کەس ثوباتی ، فێری مەکرو کین بووە
دەردی پیری و ئیختیاری ، نیعمەتێکی نادرە
شوکری نیعمەت کەی تەواوکەم ، (تاڵ)ە بۆم شیرین بووە
(دەردی پیری ) ؛ ڕەحمەتە ، چون حەق ئیرادەی پێ هەیە
نەگبەتم لێ ناگرێ ، لێم سواری،ئەسپ و زین بووە
وەك( چەتە ) هەردەم ، سەعاتی سەد کەڕەت دەورم دەدا
زۆر بە جیدی لێم خەریکە ، مکوژێ ئەو بەد خووە
" خاڵە میرزا " بەم هەموو دەردو غەم و هیجرانەوە
نەگبەتیش لێی ناگەڕێ ، بێچارە ، خوێ دابین بووە

*****

## ( سوكواریٚ به بوٚنه‌ی مردنی هاوسه‌ریه‌وه )

ئه‌من دوو جه‌ژنه بیٚ جه‌ژنم له سایه‌ی فیرقه‌تی توٚوه
سه‌به‌بكارم خوداوه‌ندا ببینم من به"ڕۆ ڕۆ"وه
به‌نه‌وعیٚ ئاگری فیرقه‌ت ، له سینه‌و خاطرم ده‌گریٚ
كه بیٚزارم له عومری خوٚم ، به‌ده‌س سووتان و ، بوٚسووٚه
وه‌كو مه‌جنون به بیٚ چاری ، له كیٚو و ده‌شت ، عه‌ودالٚم
له هیجرانت سه‌راسیمه‌م وه‌كو فه‌رهاد ، به ڕووی كوٚوه
(نووید)یكم بداتیٚ ، گه‌ر كه‌سیٚ ئه‌مڕوٚ له خدمه‌ت دوٚست ؟
ئه‌وه‌م لا خوٚشتره بیللا ، نه وه‌ك غونچه به شه‌و بوٚوه(١)
له گولٚزاری چه‌مه‌ن چبكا ، كه خالی بیٚ له گولٚ : بولبول
گولی من ، بیٚ خه‌زان ڕوٚیی به(خه‌طط)وخالٚ و ‌سه‌بڕووٚه
به خوێناوی سورشكم لیٚم گه‌ڕیٚ ، به‌رگم حه‌نایی كه‌م
نه‌وه‌ك باوه‌ڕ نه‌كا جانان ، بمێنم چاكه ، مه‌م شوٚوه
ده‌لٚیٚم به‌لٚكو بزانی " خاڵه میرزا " غه‌رقی خوێناوه
ببه‌خشیٚ پیالٚه‌یی ، تازه ببیٚ عومرم ، له‌سه‌رنوٚوه

* * * * *

---

لیٚكوٚلینه‌وه و لیٚكدانه‌وه

(*) -ئه‌م پارچه شیعره له ده‌ستنووسه‌كه‌ی خودی شاعیردا به بیٚ (سه‌رناو)ه :

به‌لاٚم له نوسخه‌یه‌كی لای ماموٚستا حه‌مه بوٚردا ئه‌م سه‌رناوه فارسی یه هه‌یه [ سوٚگواریٚ به موناسه‌به‌تی وه‌فاتی هامده م ] .. واتا كوردیه‌كه‌یم كرده سه‌رناوی شیعره‌كه ...
من وه‌های بوٚ ئه‌چم كه ئه‌م كوٚچی دوایی هاوسه‌ر و دانانی شیعره‌كه‌ی له سالٚی (١٩٢٨ -١٩٢٩)دا بوو بیٚ ، چونكه له‌و سالٚه‌شدا شیعریٚكی به‌ناوی (جه‌ژنیٚك له كوٚیه ) داناوه كه چیٚژی ئه‌م شیعره له ناوه‌روٚكی هه‌مان شیعریشدا هه‌ست پیٚده‌كریٚ ، له‌م دیوانه‌دا نووسراوه .
(١)- (نو ، وید ) : ماموٚستا حه‌مه بوٚر ئه‌فه‌رمویٚ : وشه‌یه‌كی كوٚن و ڕه‌سه‌نی كوردی یه و ته‌نانه‌ت له سه‌رده‌می په‌هله‌وی زمانه‌كه‌ماندا به‌شیٚوه‌ی"نقید" ده‌ربڕاوه - به‌واتا : مژده .

## ( له بارەگای غەوسی گەیلانی دا )

والـەو ، شـەیـداو ، حـەیـرانم بـەدەس سـەوداتـەوە
دڵگـرفـتـارم بـە حـەڵـقـەی پـەرچـەمـی تـاتـاوە
ڕاحـەتـی و ، صـەبـرو ، قـەرارم بۆ نـەمـاوە ساعـەتـی
هـۆش ئـەسـیـری دانـە خـاڵێکـە بـەسـەر گـوناتـەوە
ڕۆح ئـەسـیـری دامـی عـەشـق و ، داوو دانـەی خـاڵتـە
وا سـەرو مـاڵیـش کـە سـەرگـەردن ، بـە گـەردی پـاتـەوە
بێ نـەوا ، میـحـنـەت کـەش و مـاتـەم زەدەی هیـجـر و فـیـراق
بـەسـیـە تـاکـەی ئـەم غـەریـبـە خـوێنـی خـۆی بـ خـواتـەوە
حـەق بـەدەسـت پـەروانـەیـە ، پـەروایـی سـووتـانـی نـی یـە
وا مـبـنـیـش پـەروانـەیـی تـۆم ، چـم بـەسـەر دونـیـاتـەوە
دڵ لـە سـۆزی ئـاگـری عـەشـقـت بـە مـەحـزونـی دەڵێ :
من زەدەی پەیـکانـی عـەشقـم ، چیم بەسەر ( عـەنـقا )تـەوە (٢)
ڕوو لـە کـوێ بـکـەم (دادخـوا )م بـێ ، هیـچ پـەنـاهـێکـم نـی یـە
چـارەیـی مـن ، وا لـە خـدمـەت غـەوسـەکـەی بـەغـداتـەوە
حـەزرەتـی کـاکـ ئـەحـمـەدی شـێـخـم تـەمـەنـنـا بـۆ بـکـا
ڕۆژی دیـوانـی جـەزا ، ئـومـێد ئـەکـەم ، بـداتـەوە
" خـاڵە مـیـرزا " بـێ نـەوایـە ، وا حـەزیـنـانـە دەڵێ : -
بـا فـیـدای جـانـانـەبـێ بـەڵکـو و قـوبـوڵیـکـاتـەوە

* * * *

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

: (١) - والەه(والە) : واتەسەرسام .

(٢)- عەنقا : بەواتە گەردنی درێژی ئافرەت هەروەکە ناوی پەلەورێکی ئەفسانەیی (سیمرغ) ە .. شاعیر بە سایەی سێبەری ئەوهوما (سیمرغ)ەوە پاشاتی ناوێ .

## ( بێزاری لە پژدەر و یادی گەڕانەوەی بۆ سلیمانی )

ئەی فەلەک تاکەی بنالم بەم غەم و هیجرانەوە
وەک موهاجیر دەربەدەربم ، بەم کەژ و کێوانەوە
حاڵەتی من واقیعا ، ڕۆژی ئەزەل تەقسیم بوو
دوون پەرستی تۆ لەبەرچی بەم هەموو عیسیانەوە
من ڕەزامەندم بەم ئەحواڵەش ، دەترسم عاقیبەت
بێنی بە عەکسی ئەگەڕێ ، بەم دەردە بێ دەرمانەوە
گەرچی ڕوو زەردم ، لە تۆ بێ حەق پەناشم هەر ئەوە
من بە ڕووزەردی و ئەویش بەو ڕەحمە بێ پایانەوە
ئەی ئەجەل تۆ بەسی خوا زۆرە لەدڵدا مەقسەدە
بچمە مەوطین ، مەمەنێ ، بەم حەسرەت و هیجرانەوە
تاکەی ئاخر وەک ئەسیربم من لە موڵکی پژدەرا
بەختی بەد بەختە بگێڕی ، بەم دەر و دیوانەوە
لەحزەیەك ئارام و ڕاحەت نییە لە مەکری چەرخی دوون
هەم لە عەکسی طالع و یا ئەهلی ئەم ویرانەوە
بەسیە طالع ، تاکەی ئاخر سەر لەخەو هەڵناگری
تا خەلاصیم بێ منیش لەم جەورە بێ سامانەوە (١)

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

(*)- ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١ - ٨٢) کەشکۆڵەکەدایە .

(١)- شاعیر بەداخ و حەسرەتەوە ڕوو لە بەختی خۆی ئەکاو و ئەڵێ : دەبەسە .. ئەی بەختی ڕەشی ناهەموار .. کەی لە خەوی خەوش و غەفڵەت ڕائەپەڕی ؟ ... تاکو لە چنگێ جەورو ستەمی ڕۆژگاری بێ بار ڕزگارم ئەبێ .

# ( بۆ غەوسی گەیلانی )

سەر و مالم بە قوربانی شەهی ساکن لە بەغدایە
شیفای دەردی منی مەزلوم بە لوتفی ئەو نەبێ نایە
جەنابی غەوسی گەیلانی ، شەهێکە قودوەیی دینە
لە زومرەی شاهبازاندا ؛ بەلێ هەر " ئەو " شەهەنشایە
عەبەس رەنجێکی بێ سوودە لەگەڵ ئەم وەقت و ئەییامە
غەنیمەت ئەو کەسە دەیبا لە زیکر و فیکری ئەودایە
ئەوا من عەزمی رۆیـنمە ، دەچم بۆ خزمەتی شاهم
حەیاتی جاویدان بۆ کەس نی یە ، ئەمرۆ زوفەردایە
بە سەد لوقمان و ئەفلاتوون عیلاجی دەردی من ناکا
عیلاج و چاری دوو دنیا لە خزمەت زاتی ئەودایە
ئەمن کەمتر سەگێکم ئاستان بۆسی سەگانی " ئەو "
کە (تاجولعارفین)ە شاهبازە ، دوری یەکتایە
بە مەعلوومی کەسێ پەروانەیی شەمعی جەمالی بێ
سەرەفرازە لە دوو دنیا چ باکی عەیشی دنیایە
تەماشای (خالە میرزا )کەن بە پا بۆسی سەگی ناگا
دوو دەستی ئارەزوومەندیی هەموو وەقتێ لە بالأیە (١)
* * * * *

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

ـــــــــــ : - (*) ئەم شیعرە لە لاپەرە (٨١)ی کەشکوڵەکەدایە .

(١) - شاعیر لەگەڵ ئەو هەموو دلسوزی و خوشەویستیەی بەرامبەر غەوسی گەیلانی بوویەتی ، لای وا بوە هێشتا ناگات بەوەی دوو پێی سەگەکەی ماچ بکات ، هەر بۆیە هەمیشە دەستی پاڕانەوەو نزاو لێبوردن خوازی بەرز کردوتەوە .

- ٥٣ -

## ( دەربارى یەكى تر بۆ ئینگلیز )

موسڵمانان : چ قەوماوە ؟ چی یە ئەم شۆڕ و غەوغایە
چ ئاشوبێكە بەرپا بوو ، كە ئیسلام لێك تەوەللایە
چی یە ئەم هات و هاوار و نیفاقی بەینی ئیسلامە
عبادەتخانە وێرانن ، بە جارێ سۆفی گومڕایە
چ ڕەستاخیزە وا ئێستا لە عالەمدا نومایانە
دەبێ چی بێ كەوا سۆفی لە شێخیشیان تەبەڕایە
خەلیفەی سۆفیان بۆچی دەڵێن : " لورانس " مەلعونە
لەبەرچی شێخ كەریم ڕازی بووە ، بەم حالە بیجایە (١)
لە وەرطەی حیرەتا سەرگەشتەوو ، آسیمە ، سەرماوم
كەوا ئەم قەومە بێ مەغزە ، بە جارێ شێت و شەیدایە
تەریقەت چۆن لە كافر وەردەگیرێ ؛ سۆفیی نامەرد
دەبیتە بانیانی و سیك بە ئەو بەرگی لەبەرتایە (٢)
ئەسەف بۆ ئەم تەریقەی نەقشی یە كەوتۆتە نێو زوڵمات
قیامی كافرەستانە ، شەریعەت وا لە كوفرایە
عەجەب هەنگامەییكی سەختە ، ڕوویداوە لە دنیادا
خەتی ڕەسمی سەعادەت گوم بووە عالەم كوفر خوایە
دەخیل باوەر بە قەولی كافری مەلعون مەكەن حەیفە
سەگە ، دین دوشمنە ، كەذابە ، ڕیسوای هەر دوو دنیایە

---

لێكۆڵینەوە و لێكدانەوە :

(١)- لۆڕانس : گەڕۆكێكی جاسووسی چەپەڵی ئینگلیزی داگیركەر بووە .

(٢)- بانیان و سیكھ : دوو تایەفەی هندین و زۆربەیان چوونە سوپای ئینگلیزەوە .

چ فکرێکی بەتاڵ و فاسدە ، ئەم قەومە کردویە
هەموو مورتەد لە دین بوون و لە نێو قەهرو غەزەبدایە
گەلێکم حەسرەت و داغە ، کەوا دۆست و برای دینی
بە ناهەق فکریان گۆڕیوە ، ڕشتەی دین بەرهەڵدایە
بە هەر نەوعێ خەیاڵی لێدەکەم ؛ سەرسام و حەیرانم
چ بوو چۆن ئەم بەلا باری یو ،غەزەب لەم دوون و ئەعلایە
صەحیفەی خاترم بێ نەقشە؛طاقەتم حەك بوو
کەوا ئەم قەومی ئیسلامە؛لە دین بێ خەتت و ئینشایە (٣)
نیشانەی ئاخرەت دەرکەوت ؛ نەما جیلوەی شەریعەتمان
بە ئیمان مردنم پێخۆشترە ؛ لەم عەیش و سەودایە
دەڵێی چی "خاڵە میرزا " ڕۆژی خۆی تەقسیمی وا کردون
بڕۆ تۆ شوکری " مەولا " کە ئەوە سەتتار و یەکتایە

****

(٣) - لەم بەیتەدا شاعیرمان وردەکاریەکی وەستایانەی کردوە و کارامەیی و زمانزانی خۆی تیا دەرخستووە و تویە : ڕوپەڕ ( صەحیف)ی بیرو هەست و دڵ و ئارەزوو (خاطر)م شێواوە و ئەو ڕەنگینی و جوانی و نەخش و نیگارەی پێشووی نەماوە و تەنانەت (طاقەتم) نوختەی لێسڕاوەتەوە ...

ئەمجا ئەگەر وشەی (طاقة) نوقتەکانی پیتی (ق ، ة) ی لەسەر بسڕینەوە ئەوا بە بێ نوقتە ئەبێ(طامە) کە :
ئەم ( طامە) یەش لە سەرەتاوە لەوشەی [ طمم = طمْ ] ەوەیە ، بە پێی فەرهەنگی ( لسان العرب ) ی ( ئینولمە نظور ) بەرگی (١٢) لاپەڕە ( ٣٧.) چاپی بەیروت کە ساڵی چاپکردنی لەسەر نی یە و بەپێی ئەو فەرهەنگە وشەی ( طمم ) بۆ ئەم بەیتە ئەم واتایانە ئەدا کە خستوومنەتە ناو کەوانەوە : (سەرڕیژ ) لەداخاو ( بەژێرەوەبوون ) لەپەستیدا و (پڕبوونەوە) لە کوێرەوەریدا و ( پەستاوتەیی) لە تاو باری ناهەمواری ئاینی و نیشتمانی ، جگە لەوەی مەبەستی شاعیر لەوەیشە (طاقە)ی (ڕووتاوەتەوە) و نوقتەکەی لێ لابراوە و بووە بە ( طامە و طمم ) لە پاشاگەردانی و کۆمەڵایەتیدا ، چونکە نەتەوەی کوردی ئیسلام خەت و ئینشای لەسەر کاغەز و ناو پەڕاودا نە ماوە .

# ( باری ڕۆژگار )

چ سەودایێکە وا یاران کە بێ سەودا لە سەرمایە
غەم و تەم ، میحنەت و هیجران وەکو خەرقە لەبەرمایە
عەجەب ڕەنجم بە ضایع چوو ، لە سایەی داری بێ بەربووم
بە ئومێدی چ بووم ؟..خۆم خستە سەر ئەم سات و سەودایە(١)
لە دوو ڕوویی زەمانە و میللەتی ئەم عەسرە شێواوم
کە نازانم چ فکرێکە لەگەڵ ئەم گوێز و خورمایە(٢)
بە سەهلی تێمەگەن یاران ، تەماشاکەن چ ڕۆژێکە ؟
بە کوللی ڕەحمی ئەولادیش بە ئەحواڵی پدەر نایە
لە بێ مەیلی ڕەفیق و دۆست و قەومی‌یەت زبان لەنگم
زبانی خامە ، ناکامە ؛ لە دڵخۆشی تەوەللایە
لە کونجی میحنەتا بێ کەس پەرێشان حاڵ و داماوم
ئەسەف نەخڵی وەفا،ئەمڕۆ لە دونیا بێ سەمەرمایە
مەڵێن : دیوانەیە "میرزا" کەسێ فکری دەقیقی بی
تەماشای شیشەیی دڵ کەن ، بە وەڵڵاهی هەموو وایە(٣)

****

---

لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە

: (*)- ئەم شیعرە لە لاپەڕە (٨٠)ی کەشکۆڵەکەدایە .

(١)- لەم بەیتەدا بۆچرووکی بەکام نەگەیشتن هەست پێدەکەین کە چۆن کارو کردەی چەند ساڵەی لەسای بابەکر ئاغادا بە فیڕۆ چووە وەک لەسایەی داری بێ بەردا بوو بێ وای بەسەر هاتووە و هیوای نەهاتۆتە دی .

(٢) - لە نیوە باڵی یەکەم_ ئەم بەیتەدا دوا وشە لە کەشکۆڵەکەدا " پەشێواوم" نووسراوە .

(٣)- لە دەستنووسەکەی شاعیرا لە جێی ( دیوانەیە) نوسراوە (دیوانەیی) هەر وەک لە کەشکۆڵەکەدا لەجێی (هەموو وایە ) نووسراوە ( هەمووی تیایە ) ... دیارە هەڵەی دەستنووسە .

# ( باری چەتاڵی کوردەواری )

داد لەدەس وەزعی زەمان ، مەیلی ، بە کەچ ڕفتاری یە
چەرخی دەوران،دوون پەرستە،تەبعی گەژدوم واری یە (١)

عەکسی یە دەوران هەمیشە ئارەزووی ئاشووبی یە
بێ حقوق و بەد میزاجە ، مایلی خونباری یە

یارەب و لەعیززە چ قەوماوە کە عالەم سەربەسەر
لێک تەبەڕان بە جاری قەوم و خوێش لێک عاری یە

موڵک و میللەت ؛ وا بە جاری ماتەمی دایگرتووە
نەفسی کافر هەر خەریکی مەسئەلەی دیناری یە

سەیئاتی عالەم ئەمڕۆ بوتە جیفە و بوخل و کین
مەلعەنەتکاری و فەسادی پیشەو ئەطواری یە

فکری دیوانی خودا ناکا ، بەدڵ ڕۆژی جەزا
دەزانی هەر دەمێنی ، ئەو کەری بێگاری یە

وای برا ، ئەحوالی میللەت بێ سەر و سامان بووە
حورمەتی کوردی دەکەن ضایع ، خودا بەرداری یە ؟

ڕێی شەرەف بگرن بەسە ؛ ئەم کینە جوێی ناهەقە
ئاخری نادم دەبێ ، هەر کەس ، لە کوردی لاری یە

سەیری موڵکی کوردەواریکەن لە ڕووی ویرانی یە
حەسرەتا بۆ ئەهلی کوردی وا نیفاق کرداری یە

ئەی برای دینی ئەسەف بۆ حورمەتی کورد لازمە
ئیتحاد و دۆستی ڕسمی نەجابەتکاری یە

تێگەیشتن زەحمەتە ، ئەمڕۆ لە قەومی کوردی یا
عاقبەت نادم دەبێ ئەو کەس کە ڕەئسی کاری یە

بێ هەوا ڕەنجی"هەبا" شیوەی خیرەدمەندان سی یە
"خاڵە میرزا"یە ئەزەل هەر گیانفیدای هەمشاری یە (٢)

(١) - گەژدوم : دوپشک . (٢) - هەمشاری : مەبەست لە نیشتمانە

# تیپی " ی "

## - ٥٦ -

## ( حەفیدانی دۆستی )

تـاکـەی فـەلـەکـی دوون ! ! دلی مـن هـەر بـە جەفـابـیٚ ؟
لـەم مـوڵـکـە بـە ئـاشـوبـە ، بـە ئـومـێدی وەفـابـیٚ
(سـەردار)ی (سـپـاسـنـدە) لـە (مـیـزانـی حـروف) دا
مـانـەمـدی سەری (صـەحـب)ەو،شـایـانـە کـە(شـا)بـیٚ(١)
هـەر کـەس کـە عـەدوی نـەسـلی حـەفـیـدانـی سـەعـیـدە
یـا ڕەبـی هـەمـوو وەقـتـیٚ ؛ بە بـیٚ عـەیـش و صـەفـابـیٚ
پـەژمـوردە دڵوو دیـدە ؛ بـە ئـە شـکـ سیـنـە بـە نـالین
مـەحـروم لـە شـەفـیـعـان و لـە جـەمـعـی خـولـەفـابـیٚ
هـەر کـەس کـە نـەبـیٚ ، یـارو مـەدەدکـاری حـەفـیـدان
دووچـار بـە سـەد عـجـز و کـەدەر دەرد و سـزابـیٚ
یـارەب بـە حـەق ؛ سـوورەیـی (طـاهـا) و (تـەبـارەکـ)
ڕوو زەردی دوو دنـیـا و ، لـە دیـوانـی خـودابـیٚ
تـاکـەی دلی بـێچـارەیـی " مـیـرزا " لـە کـەدەردا
مـاتـەم زەدە مـەجـروحـی دەمـی تـیـغـی قـەضـابـیٚ (٢)

---

لێکۆلینەوە و لێکدانەوە : (١)- ئەم بەیتەم لە نوسخەکەی ماموستا حەمە بۆرەوە وەرگرت و لە سەرچاوەکانی دیدا نەبوو .. شاعیر شێخی بەشا یا پاشایەتی دیوە کە بهێنرێتەوە و بکرێتەوە پاشای کوردستان ... جوانی ویژەیی - ڕەوانیژی لە نێوان (شا) و (شایان) دا هەیە .

(٢)- شاعیر ئەڵێ : ئەم دڵە بێچارەیەم تاکەی هەر بە تیغی ڕۆژگار بریندار بیٚ و منیش مات و خامۆشی دامگریٚ .. مەبەستی لە ڕزگار بوونی شێخە لە دیلی ،

# ( گلەیی لە بابەکر ئاغا و پژدەریان )

ئەریٚ یاران لەبەرچی وایە گولٚ ، بیٚ خار و خەس نابیٚ
لەبەر شەهدو لەتافەتی یە ، عەسەل قەت بیٚ مەگەس نابیٚ
حەیاتی خوٚم بە ضایعدا ، هەدەر چوو ، عومری شیرینم
خەیالیٚکی عەبەس بوو ، چونکە ناکەس قەت بەکەس نابیٚ
شەفەقەت بوٚچ لە عالەمدا نەما ، بوونی وەفا یاران
موحیببەت چیی بەسەرهات ؛ ئەهلی مەعنا بیٚ هەوس نابیٚ
لە لای خوٚم من پەناهیدەی کەسیٚک بووم زەبدەیی قەومە
لە زومرەی بیٚ وەفایاندا سوپەهسالارە پەس نابیٚ
لە سووئی تالع و بەختی بەدم ، فیکرم خەتەر دەرچوو
وەگەر نە من دەزانم قەومی وا چاکی بەکەس نابیٚ
وەفا زوٚر نادرە ، دەس ناکەویٚ لەم قەومەدا ؛ یاران
تەلیسماتە قەزای پژدەر مەلیٚن : ڕەنجم عەبەس نابیٚ
لە جیٚی ئاواز و نەغمە،وەکٚ صەبا و ڕاست و حیجاز و شوٚر(١)
صەدای دەنگی سەگان و پاسەبان شەیتان ، عەسەس نابیٚ

****

لیٚکوٚلینەوە و لیٚکدانەوە : (١) - صەباو و ڕاست و حیجاز و شوٚر : چوار ئاوازن لە مەقامە بەناوبانگە کوردی یەکان .

شاعیر ئەلیٚ : لە جیٚگەی سازو ئاوازو سوزی ئەو مەقامە کوردی یە خوٚشانە ، حەپەی سەگ وەڕ ئەبیەم و پاسەوانی ئەو کوٚمەلەش " شەیتان " ە شەیتانیش ناکریٚ بیٚ بە چەرخەچی (عەسەس) واتە: حەسحەسی شەو کە لە ڕاستیدا لەناو ئەم کوٚمەلەدا وەهایە .. ئەمە جگە لەوەی (حاجی حەمە غەریب) کوڕی شاعیر ئاگاداری کردم ، کە ئەو سەردەمە یەکیٚ لە ئیٚشکچی ( یەکٚ چی = حەسحەس)ەکانی قەلاٚدزیٚ ناوی ( سالح شەیتان بووە و یەکیٚ بووە لە دەربارەکانی ئاغا).. ئەم شیعرە وردەکاری یەکی قسەی بە تویٚکل کردنی تیایە .

- ٥٨ -

# ( نامیلکەیەکی دڵنیاکاری بۆ دۆستێک )

گلەناکەم لە تۆ قوربان ، هەتا عومرم لە دونیا بێ
شکستی شیشە قوربان ، قەت بەدەستی شیشەگەر نابێ(١)
دەبێ سەرمایە و سوودی بکا تەسلیم لە رێی عەشقا
کەسێ مایل بە گوڵشەن بێ و خەیاڵی تۆی لە سەردابێ(٢)
دەبێ کێ بێ لە دونیادا هەتا دەمرێ بەسەربەستی
وەکو "میرزا غەفور" یەك ڕەنگ کەوای عەشقی لە بەردابێ(٣)

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

________ : (*) - ئەم سێ بەیتە لە لاپەڕە (- ٨٣) ی کەشکۆڵەکەشدایە .

(١)- شاعیر ڕوو لە دۆستە خۆشەویست و مەزنەکەی خۆی ئەکاو و ئەڵێ هەتا لە ژیاندابم ، بەرامبەر هەڵوێستەکانت گلەیی ناکەم ، چونکە تۆی خۆشەویست نابەجێبم لەگەڵ ئاکەی .. هەر وەک چۆن شووشە بەدەست شووشەگەرە و ناشکێنرێ .

(٢)- واتە کەسێک عاشق بێ ، سەرداسەری مەعشوقەکەی بێ ، پێویستە لەسەری خایە و مایەی ژیانی لەو پێناوەدا ببەخشێ ، کە مەبەستی دۆستایەتی خۆی و بڕادەرەکەی بووە .

(٣) - شاعیر لە دوا بەیتدا لەگەڵ خۆی ئەدوێ و ئەڵێ : ئاخۆ کێ لە دنیادا هەتا ئەمرێ وەک من بە سەربەستی و یەکجۆری لەرێگای عەشقا مابێ و نەگۆڕابێ و کاڵای عەشقی ڕاستی بەرامبەر بە دۆست و خۆشەویستانی خۆی لە بەردابێ .

## ( له ناموساعیدی بەخت )

لەگەڵ بەختی بەدم چیبکەم ، بڵێم چی! چۆن بکەم چاری ؟
لە کوێ بێنم لە دنیادا وەکو خۆم دڵ بریندارێ ؟
لە لای کێ کەم ؛ بەیانی حاڵ و مەزلوومی غەریبی خۆم
لە خزمەتِ کێ بکەم دادێ لەبۆم بێ " ئەو " بە غەمخوارێ ؟
خوداوەندا عیلاجم هەر بە لوتف و ڕەحمەتی تۆیە
بە لوتفی تۆ مەگەر پەیدا ببێ بۆ من سەبەبکارێ
لەداخی بێ کەسی خۆم ؛ وا پەرێشان حاڵ و داماوم
ئومێدناکەم ، لە پژدەردا بەکەس کەم عەرزو هاوارێ
وەرە "میرزا" پەناهیدە بە قاپی غەوسی (بەغدا) بە
دووەم کاکە ئەحمەدی مەرحووم دەبەخشن مەعصیە تبارێ (١)

****

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

: (*) ئەم شیعرەش لە لاپەڕە ( A )ی کەشکۆڵەکەدایە ... شاعیر بە فارسی ( لە ناموساعیدی بەخت )ی بۆ سەرناوی ئەم شیعرە داناوە .. ئەم شیعرە لە هاوچەشنی شیعرە بە ناوبانگەکەی (مصطفی بەگی کوردی ) یە کە سەرەتاکەی ئەمەیە :

[ ئەمان مردم عیلاجێ ، سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ ]

ئەمەش بەندیواری شاعیر ئەگەێنێ بە دیوانی شاعیرەکانمانەوە .

١) - سەرجەم واتای شیعرەکانی میرزا غەفور ئەو ڕاستی یە دەر ئەخا : یەجگار بە غەووسی بەغاو کاکە ئەحمەدی شێخەوە بەندیوارە و شەیداو حەیرانیان بووە و خۆی بە پەنابردەی ئەوان داناوە و هیوای ئایینی پێیان بووە .

- ٦٠ -

## (پاڕانەوە لە خواو و هانا بۆ غەوس)

ئیلاهی ساحیبی ڕەحمی ، لە ئەحوالم خەبەرداری
هەتاکەی من بنالم ، بەم زەلیلی و دڵ بریناداری
بە ئەمر و ڕەحمەتی تۆیە ، خەلاتە پێت عەتا کردوم
بە جان و دڵ خەریدارم ئەگەر بمرم بە ناچاری (١)
ئەمن بۆ خۆم لە دەردی خۆم ئەسەف ناخۆم وەلی بۆ خۆم
دەنۆشم ئەشکی سورخی خۆم ؛ لە جورم و مەعصیەتباری
گوناهم بێ حەدە و جورمم لە غایەت دەرچووە بۆیە
بە هیچ نەوعێ دەوا نابێ ؛ دەروونم دەرد و ئازاری
سەگێکم من پەناهێدەی ؛ سەگانی ئاستانی دۆست
بە ئومێدم لە سایەی ئەو خەلاسەکەی بە بیماری
زەمانێکە گرفتاری غەم و ڕەنجووری و دەردم
گەلێ مەسرور و خۆشحاڵم بە ڕەحمەت چونکە سەتتاری
ئەسەف بۆ مردنم ناخۆم ، دەزانم ڕەحمی تۆ زۆرە
هەزارانی ،وەکو "میرزا" لە سایەی غەوس دەکەی چاری

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

: (١) - خەریدار : کڕیار .. لە دەستنووسەکەی شاعیردا ئەم وشەیەم نەبووە کە لە ( منەتبارم ) و ( بریندارم ) و ( ئومێدەوارم )یش ئەچوو من وای بۆ چووم ( خریدارم ) بێ

## ( چەرخی دوون )

طەبعی من ، بۆ مینەتی ئەم چەرخی دوونە هەڵگری ؟
کێ بە مەعلوومی دەزانێ بەر لە من ئەو نامرێ ؟ (١)
سەر ئەگەر فیکرێکی بێتوو ، دڵ ئەگەر هۆشی ببێ (٢)
تێ فکرێ ، کێ بردیە ئاخر ، تاج و تەخت و ئەفسەری
من بە ئومێدی چ بم ، بەم وەزعە چۆن دڵخۆش بکەم ؟
کێ لە دەست تیری ئەجەل ، صەیدی حەیاتی دەربەرێ ؟
ئولفەتم نادەم بە دونیای دوون و بێ میهر و وەفا
کەی موحیببی کەس بووە ؟ هێشتوویەتی تەن پەروەری
من بە عومری خوم کە نەمزانیوە تووَ ە نەمدی لە ک ن
ئاهو حەسرەت کەش نەبووبی؛ بێ فیغانوو (چەنبەر)ی
بەم هەمەوو ناز و نیازە تۆ لەگەڵ دونیا دەکەی ؟
حالەتی غەیری، نەدامەت ، نەیبووە بۆ کەس سەرێ
واقیعا بەعضەن بە وەجهی ئیمتحان و تەجروبە
هەر وەکو بووکێ دیتە پەردە ، نایەلێ کەس لێ بەرێ
"خالە میرزا" ! ! چی دەکەی؟ دونیا دەنی،تۆ دڵ غەنی
هەر وەکو و لات داوە لادە ، بەڵکو بۆ خۆی شەق بەرێ

****

لێکولینەوە و لێکدانەوە : (١) . ئەم چاوەروانی ، یا پێشبینی کردنی مردنی (چەرخ)ە مایەی سەرسامی یە ، تەنانەت ئەگەر وتیشمان : کەون تێکبچێ و نەمێنێ ئەوا لەبەر ئەوەی کە شاعیریش هەر لەسەر خڕەی زەویدایە کە بەشێکە لە چەرخ و دیارە مردنەکەی شاعیر ناکەوێتە دوای لەناوچوون (مردن)ی چەرخ ، بەڵام پێمەوایە شاعیر مردنیشی بە ژیان و زیندوبوونەوە زانیوە و ڕاستیشە .

(٢) - لەم بەیتدا (تێ فکرێ ) : ئەبێ بە گورجی بخوێنرێتەوە ، ئەگەر نا کێشی بەتیەکە قورس و لەنگ ئەکا .

(١)- نەمزانیوە تووَ : دەربڕینێکە بەپێی گفت و گوی ئێستە پڕ بە پڕی دەستووری زمانی (باو) نی یە بەڵام شتی والە شوێنی تردا بووە .

# ( شاعیر لە چەتاڵی ژیانی خۆی دواوە )

سەرم کەوتوتە سەر سەوداو خەیاڵی فکری منداڵی
لە پەردەی عەقڵ و دانشدا حەیا دامانی هەڵماڵی
لە خانەی حیرەتا ماوم ، چی یە ئەم فکرە نوقسانە
لەبەر ئەو حاڵەتە حاڵم ، خەیاڵی کردووم خاڵی (١)
لەگەڵ ئەم وەزع و ئەییامە ئیدارە وا لە ئیشکالا
بە پیری لێم ڕەزا نابێ بەڕەنجووری و کەم ئەحواڵی
نەدامەت وا یەخەی گرتووم ، بە هیچ نەوعێ بەرم نادا
بە سەد شەهد و شەکر ، ناچێ بە شیرینی لە دەم تاڵی
چی یە وا بەختی بەد بەختم بە جارێ لێم تەوەللایە
لە مەیدانی ڕەقابەتە عەدووێکی کوهەن ساڵی (٢)
لە سووئی تالیعی نەحسی منە مەعلوومە دەیزانم
هومای بێ چارەیی مەزلووم ، ئەویش ڕۆیی و شکا باڵی
هومای ئەوجی سەعادەتمان لە دەوری ئیمە ڕۆیووە
بەڵێ: بەد بەختی" میرزا " یە،دەڵێن :وێڵ بوو بە عەوداڵی

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

ـــــــــــ : - ئەم شیعرە لە لاپەڕە (- ٨٣)ی کەشکۆڵەکەدایە .

(١)- لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا ڕەگەزدۆزیەکی ناتەواوی لە نێوان وشەی (حاڵە) و (حاڵم) و (خەیاڵ ) و ( خاڵی) دا دروست کردوە .

(٢) - وشەی کوهەن بە واتە کۆن لە کەشکۆڵەکەدا بە دەسکاری هەڵە کراوەتە (کونە ) .

# ( لە بارەگای غەوسی گەیلانیدا لە بەغدا )

ئەری بۆ جەژنی قوربان هات ، نەتان کردم بە قوربانی
بە قوربانی سەگێکم کەن ، لە قاپی غەوسی گەیلانی
سەرم قوربانی خاکی مەرقەدی ئەو قودوەیی دینە
کە شاهو ئەولیایە ، بازی ئەشهەب ، حوببی ڕەبانی (١)
لە ژێر سایەی لیوای ئەو شاهەدا ، ڕێی دەسکەوێ هەر کەس
بە مەعلوومی کە نایداتن بەسەد تەختی "سلێمان "ی
هەزاران تەختی جەمشید و سکەندەر بەڵکو ناگاتن
بە زەڕەی گەردی خاکی پێی سەگێکی پاسەبانانی(٢)
منیش کەمتر سەگێکم لەو سەگانەی ئاستانەی "ئەو"
قوبوولمکا ، خوا بمکەن بە خزمەتکاری دیوانی
وەکو مەنصور سەرم ببڕن ، لە پای سێدارەدا دەیڵێم :
غولامی حەزرەتی شێخم بە خۆی و ئەولیيانی
لە خزمەت شوعلە بەخشی دین بە ئومێدی شەفاعەت هەم
لە سایەی حەزرەتی غەوس و دووەم کاکی سلێمانی

****

---

لێکۆڵینەوە و لێحدانەوە

______ : (*) - ئەم شیعرە لە لاپەڕە (-٨٤) ی کەشکۆڵەکەدایە .

(١)- بازی ئەشهەب : نازناوێکی غەوسی گەیلانی یە لە نێوان دەرویشەکانیدا .

(٢)- جەمشید : پاشایەکی هەرە بە ناوبانگی خاوەن تەخت و شکۆی ساسانیە کوردەکان بووە .

- سکەندەر : ئەسکەندەر : مەبەست لە ئەسکەندەری گەورەیە . کاتی خۆی ویستی بە زۆرەملێ دەست بەسەر هەموو دنیادا بگرێ و بە " أسكندر ذی القرنین " بەناوبانگە .

(٣)- مەنصور : مەبەست لە مەنصوری هەللاجە کە تا پەل پەلیان کرد هەر (أنا الحق ) ئاوازی مەردانە سەرزاری بوو، یەکێکە بووە لە سەرەکە سوفی یە مەزنەکان .

- ٦٤ -

## ( دڵداری سۆفیانە )

ئومێدم وایە ئەم جەژنە ئەمن خۆبکەم بە قوربانی
سەراسیمەم بکەن ، بەڵکو بە " تا "ی زوڵفی پەرێشانی
لە پێناوی سەرم دانێم ، نەوەک فرسەت نەدا گەردوون
هەتا جوزئی ڕەمەق ماوە ، نەبم موجریم لە دیوانی
لە سەرچاوەی حەیات ، گەر دەسکەوێ باوەر مەکە ئاوێ
لە کەوسەردا مەگەر قەترەی ببێ ، وەک چای زەنەخدانی
لە غەواصان سوئالم کرد ، بەهایی لۆلوئو مەرجان
دەڵێن : ئەو خۆی دەزانێ قیمەتی لەعلی بەدەخشانی
بە شۆخی خۆی ئەوەند مەغرور و سەربەست و دڵ ئازارە
خەیاڵی ناگری عاشق ، دەکەونە دەست و دامانی
ئەسەف بەم تەرزە بێ ڕەحمی ئەگەرچی ڕەسمی مەعشووقە
بەڵێ وا چاک نی یە قوربان کە دنیا هەر دەبێ فانی
لە دیوانی جەزادا چوون،خەلاسیت دێ لە ئاهی من
لە ڕەنگ زەردی و زەلیلی من لە سووری جەرگی بریانی
دەبێ هەر خۆم بە ناچاری تەمەننای عەفووی لەیلاکەم
وە ئیللا ، زەحمەتە چارە لە عەدل و حوکمی یەزدانی
ئەگەرچی پیرە " میرزا " ، ئەو دڵی هەر گەنجە پیر نابێ
ئیتر بۆچی بە ناهەق وا ، ئەکەن لۆمەی بە نادانی (*)

****

(*) - ئەم تاکە " بەیت " ش نیسان لە نوسخەی پەرە پەرپووتەکانی مامۆستا حەمە بۆرەوە وەرگیراوە لە سەرچاوەکانی دیـ نەبووە .. ئەمانەی بە زۆری یا لە نەجمەدین مەلای خوشکەزای شاعیرەوە وەرگرتووە یا لە گەڕیدەیی و عەودالی بە دوای سامانی کەلەپووری کوردیدا لێرە و لەوێ و لەم یا لەو کەشکوڵ و لە سنگی شارەزا و پیرە ئەدەب دۆستەکا نەوە لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٥ - ١٩٥٩ دەستی کەوتوون واتە نە نزیکەی چارەکە چەرخێکدا .
واتای ئەم بەیتەش ئاشکرایە و شاعیر لە پیریشدا هۆنیویەتەوە

## ( دیسانەوە بۆ هاتنەوەی شێخ مەحمود لە دیلی )

بیحەمدیللا موزەییەن بوو ، بە تەشریفی سلیمانی
لە سایەی هەق تەعالاوە و جەنابی غەوسی گەیلانی
بەشارەت بێ برای دینی ، چرای دین هەڵکرا بۆمان
خەلاس بوو میللەتی کوردی لەدەس " ... " بە ئاسان
بە مەعلوومی بزانن ؛ موڵکی کوردستان لە ئەمڕۆوە
خودا عومرێکی تازەی پێ عەتا کردووە بە رضوانی
بە هەشتە ئێستە بۆ ئێمە جیهان ، چونکە مەلیک مەحمود
بە جوود و مەعدلەت خواهی ؛ دەفەرموێ ئەو حوکمڕانی
کەسانێ تالیبی جیفە و تەماع و ماڵی دونیا بوون
پەرێشان حاڵ و داماون بە ڕووزەردی و پەشیمانی
ئەسەف بۆ ئەو کەسانە ، وا کە فرەستیان لەدەس خۆ دا
زەمانە پێنج و دوو ڕۆژە ، ئەساسی چەرخی دەورانی
کە هەر ڕۆژە بە ڕەنگێ دێتە مەیدان پیرەزاڵی چەرخ
هونەر بۆ ئەو کەسانە ، تێک نەدا فکری بە نادانی (١)
کەسێ مەردبێ لە دنیادا ، هەتا مردن بەیەک ڕەنگی
دەکاتن سەرفی ئەوقات و زەمانی خۆی بە مەردانی
لە پژدەردا کە مەعلووم بێ ، نی یانە حیلە و تەزویر
لەگەڵ هەر کەس کە بیناسن نی یانە پێچ و پەنهانی

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : (١) . پیرەزاڵ : مەبەس لەو پیرێژنە سەرئاسنینە عەیار و مەکربازەیە کە چەرخی ڕۆژگاری پێچواندوە .

نەژادی ئەحمەد ئاغا " في الحقیقة " جوملە یەکسانن
بە ئیقدامن لەسەر قەول و قەرارن پیر هەتا جوانی (٢)
دووەم بابەکر و خضر و کاک عەبدوڵڵا و نورەدین
نەوەی شێرانە بیلڵاهی خەیاڵی نایە فەوتانی (٣)
ئەڵێ بۆ هەر دوو دنیا گەر ببێ یەک رەنگ و یەک تابی
نەوەی حاجی ڕەشید ئاغای حەسەن تەحسینی ڕەبانی (٤)
ئەمانە دائەمەن ؛ وردو بزورگ و دوون و ئەعلایان
هەواخوای حەزرەتی شێخن لە قاپی حەی ی سوبحانی
خوداوەندا بە لوتفی خۆت قبوڵکەی ئارەزووی " میرزا "
بەسە تاکەی قبوڵکا ئەم ئەسیری و خانە وێرانی

****

(٢)- ئەحمەد ئاغا : خۆی یەکێکە لە ئاغاواتی پژدەر و بەناوی تایەفەکەیەوە ناسراوە .

(٣)- ئەم بەیتەش هەر لە ڕوی واتاوە لەتەک بەیتی پێشودا پەیوەستە و ئەڵێ دوای ئەوان : بابەکری خدری کاک عەبدوڵڵای نورەدین کە هەر لە ئاغاواتی میراودەلین ، مەرد و ڕفتار شیرین بۆیە شاعیر سوێند ئەخوا و ئەڵێ : کەسانی واجوامێر هەرگیز لە ڕەگ و ڕیشە هەڵناکێشرێن و ئەمێنن .. لێرەدا ئەزانم " نورەدین " بەرەیەکی پژدەریانە و ئایا کەسێکیشە و ئەو ناوانەی ئەم بەیتە هەر یەکەی یەکە کەسن ؟ .. ئەوەم بۆ ساغ نەبووە وە ، خۆزگە ئەوەی کە ئاگادارە ڕاستیەکەی ڕائەگەیان یا بۆی ئەنووسیم .

(٤) . حاجی ڕەشید ئاغا : پیاوێکی دەرکەوتووی ناوچەی پژدەر بووە و حەسەنیش هەر کوڕی حاجی ڕەشید ئاغایە و بە پیاو چاک و خۆشەویست ناسراوە ، کە لەوانەیە وەک ئەوانی پێشو ناوبران سەر بە شێخ بووبن .

## ( گازنده له باری پژده‌ر )

لـه پـژده‌ردا ئـه‌گـه‌ر ده‌سـتـمـکـه‌وێ ؛ سـه‌د گـه‌نجـی قـاڕوونـی
بـه‌سـه تـاکـه‌ی قـبـوڵکـا دڵ ؛ حـه‌یـاتـی وا بـه مـه‌ئـدوونـی
ئـه‌گـه‌ر ڕه‌زاقـی مـن ڕزقـم لـه پـژده‌ردا نـه‌بـێ و نـه‌یـدا
مـنـیـش وا نـامـه‌وێ ، خـه‌زنـه‌ی سـولـه‌یمـان و فـه‌ره‌یـدوونـی
حـه‌یـاتـی وا لـه دنـیـادا چـی یـه ، بـوچـی ده‌بـێ چـابـێ
لـه‌مـه‌ولا نـامـه‌وێ ، شـه‌رتـه ، حـه‌یـاتـی وا بـه مـه‌ڕهـوونـی
لـه بـێ ویـژدانـی بـه‌عـزێ کـه‌س ، لـه عـومـرو مـاڵ ، بـێ زارم
ئـیـداره‌م بـۆ نـی یـه بـیـلـلاه ؛ بـه سـه‌د عـیـلـمـی فـلاتـوونـی
بـه خـوڕایـی زه‌مـانـێکـه ، حـه‌یـاتـی خـۆم بـه ضـایـع دا
هـه‌مـوو وه‌قـتـی تـه‌مـه‌نـنـاکـه‌م ، بـلێم کـوێخـای ڕه‌ش و کـوونـی
" حقـوق " ضـایـع بـووه ؛ ئـه‌مڕۆ ، له پژده‌ر جوملـه یـه‌کسانـه
ئـه‌گـه‌ر لـوقـمـانـی ده‌ورانـی ؛ وه‌گـه‌ر فـه‌رهـاد و مـه‌جـنـوونـی
عـه‌بـه‌س عـومـری عـه‌زیـزم چـوو ، بـه ضـایـع لـه‌م تـه‌لـیـسـمـاتـه
کـه نـه‌مـدی زه‌ڕه‌یـێ بـوونـی وه‌فـا لای کـه‌س بـه مـه‌ئـمـوونـی
خـه‌یـاڵێکـی عـه‌بـه‌س بـوو ،من بـه ئـومـێد (فـه‌یـض)ی پـژده‌ر بـووم
خـودای ڕه‌زاقـی عـالـه‌م فـه‌یـضـی زۆره "خـاڵه " مـه‌غـمـوونـی
سـه‌ری حـاجـه‌ت بـه‌ره بـۆ بـاره‌گـای شـایـی سـلـیـمـانـی
جه‌نـابـی زاتـی کـاکه ئـه‌حـمـه‌د ئـه‌وه فـه‌یـیـاضـی هـامـوونـی (١)
یـه‌سـه "مـیـرزا" تـه‌مـه‌نـنـاکـه لـه‌قـاپـی حـه‌زره‌تـی بـاری
سـه‌بـه‌بـکـارت وه‌کـو تـۆ خـانـه ویـرانـ بـێ بـه مـه‌زنـوونـی ،

***

---

(١)- هاموون : زنجیره ده‌ریاچه‌یه‌کی به پیتی ڕۆژهه‌لاتی ئیرانه به‌لای ئه‌فغانستانه‌وه .

## ( سه‌فیگه‌ری به زمانی دلداری یه‌وه )

ئه‌وا دڵ بوو به بریانی ، خودا ڕه‌حمێ به حاڵم که‌ی
به لوتف و مه‌رحه‌مه‌ت ، ساتێ ڕه‌فیقی چاوی کاڵم که‌ی
به بێ دۆست و ڕه‌فیق ماوم ، له پژده‌ردا به مه‌حزونی
به ئومێدم که عه‌بدی تۆم به‌ڕه‌حمت حوسنی حاڵم که‌ی
ئه‌گه‌ر له‌م جه‌ژنه‌دا ببه‌خشی و بکه‌ی به قوربانی
عه‌لاماتی شه‌هیدیه به عه‌فووه‌ت خوون حه‌لاڵم که‌ی
له سووئی تاڵیعی خۆمدا ئومێدێکم نی یه لاکین
به لوتفی تۆیه مه‌غرورم ، ئه‌نیسی خه‌تت و خاڵم که‌ی (١)
جه‌لالم بۆ چی یه ؛ دنیا هه‌مووی (دام)ه‌و خه‌راباته
ته‌مه‌ننامه به‌ڕه‌حمت باده‌نۆشی لێوی ئاڵم که‌ی
ئه‌گه‌رچی عاشقی مسکین ، له عاله‌م شێت و ڕیسوایه
به ڕیسوایی ده‌که‌م ئه‌رجوو به گه‌ردی بای شه‌ماڵم که‌ی
له تۆ مه‌علوومه مه‌قسوود و نیاز و ئاره‌زووی به‌نده
ئه‌گه‌ر فکرێکی سه‌هووم بێ له دنیا له‌نگه و لاڵم که‌ی
به مه‌رگی خۆم ڕه‌زامه‌ندم ئه‌گه‌ر لوتفت مه‌دده‌دکا بۆم
به‌ڕه‌حمت کوشته‌یی تیری موژه‌ی ئه‌وچاو غه‌زاڵکه‌ی (٢)
له‌به‌ر جورم و خه‌تای زۆرم زوبانی ناطقیم له‌نگه
ئیلاهی تۆ به‌ڕه‌حمی خۆت ده‌بێ ڕه‌حمێ به حاڵم که‌ی

*****

لێکۆڵینه‌وه و لێکدانه‌وه:(*) - ئه‌م شیعره له لاپه‌ڕه (- ٨٣)ی که‌شکۆڵه‌که‌دایه .

(١) - ئه‌نیس : هاوده‌م ، هاواڵێ که دڵیان به‌یه‌ک بکرێته‌وه و هه‌میشه پێکه‌وه ڕابوێرن ، یا هه‌ر شتێ که که‌سێ دڵی پێخۆش بێ .

(٢) - مه‌دده‌د : هاوارێکی ده‌روێشی و دێوانه‌یه و هانا بردنه به‌ر یه‌کێ : خوێنده‌سته‌وه‌دانه که هه‌موو هیوای به‌و په‌نا بۆبردووه‌یه .

## - ٦٨ -

## ( بەرگری لە حەنیفان ؛ بەرامبەر بە فەلەک )

ئەی فەلەک تاکەی ئەتۆ ؛ جەورو ستەمکاری دەکەی
پیرەزاڵێکی قەدیمی ؛ مەکرو عەییاری دەکەی

دائما وەک دوشمنی خوێنی لە دوی ئالی عەبای
هەر وەکو بووجەهلی مەلعون،فیعلی غەدداری دەکەی(١)

بێ مرووەت ، ڕۆژی دیوانی جەزا جوابت چی یە ؟
تۆ لە هەق نەسلی حەنیفان ، وا بەد ئەتواری دەکەی

زەڕەیی فکری خودا ناکەی حیجابێکی عەلی
"شمر"ی مەلعونی؟مەگەر تۆش مەیلی خوون خۆری دەکەی(٢)

بەسیە ئاخر لەم خیانەتکاری یە تاکەی دەبێ
یانە خۆت هەر وەک یەزید ؛ تەقلیدی کوفاری دەکەی

بوچ بە ناحەق وا لە تەعقیب ئاڵ و بەیتی ( ئەحمەد )ی
چۆن لەگەڵ ئەولادی حەیدەر مەلعەنەتێکاری دەکەی

وا لەبەر بێ چاوو ڕوویت ؛ چاو لەبەر بۆوی بۆ زەمین
بەرگی شینت کافی یە ، بێ شەرمی ؛ لاساری دەکەی

تۆ لەبەر بوخل و حەسادەت ؛ کوێرە چاوی غیرەتت
ڕێی ی حەقت لێ گوم بووە مەلعونی بێ عاری دەکەی

ئەشکی خوونین دێ لە چاو " خاڵە میرزا " چونکە تۆ
زۆر مقامت عالی یە ، وا دون پەرستاری دەکەی

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : (١) - ئالی عەبا : مەبەست لە بەرەی - نەوەی پێغەمبەرە - .
- ئەبو جەهل : مەبەست لە عەمروی هیشامی مەخزومی یە کە بەرهەڵستکارێکی توند و تیژی پێغەمبەر و ئاینی ئیسلامی کردوە .
(٢)- شمر : شمر کوڕی ذیلجەوشەنە و جەنگاوەرێکی دڕندەی سوپای یەزیدی معاویە بووە لە دژی حسەینی کوڕی عەلیئەبی تالیب وە لە کوشتنیا دەستی هەبووە و ئەو سەری حسەینی بردوە بۆ شام، ئیسلام لە ڕۆژی عاشوورا دا - دەی مانگی محەڕەم - بە تایبەتی شیعەکان بیرەوەری وشیوەنی بۆ ئەکەن .. شمر لە کورد یدا بوتە "شمڵ" و یەشمەلی شمر ناوی ئەبەن .

# ( جوار و جۆری )

## بەشی دووەم : پاشبەند

## - ٦٩ -

## تەرجیع بەندی ئاینی

بە ئومێدم زەمانی خۆم ؛ لەدەست میحنەت تەوەللاکەم
لە کونجی بێ کەسیدا دابنیشم ، ڕوو لە مەولاکەم
چی یە ئەحوالێ ؟ ..وا دائیم لە ئاهو حەسرەتا بمرم
چی یە عومری بە ناچاری لە هەر ناکەس تەمەنناکەم
ڕەفیقان : گەر بە ئومێدی خەلاسی هەر دوو دنیا هەن
دەبێ قەتعی ئەمەل ئەمڕۆ لە فیکری دوون و بێجاکەن
****
هەتاکەی دڵ بە ئومێد و هەوای دنیای دەنی خۆش کەم
ئەسەف فیکرێکی بێ سوودە ، ئەمن خۆم شێت و ڕیسواکەم
مەگەر " میرزا " گلەی ناهەق لە بەخت و قیسمەتت وایە
بە تەقدیر و قەدەر ڕازیم ،تەمەننای غەوسی بەغداکەم
ڕەفیقان گەر بەئومێدی خەلاسی هەر دوو دنیــــــا هەن
دەبــــێ قەتعی ئەمەل ئەمڕۆ لە فیکری دوون و بێجاکەن

****

(*) - ئەم شیعرە تەنیا لە لاپەڕە (+ ٨٣ )ی کەشکۆڵەکەدا بوو .. بەلام مامۆستا حەمە بۆر پێی ڕاگەیاندم کە ئەم شیعرە ( تەرجیع بەند )ە .. لە دوای هەر دوو بەیتەوە بەیتی سێ یەم کەی دووبارە ئەبێتەوە و ئەڵێ لێرەدا تەنیا دووبەندی هەیە ، بەلام من (حەمە بۆر ) دیومە کە حەوت بەندە و ئەمی ئێرە ناتەواوە .. منیش(نووسەر) بانگەوازم بۆ هەمووان ئەوەیە ئەوی ئەم حەوت بەندەی بە تەواوی لایە بلاوی بکاتەوە وەیا بۆمنی بنێرێ بەشکو لە چاپی دووەمدا شوێنی خۆی بگرێت

## چوار بالی یەکان - تەرجیع بەند -

- ٧٠ -

### ( دڵی من ) ?

مووددیکە سەراسیمە و شێواوە دڵی من
مورغێکی پەشێو حاڵە ، لە نێو داوە دڵی من
بڕوانە چ ڕەنگینە بە خوێناوە دڵی من
پەروانەیی حوسنە ؛ ئەوە سووتاوە دڵی من (١)

*****

سەیریکە چ پڕ شۆڕش و غەوغایە دڵی من
وەک ئاهوویی ڕەمکردە لە سەحرایە دڵی من
مەجنوون صیفەتە ، عاشقی لە یلایە دڵی من
سەرگەشتەو ئاوارەیی دونیایە دڵی من

*****

بەو دانەیی خالی ، دڵی میحنەت زەدە سەرسام
موژگانی وەکوتیرە ، لەبەندی جگەری دام
ڕۆژم شەوی تاریکە بە بێ تۆم نی یە ئارام
بێ چارە کە بێ مەلجەئو مەئوایە دڵی من

****

وا مەسلەحەتە خۆم هەدەفی تیری قەدەرکەم
لەم حاڵەتی دڵ ڕیشی یە من بۆچی حەزەرکەم
لەم عومرە کە بێ تۆیە ئەمن سەرفی نەزەرکەم
بۆچیمە ؟ کە مەحرومە لە دوو دونیایە دڵی من

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

(*) - بە پێی ڕاگەیاندی مامۆستا حەمە بۆر ئەم چواربالیانەی بە حەوت چوار بالیی دیون و چواربالی دووەمیان سەرەتاکەیانە ، ئەوانی تر بە هەمان پاشبەندی ئەو کۆتاییان دێ و ئەوی ناتەواوە شەشەمەکەیانە .

بەو شوعلەیی ڕووی تۆ دڵی بێ چارە کەبابە
بێ موطریب و ساقیی و مەی و بێ چەنگ و ڕەبابە
بۆچ وایە کە عاشقکوژی لای ئێوە صەوابە
کەس ڕەحمی بەحاڵم نی یە بڕژایە دڵی من (١)

****

عالەم هەموو بیزانێ کە ڕیسوایە دڵی من
مایل بە ڕوخ و عاریضی زیبایە دڵی من
قوربانی سەگی دولبەری " میرزا " یە دڵی من
چارەی بە جەناب غەوسی لە بەغدایە دڵی من

****

## ( چواربالی یه تەنیاکان )

## - ٧١ - (نەورۆز )

جەژنە ؛ عالەم ؛ لە گولشەن و باغە
دڵی من ، غەرقی حەسرەت و داغە
چییە ؟ نەورۆزە ؛ بەزمە زەمزەمەیە
لە هەموو لایە ، شەوق و پەرداغە

****

## ٧٢ - ( بەزمێک )

ساقی سەرمەست و مەیکەشان و مەدهۆش
موطریب و ساز و نەی و قەدەح پڕ جۆش
بادەنۆشان ؛ لەبەزم و عوشرەتدان
گۆشی گەردون کەڕە ، لەنۆشا و نۆش

****

---

(١)- لە کەشکۆڵەکەو دەستنووسی شاعیردا وشەی (برژایە )بە ویرنە نووسراوە و بەپێی کۆتایی هەموو چوار باڵی یەکان بێ ئەبێ وانەبێ. شاعیر ڕوو لە دڵخوازە خۆشەویستەکەی ئەکا و ئەڵێ : ئەی بێ بەزەیی .. بۆچی ئێوەمانان ڕەحمێ بە دڵی سووتاوم ناکەن ؟ دیارە عاشق کوشتن لای ئێوەمانان کارێکی چاکە و پاداشتی ئەو عەشقەیان ئەدەنەوە .

## - ٧٣ - ( شاعیر و یارەکەی )

حەسرەتا یارم ؛ زەمانێکە .. لە من دڵگیر بووە
حاڵی یە وا دڵ ؛ بە حەلقەی پەرچەمی زنجیر بووە
ظاهرا بۆیە ؛ بەکەم لوتفی لە حاڵم حاڵی یە
لازمە خادیمم ببێ چاکە ئەگەرچی پیر بووە .

****

## - ٧٤ - ( شاعیر و غەوس )

گەرچی پیرم ؛ بەخودا خادیمی دەرگەیی پیرم
وا مەزانن ؛ کە نەفامم بە خودا زۆر ژیرم
ئاستان بۆسی سەگی حەزرەتی غەوسەلسەقەلەین
خاڵە میرزایە"کە دێوانەیی ؛ بێ زنجیرم

****

## - ٧٥ - ( سۆفیگەرێتی شاعیر )

خۆزگە بەو ڕۆژەی کە تەسلیمی دەستی جەللاد دەبم
بۆ (تەناف) یا (سەربڕین) (مەنصوور) وار ئازاد دەبم
گەر نەنووسێ ؛ خوێنی من حەرفی (ئەنالحەق )حەق نی یە
ڕوخصەتی شاهم نەبێ ، شاگردی بێ ئوستاذ دەبم

****

## - ٧٦ - ( پاڕانەوە لە خوای مەزن )

یارەببی ! بە حەق نووری محەممەد کە ڕەسووڵە
شافیع بە هەموو ئوممەتی عوصیانی قبووڵە
بێ بەخشە ؛ بە لوتف و کەرەم و ڕەحمەتی عامت
"میرزا"کە زەمانێکە لە غەمدایە مەلوولە

## - ٧٧ - ( لە بارەگای خوادا )

خوداوەندا ، بە حەقق ؛ ئەولادی حەیدەر
بە عەشقی موئمینانی ؛ ڕۆژی مەحشەر
عەتاکەی نووری ئیمانم ، بە ئیمان
لە ڕووم بێ بچمە دیوانی پەیمبەر

****

## - ٧٨ - ( دیسان لە بارەگای خوادا )

ئیلاهی زۆر بە ئومێدی عەطاتم
بە لوتفی خۆت ؛ بکەی ئیمان خەلاتم
غەمی دنیای دەنی ناخۆم و نیمە
ئەگەر بۆ کوشتنم ، دۆست فەرمووی هاتم

****

## - ٧٩ - ( لەداخی تووتن )

لەداخی تووتنی نامەرد کەساسم
نەماوە تاقەتی صەبرو ،هەواسم
ئەگەر هەر کەس نەدا هەقم بە چاکی
گونی ئەسپم بە کورکەی خوشک و داکی (١)

****

(١)- ئەم چوار بالیەم لە حاجی حەمە غەریبەوە وەرگرتووە . بەو بۆنەیە وتراوە ساڵێکیان میرزا لەبازرگانی کڕین و فرۆشتنی توتندا تێ ئەشکێ ، لەولاشەوە قەرزێکی زۆری لەسەر خەڵک ئەبێ ، بە هۆی ئەم شیعرەوە بۆی ئەهێننەوە .

## « بەشی تاکەکان »

### - ٨٠ - ( ئەسپەکەم )

ئەسپەکەم برسی نەبی ، پیمچاکە نەک خۆم مەستی چا
مەرحەمەت فەرموون ، بیدەنی کرشە و گیا (٢)

*****

### - ٨١ - ( سەرکاری شاعیر )

لەدەست بەختم ئەنووسم مەزبەتەو تەل
تجاریدا بەسەرکاری مەلا شەل (٣)

*****

---

(٢) - ئەم تاکەشم لە دەمی حاجی حەمە غەریبەوە وەرگرتووە فەرموی : لەگەڵ یاوکما چووینە گوندی " گەرماوان " دێی کوڕی حاجی عەباس ئاغای مەمەندئاغایە .. لە کاتی "چا" خواردنەوەدا ئەم فەردەی بۆ هات .

(٣) - ئەم تاکەشم هەر لە حاجی حەمە غەریبەوە وەرگرتووە کە بەو بۆنەیەوە وتراوە .. لە زەمانی تورکەکاندا " میرزا " بەرەو گوندی ( خەرەکێ رێسە و مەلاشەل ) تەرواا کە دوو گوندن لای سەرسیانەوە لە مەرگە لە بری بازرگانی تووتن ئەیکەن بەسەرکاری دەغڵ و داتی میری .

****

## ١ – بەشی – پێنج خشتەکی یەکان – (*)

## پێنج خشتەکی میرزا لەسەر شیعرێکی " حەمدی "

## – ٨٢ – " لەبابەت باری ژیانەوە "

چ حاڵێکە پسەر ئەمرۆ ، بە بێ ئەمری پدەر دەڕوا ؟ .
ئەوەند مەدهۆش و مەغرورە ، وەکو مەست بێ خەبەر دەڕوا
بە خۆی نازانێ بۆ ئاخر ، چ کارێکی بەسەر دەڕوا
*[ غەم و دەردە بەدەورمدا ، هەتا حوکمی " بەصەر ) دەڕوا*
*ئەجەل میوانە غەم غەمبارە ، یاری بۆ سەفەر دەڕوا ] (١)* .

****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : (*) – پێنج خشتەکی لە دەستووری ئەدەبی کۆندا بە داڕشتی جۆرە شیعرێک وتراوە کە شاعیرێک شیعری شاعیرێکی تری لا جوان و پەسەند و دڵگیر بووبێ ؛ هاتووە هەر بەیتێک لە شیعری شاعیرەکەی تر ، سێ نیو باڵی خستوتە پێشەوە کەخۆی دایناوە بە مەرجێ سێ نیو باڵەکەی خۆی لەسەر هەمان پاشبەند (سەروا = قافیە )ی یەکەمین نیو باڵی شاعیرەکەی تر بوو بێت کە ئەوی خۆی خستوتەسەر .. لەبەر ئەوەش لە ئەدەبی کۆندا شیعرێک تاکەکانی یەک جۆر پاشبەندیان بووە و ئەبوو تاکی یەکەمیش هەر دوو نیوە باڵیەکەی هەمان پاشبەندیان بووبێ ، بۆیە ئەو سێ نیو باڵیەی کە شاعیری دووەم لەسەر هەمان کێش و پاشبەند و بیر ئەیخستە سەر هەر تاکەی شیعری شاعیری یەکەم و پەیوەندی بیرو کێش و پاشبەندیان ببوایە ، بەوە وتراوە : ( پێنج خشتەکی = تەخمیس ) واتە : بە پێنج خشتەکی کردن و ئەوسا لە پێنج خشتەکی دووەمەوە هەتا دوایی پێنج خشتەکیەکە پێنجەمین نیو باڵیان لەسەر جۆری پاشبەندی یەکەمین پێنج خشتەکی کە ئەبێ. لێرەدا شاعیرمان شیعرێکی ئەحمەد بەگی صاحیبقڕانی هێناوە و کردویە بە پێنج خشتەکی کە ئەمەی دواییە ، هەر وەک چەند پێنج خشتەکیەکی تریشی کردون و ئەوی دەستم کەوتوون لەدوای ئەمەوە پێشکەشیان ئەکەم .

لە پێنج خشتەکی دا توانای هەر دوو شاعیر دەرئەکەوێ و ئەتوانرێ بە بەروارد و لێکۆڵینەوە ئەو توانایە جیکر و دەستنیشان بکرێ و زۆر شاعیر کە شیعری یەکێکی تریان کردوتە پێنج خشتەکی ئەوەندە بە توانا بوون توانیویانە بابەت و بیری شیعرەکەی شاعیری یەکەم بە تەواوی بە بارێکی تردا بگۆڕن کە ئەوە ئەوپەڕی توانای شاعیری دووەمی دیاری کردوە ..

(١)– سێ نیو باڵی یەکەم لەم پێنج خشتەکی یە هی میرزایە و دوو نیوباڵی دوایش هی حەمدی یەو ئیتر هەموو پارچە پێنج خشتەکی یەکانی دی بەمجۆرەن .

چی یە ئەم وەضعی دەورانە ؛ بەجاری سەربەسەر میللەت ؟
لەبەر سووئی ئەمەل ؛ کەوتوونە گەرداوی غەم و میحنەت
لەرێی حەق لا ئەدەن ؛ مەحضەن بە ئومێد جیفە و ثەروەت
[غولامی ئەو کەسەم فەرقی نەکا عززەت لەگەڵ زیللەت
تەنەزول بۆ فەلەک ناکا؛(بەد) و(نیکی)کەهەر دەڕوا ]

****

ئەما بۆ شاهی ئەسکەندەر ؛ جەلال و شەوکەت و حیشمەت
بلێ میهری سلیمان چی بەسەرهات ، دادەنی قودرەت
هەتاکەی وا بە بێ فکری ؛ بە دەهری دوون دەدەن ڕەغبەت ؟
[لەپەی جەهلا؛بەعیززەت چوتەمل ئیدراکەوە زیللەت
لەگەڵ ئەم تەوق وپێوەندە نیهایەت موختەصەر دەڕوا](۲)

****

هەتا ئەم جیسمە بێ ئیسمەم ، دەکەن هەمدەم لەگەڵ تابووت
ئەمن هەر بەندە فرمانم غولامی حەلقەیی گێسووت
نەمانم خۆشترە لەم عەصرەدا ، نەک بم بەغەم هاوجووت
[نیشانەی ئافەتە هەردەم ؛ شکۆفەی ئارەزوو پشکووت
ئەمەل نەقلی هەمیشە سەبزە؛ئەما بێ ثەمەر دەڕوا](۳)

****

(۲) – لە هەڵەی نووسینە کە لە دیوانەکەی (حەمدی) و(میرزا) شدا وشەی (دەدەن) بە.. دەکەن)
نووسراوە .. لەسەر نوسخەیەکی مامۆستا حەمە بۆر جێگیرم کرد چونکە (دەدەن) گونجاوترە .
(۳)– وشەی ئەما لەم پێنجەمین نیوبالیەدا بەهەڵە لە دەستنووسەکەی میرزادا بە ( اوا ) نووسراوە .

تەماشا دەم بەدەم ئەمڕۆ ؛ لەگەڵ دوێنێ گەلێ فەرقە
غەم و جەور و جەفا و میحنەت ؛ شەڕارەی هەر وەکو بەرقە
لەبەرچی سوفی وزاهد بەبێ سووجادە و (دەلق)ە ؟
[صەدای قاڕوون و خەرنەی دێ دەڵێ :غافڵ مەبن خەلقە
زمانە خۆشە،وەك ئێمە نیهایەت بێ ئەثەر دەڕوا] (٤)

****

بڵێم چی وەضعی گەردون (ئەختەر)ی لا ماه و خورشیدە
درەختی سەروی ناز و ناڕەون بێ بەرگ و تەوحیدە
فەصاحەت نافەصیحە بێ هونەر ئەهلی پەسەند دیدە
[خەلەف مەحرومە ئەربابی مەعاریف وەختی تەجریدە
کەلامی کۆن و کاغەز؛ کەی بەنرخی سیم و زەڕ دەڕوا]

****

بە ناچاریم بەسەر برد ، مووەدتی ئەوقاتی مانگ و ساڵ
ئەسەف ڕابورد بەغارەت چوو، حەواس و تاقەت و ئەحواڵ
هەدەرچوو عومری شیرین ، ضایعم کرد ڕوشتەیی ئامال
[عەبەس حاڵم بە ماضی کرد ، ئەگەر بۆ حاڵی ئیستقبال
لە ڕێی ئەو شۆخەدا صەرفی دەکەم باقی هەدەر دەڕوا]

****

(٤)- لە دیوانەکەی (حەمدی) و (میرزا) شدا ئەم (واو = و) لەنیو باڵی دووەمدا بەهەڵە یا بە پێی شێوەی نووسینی کۆن نەنووسراوە کە بەپێی ڕێنووسی ئێستە ئەگەر نەنووسرێ کێشەکەی لەنگ ئەبێ
- دەلق : کەوڵ پۆشی دەرویشی (کەڵپووس) ، کراسی ئاودامانی ، (خەرقە) ، بەرگی پینەکراوی دەروێشانە .

کەسێ نایل بە پا بۆسی سەگی ئەو شۆخەبێ شاهە
بە مەعلوومی لە دو‌نیا ، سەرەفراز و شەرەفخواهە
لە هەر دوو عالەما مەعلوومە صاحیب عیززەت و جاهە
[لەبەینا پەردێکە،مانیعی دیداری ئەوماهە
کە لاچوو پەردە،جا شەوکەت لەبەر پیتا بەسەر دەڕوا](٥)

****

چ حاجەت ئێستە تەعریفی لە هەر دوو عالەم ئیسپاتە
لە مەوجی بەحری عەشقیدا خەلاصی صەعبە هەیهاتە
ئەگەر ئەو شۆخە لوتفی بێ ئیتر ئەی دڵ چ پەرواتە
(مەماتی جا حەیاتە هیجرەتی ئەوسا مولاقاتە
بڵێ عوششاقی ئەو شۆخە لە حەشرا بێ خەتەر دەڕوا(٦)

****

سەروو ماڵم بە قوربانی ؛ دوو تاقی ئەبرۆیی تاقت
وجوودی بێ وجوودم بێ ، فیدای سەرگەشتەی ئافاقت
سەری " میرزا بەسەرگەردی سەری مەردانی موشتاقت
[قوبووڵیکە بە سەگ "حەمدی" ئەگەر نابێتە عوششاقت
کە یا بۆسی سەگی تۆیە هەتا شەمس و قەمەر دەڕوا]

****

(٥)- لە دوا[illegible]وە ب[illegible] ئەم پارچە پێنج خشتەکیەدا لە دوو جێگەی لاپەڕە (١٣٠ و ١٤٢)ی دیوانی (حەمدی)دا هەر (کە لاچوو پەردە جا ... ) نووسراوە ، چونکە شیعرەکەش هی (حەمدی)یە ، لە دەقی شیعرەکەی سەرەوەدا جێگیرم کرد ، بەڵام لە دیوانە دەستنووسەکەی (میرزا) دا بە : (کەلا جیوەردی یە نووسراوە ..)

- لاجیوەرد : بەردێکی کانی (مەعدەنی)یە ، ڕەنگی شینی ئاسمانی یە ، مەبەستی لە ڕەنگی شینی فەلەکە ، لە چەند شیعرێکی تریشدا لەم ڕەنگە شینە دواوە ، هەر چەندە ئەمی (میرزا)یش واتای خۆی بە باشی ئەدات ، بەڵام هەر ئەوەی (حەمدی)م بەبنکەی جێگیر دانا .

(٦)- ئەم وشەی (بڵێ)یەی ئەم دوا باڵە بە ڕێنووسی کۆن کە بە (بلی). ئەنووسرا .. ناتوانرێ بە تەواوی بزانرێ کە مەبەسی شاعیر لە (بڵێ) وەیا (بەڵێ) کامیانە ، بۆیە بە هەر دووکیان ئەچێت و ئەم جۆرە وشانەش شاعیران بە دەسنگە بەکاریان هێناون کە لە هەمان کاتدا دوو واتا بدات ئەوەش وردەکاری و کارامەیی شاعیری ڕاگەیاندووە .

## ٢- (پێنج خشتەکی میرزا لەسەر شیعرێکی مەحوی )

### - ٨٣ - " دڵداری سوٚفیگەری یانە "

لەگەڵ وەضعی زەمانەو بەختی بەد ، دەعوا نەکەم چبکەم
بە نەقدی ڕوحی شیرین (کولبە)یی سەودانەکەم چبکەم
وەکو مەنصور تەنافی بو سەرم پەیدا نەکەم چبکەم
[ بەنووری بادە کەشفی ظولمەتی تەقوانەکەم چبکەم
بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم چبکەم (١)

****

لێکوٚڵینەوە و لێکدانەوە

(١)- لەدەقی شیعرەکەی (مەحوی) کە لە دیوانە چاپیەکەی یەکەم و دووەمیدا ئەم تاکە یەکەمینە و لە دەستنوکەی " میرزا " دا دوا باڵی پێنج خشتەکی یە بەمجوزەی دوایی نووسراوە ، کە جیاوازی لەگەڵ ئەوی هەر دوو دیوانە چاپکراوەکەدا هەیە :

[ بەشەمعێکی وەها چارەی شەوی یەڵدانەکەم چبکەم ]

وادیارە میرزا شیعرەکەی (مەحوی) ی بە پاش وپێش وناتەواوی دەستکەوتووە ، بوٚیە لە نووسینی پێنج خشتەکیەکەیدا پاش و پێشی بە ئاشکرا پێوە دیارە و ، تاك (بەیت) ی شەشەمی شیعرەکەی (مەحوی) یشی تەخمیس نەکردووە ، لەوانەیە دەستی نەکەوتبێ وەك ئەمانە لە شوێنی خوٚیاندا لەگەڵ جیاوازی یەکانی نێوان دەقی شیعرەکەی مەحوی و ئەوی میرزا وەریگرتووە دیارییان ئەکەم .

لەبەر ئەوە زنجیرەی ئەم پێنج خشتەکیانەی ئێرەم وەك زنجیرەی یەك بەدوای یەکدا هاتنی دەقی شیعرەکەی (مەحوی) و بە پێی هەردوو دیوانە چاپکراوەکەی جێگیرکردوون ، نەك وەك ڕێچکەی نووسینەکەی (میرزا) لە دیوانە دەستنووسەکەی خوٚیدا کە بە ئاڵوزی تیا نووسراوە .

- کولبە : خانوچکەیەکی کوڵێت ئاسایی لادێیانە و شوێنی ئارام تیاگرتنی دەروێشانە ، لێرەدا مەبەستی لە بەهەشتە .

لەگەنجینەی دڵم ڕوانی ، کە ئایا نەقدی تێدایە
کە نەمزانی لە من زیادتر ، ئەویش مەجنووتی لەیلایە
گوتی : سەرمایە و سوودم ؛ هەموو ، ڕاجیع بە (مەولا)یە
*[لەخەزنەی دڵمدا ، هەرچی هەیە هەر داغی سەودایە*
*دەسا ئەم نەقدە؛دەردی عیشقی پێ سەودا نەکەم چبکەم]* (٢)

****

موسەلسەل تارو پۆ ، ئالاوی گەردنە وەکو ڕەشمار
جەفاو ، جەورو ، خەم و ، میحنەت ، بەڵاوو فیرقەتی دڵدار
عەجەب داوێکە تووشی بووم ، تەلیسماتێکە زۆر دژوار
*[لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زوننارێ زوڵفی یار*
*وەکو شێخ ئیختیاری مەزهەبی (تەرسا) نەکەم چبکەم]* (٣)

****

---

(٢) - نیو باڵی چوارەمی ئەم پێنج خشتەکی یە لەوەکەی میرزادا بەمجۆرە نووسراوە :
*[لە خەزنەی خاترا ، هەرچی هەیە پڕ شۆر و غەوغایە]*

هەروەها تاکی مەحویی ناو ئەم پێنج خشتەکی یە لە هەر دوو دیوانەکەیدا دووەمین و لە دەستنووسەکەی میرزادا بووە بە (چوارەمین) کە دیارە شێواوی لە وەرگرتنیا هەبووە و من پەیڕەوی ڕێچکەکەی (مەحوی) م کرد لە جێگر کردنیا کە :
یەکەم (دیوان) لە لایەن - عەلی کەمال باپیر ئاغا - وە لە ساڵی ١٩٢٢ دا لە چاپخانەی (حوکومەت) لە سلیمانی چاپکراوە ئەم شیعرە لە لاپەڕە (٤٦) یدایە .
دووەم (دیوان)یشی لە لایەن مامۆستایان مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریمەوە لە ساڵی ١٩٧٧ دا چاپکراوە ئەم شیعرە لە لاپەڕە (.٢٣)یدایە ... لەبەر ئەوەی لە چاپی دووەمەکەدا شیعرەکانی مەحوی لێکدراونەتەوە ، بۆیە لێرەدا بەلای لێکدانەوەیاندا نەچووم و تەنیا لێکدانەوەم لەسەر نیوە باڵی یەکانی میرزایە .
(٣) - ئەم تاکەی مەحوی لە هەر دوو دیوانەکەیدا سێ یەمینە و لە پێنج خشتەکی ـەکەی میرزادا دووەمینە ، میرزا لە جێگەی ( دەستی مەلا) نووسیویە ( دەستی منا ) ، دیارە بەدەسکاری یەوە وەریگرتووە ؛ چونکە ئەوی ( مەحوی ) بە هێزترە لە ڕووی واتاوە ، جگە لەوەی کە ( مەلا ) بە ڕێنووسی کۆن بە شێوەی ( ملا ) ئەنووسرێ کە واتای ( مل ) یش ئەدات و کە ( دەست ) و (مل) و ( زوڵف ) و ( زوننار ) لە ئەدەبی کۆندا یەکگیرتنیان جوانی ئەبەخشێ .

خودا !! چبکەم لەگەڵ ئەم بەختە دوونە؟چۆن بکەم چارێ ؟
لەگەرداوی غەما غەرقم ، نی یە بۆ من مەدەد کارێ
چ مینەنەت ؟ گەر سەر و ماڵم نەدەم ئەمڕۆ لە ڕێی یارێ
[لەڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کرد بە خاك،پێی پیا نە نام جارێ
دەسا خاکی هەموو عالەم،بەسەر خۆما نەکەم چبکەم ؟](٤)

****

وەکو ئەهلی (تەشدیوع) دڵ ، لە ماتەمدا عەزا پۆشە
بە بادەی؛ئەشك و حەسرەت،دائیما (سەر)مەست و مەدهۆشە
دەڵێ : (زەهر)یش ئەگەر بێنی؟لەدەست ئەو شۆخە بینۆشە
[دەمێکە شاری پڕ شۆری مەحەببەت مات و خامۆشە
بە قانوونی تەجەننون ، شۆڕشی ئینشانەکەم چبکەم ؟ ](٥)

****

[لە چاوانم نەما بۆ گریە ، نۆبەی سەجدە بەردەریە
سیا ساڵم نەبارە ،نوێژی ئیستیسقا " نەکەم چبکەم] (*)

****

(٤) - ئەم تاکەی (مەحوی) کە لە دیوانەکانیدا دووەمینە ، لە تەخمیسەکەی (میرزا)دا حەوتەمینە .. شایانی لێدوانە کە لە جێی (پێی پیا نەنام جارێ)لە هەر دوو دیوانەکەدا (پێی نەنا پێما )یە کە بە سەرنجدان دەرئەکەوێ ئەوی لەمەڕ (میرزا) لە ڕووی دەربڕین و واتا و زمانی بەوە بەهێزترە ، جگە لەوەی کە بۆ باری بە پێنج خشتەکی کردنەکە گونجاوە بۆیە نەمکردوە بە دەقی ناو دیوانەکان هەر وەکە میرزا (خۆما)ی بە (خۆمدا) نووسیوە .

(٥)- ئەم تاکەی (مەحوی) کە لە دیوانەکانیدا ، پێنجەمینە و لە پێنج خشتەکی یە کەی میرزادا سی یەمینە و میرزا لە جێگەی (ئینشا) نووسیویە (بەرپا) کە ئەمەیش ئەگونجی

(*) - ئەم تاکە بەیتەی (مەحوی) کە شەشەمینە (میرزا) لە دەستنووسەکەیدا بە تەخمیس کراوی نەینووسیوە و لەوانەیە دەستی نەکەوتبێ .

بە مەعلوومی خەتابارم ، (کەلام)م بۆیە لا (سمع)
بەشێتم تێمەگەن یاران ! ! زەمانە ؛ ئاگرو شەمعە
لە رووباران تەماشاکەن ! هەموو ئەشکی منەو دەمعە

*[ لەسەر تۆم دوشمنە دنیا ، قەضییەم (مانیعولجەمع)ە*
*کە تەرکی تۆ نەکەم،تەرکی هەموو دنیا نەکەم ،چبکەم ] (٦)*

****

لەگەڵ دڵدا هەموو وەقتم ؛ نیزاع و شۆرو ئاشوویە .
گوتم : تۆ تاقەتی عەشقت نی یە ، حاڵێکی (مەجزووب)ە
گوتی : شێتی ، بڕۆ ، دنیا خەراب ئاباد و مەخرووبە

*[ بەجێ ماوم لە یاران ، (نابەجی )ماوم ، ئەجەل زوو بە*
*بە مردن ، لەم قوصووری ژینە ئیستیعفانەکەم چبکەم ] (٧)*

****

هەتاکەی ، ئەی دڵی ڕیسوا ، خەریکی مەسئەلەی (نەحو)ی
تەماشای نوطقی شیرین و کەلامی شەهدی وەک (مەحوی)
دەفەرموێ :قیسمەتی عاشق،هەموو هەر شیوەنە (مەحو)ی

*[ ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشرائەدا ، وادەی لیقا "مەحوی" (٨)*
*هەتا قامی قیامەت ، ئاهو واوەیلانەکەم چبکەم ]*

****

---

(٦)- ئەم بەیتەی (مەحوی) لە هەر دوو دیوانەکەیدا (حەوتەمین)ەو لە پێنج خشتەکی یەکەی (میرزا)دا (شەشەمین)ەو لە هەر دوو نیوباڵی چوارەم و پێنجەمیشدا میرزا وشەی (دنیا)ی بە (عالەم) نووسیوە .

(٧)- ئەم بەیتە لە دیوانەکانی (مەحوی) دا هەشتەمین و لە پێنج خشتەکی یەکەی میرزادا پێنجەمینە و میرزا لە جێگەی (لەیاران ، نابەجی ماوم)نووسیویە (لەیاران واجی ماوم )کە ئەمەش لاوازە و بە هەڵەی دەسکاری یەوە وەریگرتووە ، هەر وەک لە شوێنی (لەم قوصووری ژینە) نووسیویە : (لەم قصە ; لەم ژینە) و ئەمیش هەر دەسکاری ولاوازە .

(٨)- ئەم بەیتە لە هەر دوو دیوانەکەی (مەحوی) دا نۆیەمین تاکەو لە تەخمیسەکەی (میرزا)دا هەشتەمینە ، هەر چەندە لە دیوانەکەی میرزاشدا دوا بەیتە ، بەڵام (میرزا) نیو باڵی چوارەمینی وەک چاپی یەکەمی دیوانەکە بەمجۆرە نووسیوە : *[ ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشردا دەڕوا ، دەڵێ "مەحوی" ]*

دیارە ئەمەش وەک ئەوی دیکە ئەبێ (نوسخە) بێ چونکە بە پێی ئەوەی لە تێگرای کەشکۆلکەکاندا دەرئەکەوێ کە هەر شاعیرێک زۆر جار وشەی شیعرێکی خۆی گۆڕیوە بە وشەیەکی تر بە ناوی (نوسخە)وە ؛ لەوانەیە کە جیاوازی یەکانی دەقی هەر دوو دیوانەکەی (مەحوی) لە گەڵ ئەوی (میرزا) وەریگرتوون لە ئاکامی نوسخەدا بێ .

## ٣- (پێنج خشتەکی میرزا لەسەر شیعرێکی حەمەدی )
## - ٨٤ - (نیشتمانی ) (*)

ڕۆژ و و شەو دەگریم بەسۆزی قەلبی ئاتەشناکەوە
گەردنم بەندە بە حەلقەی گونبەدی ناپاکەوە
هەر وەکو "مەنصوور"؛"ئەنالحەق "مە ،بە رووی خاشاکەوە
[وەك هەوا کەوتوومە گێژی گونبەدی ئەفلاکەوە
ڕەببی بیبینم وەکو " کیسرا " بەسینەی چاکەوە (١)

****

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

: (*) - ئەم شیعرەی ئەحمەد حەمدی بەگی صاحیبقڕان بەبۆنەی ئەوەوە دایناوە کە لەشکری کوردستانی خوارو لە دەربەندی بازیاندا بە سەروکایەتی شێخ مەحمودی حەفید شکا ، پاشایەتیەکەی شێخ ڕوخێنرا و خۆی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە دیل گیراو ناردیانە هندستان لە ١٩١٩ زدا .

بەر لەوەی کە شاعیرمان - میرزا غەفور - ئەم شیعرە بکاتە پێنج خشتەکی شاعیرێکی ترمان (غەریق) کە بە پێی ڕاگەیاندنی ماموستا حەمە بۆر خەڵکی "سەقز" بووە و ماوەیەکی زۆر لە سلیمانی ژیاوە و لە سلیمانیش کۆچی دوایی کردوە ، لە دەرکی بازاڕی کۆنە فرۆشەکاندا کۆنەفرۆش و بەرەو سووجادەی کۆن و دڕواوچاکەرەوە (رفووگەر) یکی وردیش بووە،گوڕەکەیشی شاعیرێکی توانا بوو ، بەناز ناوی " ئاوارە " وە .

ئەو غەریقە ئەم شیعرەی (حەمدی) ی کردوتە پێنج خشتەکی و دوا بە دوای ئەو شاعیریشمان میرزا غەفور هەمان شیعری کردوتە پێنج خشتەکی و بەمە جارێکی تر دۆستایەتی خۆی و دڵسوزی بەرامبەر شێخ دەربڕیوەتەوە .

لە سەرناوی ئەم پێنج خشتەکیەدا " میرزا " بە فارسی نووسیویە (پێنج خشتەکی میرزا غەفور بەرامبەر وتە ، بەرامبەر بە پێنج خشتەکی غەریق) .
کە ئەم سەرناوە لایەنێکی ئەوی لە پێشەوە ڕامگەیاند پشتگیری ئەکات و کە نووسیویە "بەرامبەر وتەی" لام وایە ئەوە هەڵەیەکی دەستنووسی تیایەو (بەرامبەر وتەی حەمدی ) بووە ، وەیان میرزا نەیزانیوە ئەو شیعرە هی کێ یە ، چونکە نازناوی (حەمدی) لە شیعرەکەدا نی یە و بۆیە لە 'بەرامبەر بە وتە "کەیدا ناوی حەمدی نەنووسیوە و هەر وەك دەریش ئەکەوێ کە شیعرەکە و پێنج -

ئەی برای دینی ، عیلاج و حورمەتی دین زەحمەتە
با لە دەسمان دەرنەچێ ، ئەم جەژنەوو ئەم فرصەتە
با بە مەردی تێبکۆشین ، هیچە ئەم وەضعیەتە
[ بۆکەسێ تاسەروەفاداری نەبووبێ مروەتە
سەیری ئەسکەندەر ئەکەن ، ڕوویی بە مشتێ خاکەوە(٢)

****

---

خشتەکی یەکەشی بە تەواوی و بە ڕاستی دەست نەکەوتبێ ، بەڵگەی ئەم ڕایەشم ئەوەتا : نیو باڵی "چوارەم " لە پێنج خشتەکی یەکەدا هی حەمدی نی یەو میرزا بە هی " حەمدی" ی زانیوە بەڵکو هی "غەریق " ە و وەک لە شوێنی خۆیدا دیاری ئەکەم ، جگە لەوەی گەڵێ گۆڕان لە دەقی شیعرەکەدا هەیە کە " میرزا " بە هەڵە وەریگرتوون هەر وەک تاکەکانی شیعرەکەی حەمدیشی بە پاش و پێشی وەرگرتوون کە من لێرەدا ڕاستم کردنەوە و جێگەی خۆیانم بەپێی دەقی ناو دیوانەکەی " حەمدی " جێگر کردن شایانی باسە " غەریق " تاک " بەیت " ەکانی ( ٥.٧.٩ ) و میرزاش بەیتی حەوتەمیانی نەکردوتە پێنج خشتەکی .

لەبەر ئەوە لە پێشکەشکردنی ئەم پێنج خشتەکی یەدا وەک دەقی دیوانە دەستنووسەکەی "میرزا " ڕایان ناگەیەنم ، بەڵکو بەپێی زنجیرەی یەک بە دوای تاکەکانی دەقە شیعرەکە لە دیوانە چاپکراوەکەی حەمدی پێشکەشیان ئەکەم .

(١)- لە جێی نیو باڵی دووەم لە دیوانە دەستنووسەکەی " میرزا " دا نووسراوە :

[ گەردن ئاسیمم بە حەلقەی گونبەدی ئەفلاکەوە ]

بەڵام بە پێی نوسخەی مامۆستا حەمە بۆر ئەم نیو باڵی یەم جێگر کرد ، چونکە ئەمی " میرزا " وەک واتا نادات ، هەروەها " ئەفلاکەوە " دووبارەیەکە ، ئەویش لە دەستووری ئەدەبی کلاسیکیدا ناگونجێ دیارە ئەوەکەی " میرزا " هەڵەی دەستی یە .

هەروەها لە جێگەی نیو باڵی چوارەم کە هی " حەمدی " یە " میرزا " یەکەمین نیو باڵی ئەم پێنج خشتەکی یەکەی " غەریق " ی نووسیوە ، دیارە " میرزا " بە هەڵە وەهای وەرگرتووەکە :

[ دەربەدەر بووم و غەریبم من بەدەس ناپاکەوە ]

نیوباڵی (٤ ، ٥ )ی ئەم پێنج خشتەکی یە هی " حەمدی " ن و سێ نیوباڵی یەکەش لە هەموو پێنج خشتەکی یەکاندا هی " میرزا " ن .

ئەم پێنج خشتەکی یەلەدیوانە دەستنووسەکەی " حەمدی " ی لای مامۆستا حەمە بۆر و لە چاپکراوەکەی حەمدی و لە دەستنووسەکەی " میرزا " دا یەکەمین " ی پێنج خشتەکی یە .

(٢)-ئەم پێنج باڵی یە و دەقی شیعرەکە لە هەموو نوسخە ناوبراوەکاندا دووەمینە . لە

خـمی دەوران عـالـەمی بـو جیـفـە گـومـڕا کـردوە
" بەیدەق " ی فـیـتنە و فـەسادو ، شـوڕی بـەرپـا کردوە
ڕوشتـەیی غـیرەت ! لـەدەس ئـەهلی عـەشرەت دەرچـووە
!چـاکـەدایم هـەرلـە پـێنـاوی خـراپـاڕۆیـوە
گـەوهـەری دەریا بە دایم وا لـەژێر خاشاکـەوە (٣)

****

وا بـەدەس نـاپـاکـەوە ؛ ئـاوارە بـووم زار و ئـەسـیـر
بـێ نـەوا مـاوم ، لـەدەس عـەکسی زەمـانـەی گـورگی پـیـر
چیی بەسەرهات؟"میللەت "و "دین" و"حەفیدانی کەبیر "؟
!هەر شکستی ئەهلی مەعنای مەتڵەبە دەورانی پیر
ڕەش ئەخاتە سەر سپی ، پیسی ئەکاتە پاکەوە ! (٤)

****

---

دەستنووسەکەی " میرزا " دا "بوچکەسی" بە " هەرکەسی " نوسراوە ئەشێ وەهای وەرگرتبێ وەیا لەبەر گونجاوتریتی پێنج خشتەکی یەکەی خۆی گۆڕیبێتی .

دیسانەوە لە دوا باڵی ئەم پێنج خشتەکی یەدا " ئەکەن " بووە بە " بکەن" لە دەستنووسەکەی میرزادا ئەم ڕۆیشتنی ئەسکەندەر و بەدەشتی خاکەوە ، گوایە لە سەرەمەرگا ئەسکەندەر وتوزیە : هەندێ خوڵ " بکەنە دەستمەوە کە مردم بمگەڕێننەوە بەرەو وڵاتی خۆم ، بەڵام لە کوێدا ئەو دەستەم کە خاکەکەی تیایە " گرایە "وە لەو شوێنەدا بمنێژن ، ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی ئەسکەندەر بەو هەموو دارایی یەوە کە هاکا بڵێم هەموو جیهانی کۆنی گرتبوو کە بە مردووی بەرە و گۆڕیان ئەبردلە جێگەی ئەو هەموو سامانە، تەنیا مشتێ خوڵ لە دەستیا بوو .

(٣)- دەقی شیعرەکەی "حەمدی" لە هەموو سەرچاوە دیاریکراوەکاندا سێ یەمینە .

- بەیدەق : هەر چەندە لە یاری شەترەنجدا ئامێرێکە بە ناوی " پیاوە " وە بەڵام "بەیدەق" بەواتە: (پێشڕەوی) ، پێپیشاندەری نە شارەزایان .

(٤)- لە دەستنووسەکەی میرزادا ئەم پێنج خشتەکی یە هەرچەند چوارەمینە بەڵام "پیسی ئەکاتە"ی بە "پیسی دەنێتە" نووسراوە و دیارە وا بە دەسکاری و گۆڕاوی یەوە وریگرتووە .

قیسمەتم وایە ؛ ئەزەل ڕزقم ئەگەر واسیع نەبێ
نووری بینایم نەبێ ، گەر شەمعی دین لامیع نەبێ
دەس لە دین بەردان ، گرانە ، تا ئەجەل مانیع نەبێ
[ ئینتقامی خۆم دەسێنم ، جەهل ئەگەر مانع نەبێ
شوعلەیی ئاهم ئەنێمە خەرمەنی ئیدارکەوە] (٥)

****

ژینی ئەم ئەحواڵە ، یاران ؛ بۆ موسڵمان زەحمەتە
حەسرەتە ، دینی موبین وا کەم بەهاوو قیمەتە
وەضعیەت وا بێ ، حەیاتم بۆچی یە ؟ بێ لەززەتە
[ خەرقەیی شاهو ، عەصای مووسام لەلا بێ شەوکەتە
فەخری ئێمە وا بە : کەوڵ ، پۆست و ، (دارمەشاک)ەوە] (٦)

****

[ عیبرەتە ، ئەربابی غیرەت ! تێبگەن من چی ئەڵێم
(*)
ئەهلی عیصمەت حەپسە ، سەربەستی بەلای (بێ باک)ەوە]

****

(٥)- لە دەستنووسەکەی " میرزا" یشدا پێنجەمینە ، بەلام " ئەسێنم " و " ئەنێمە " لە دیوانەکەی "میرزا " دا بە " دەسێنم " و " دەنێمە " نووسراوە کە دیارە وای وەرگرتووە .
(٦)- دەقی ئەم تاکەی "حەمدی" کە کراوەتە پێنج خشتەکی لە دیوانە چاپکراوەکانی "حەمدی" دا شەشەمین تاکە و لە دەستنووسەکەی " میرزا " دا شەشەمین تاکی تەخمیس کراوەیەتی .
دار مەشاک : دار دەستێکی ئەوەندەی ناوقەدی زەلامێک درێژە و لە پەنجە ئەستوورترە ، سەرەکەی - دەسکەکەی - لە جێی ئەوەی کەوانەیی وەک گۆچان یا وەک گۆپاڵ و تۆپژی بێ ئەم دەسکەی لە شێوەی پیتی تی " T " ی لاتینیدایەو دەرویشان ئەیگرن بەدەستەوە .
(*) - ئەم تاکە بەیتەی "حەمدی" کە (حەوتەمین)ە (میرزا) لە دەستنووسەکەیدا بە تەخمیس کراوی نەینووسیوە و لەوانەیە دەستی نەکەوتبێ .

بىٚ تەجەروب ، مەنعى گریانم بە خوڕایی مەڵێن
حەق بەدەستم ، چەشمەیی چاوم سەراپا بوٚتە خوێن
چەرخی دەوران ؛ (لەق لەق )ی هێنایە هەمشانی شەهێن
[ قەومەکانی ڕوپیە خوٚرم دینە بەرچاوم دەڵێن :
کەر بە جوٚ بمری شەهیدە و ، سەگ بە گوٚشتی لاکەوە (٧) ]

****

هەر وەکو دەجال،لە دووی کەوتوون،بە وەجهی مەصڵەحەت
حاشە لیللا ، کیذبە بوهتانە ، دروێکە غەڵەت
هەر لە دووی جیڤە و تەماعن ، (کوردەواری بیٚ صیفەت )
[ لاتن ولوٚتی نەفامن،بوٚنیشاط و مەنفەعەت
دەبنە قوربانی سەگی،بیٚ شک بە "باب" و "داک"ەوە] (٨)

****

ڕوو سیاهـ بی ؛ قەومی وا ناپاک و بی شەرم و ئەدەب
یارەبی ؛ هەر کەس بە ئازاری دڵی توٚ بوو سەبەب
ئەو لە دیوانی جەزادا ڕوو سیاهـ بیٚ بوٚ حەسەب
[ بوٚ نەمانی دین و غیرەت ،هیممەتی "کورد و"عەرەب"
وا بەسەر لەوحەی کیتابی حەسرەتی (ئەتراک)ەوە ] (٩)

****

---

(٧)- دەقی ئەم تاکەی "حەمدی" لە دیوانە چاپکراوەکانیا هەشتەمینەو لە دەستنووسەکەی میرزادا حەوتەمینە . بەیتی حەوتەمینی دەقی شیعرەکەی حەمدی لەلایەن(غەریق)و(میرزا) یشەوە (تەخمیس ) نەکراوە ، واپێ دەچێ کە حەمدی لە دوای (تەخمیس) کردنی ئەو دووانە داینا بی وەیا ئەوان دەستیان نەکەوتووە

(٨)- نیو باڵی چوارەمی لە دەستنووسەکەی "میرزا" دا بەمجۆرەی دوایی یە ، هەر چەندە لەوەکەی "حەمدی " یش بەهێزترە و ئەشی "حەمدی" یش وەهای وتبی ،بەڵام هەر ئەوی دیوانەکانی " حەمدی " م جێگیر کرد : [ (لاط) و (لوٚتی) و (بەدمیزاج)ن بوٚ (قوڕان)ی مەنفەعەت ]

هەروەها لە جێگەی "بابو داکەوە" میرزا لە دەستنووسەکەیدا بە هەڵە (داک وبابە)وەی نووسیوە کە بە پێی پاشبەندەکان ناگونجی .

(٩)- ئەم تاکەی حەمدی لە دیوانە چاپەکەیدا (١٠) یەمینە و لە دیوانە دەستنووسەکەی میرزادا هەشتەمینە ، لەوەکەی میرزادا لە جێگەی "دین و غیرەت" "ئەهلی غیرەت"ە و لە شوێنی "حەسرەتی ئەتراکەوە" نووسراوە "حەسرەت و ئیدراکەوە " .

کەس نەڵێ پێم ؛ وا بە ناحەق ، خۆی دوچاری خەم دەکا
حاڵەتە ئەمڕۆ لە ڕووی دەریای بەڵێ پێی کەم دەکا
غیرەتی دین ، وەك سەماوەر کوورەیی دڵ دەم دەکا
(تا ئەبێتە موڵکی ، ئەربابی حەمییەت دەم دەکا
ئاگری تاجیر ئەنێتە خەرمەنی مەلاکەوە (١٠)

****

تاوەکوو عومرم لە دنیا مابێ ، زەڕە ، زۆر و کەم
پێم ببەخشێ دەوڵەت و دارا و شاهی موحتەشەم
عەهدو پەیمان ناشکێنم ، من بەچاوی، تۆ قەسەم
[ شەرتە تا ڕۆژی قیامەت دەس لە ئەژنۆ بەرنەدەم
سەر لەقوڕنێم بۆ سیادەت،بەم دڵەی غەمناکەوە ](١١)

****

دڵ هەتاکەی پارە نابێ دەبێ جێی ڕازی نیهان
چۆن قوبووڵکەم من لە دنیا ڕاحەتی و عەیشی ژیان
بەیدەقی دین کەوتە ئەرزی کافرستان بوو عەیان
[ بۆ دلێری حەزرەتی " مەحموود " و مەمدوحی جیهان
تاقە یەك گوڵ بوو،بە فەرقی پیری ئەحمەد کاکەوە ](١٢)

****

(١٠)-ئەم تاکەی حەمدی لەدیوانە دەستنووسەکەی میرزادا (١٠)یەمینەوە لە هی "حەمدی" دا (١١) هەمینە ، دوا باڵی "پێنجەم" لە دەستنووسەکەی (میرزا)دا بەمجۆرەی دوایی یە ،ولام وایە کە حەمدی لە پاشتردا گۆڕیبێتی ئەگەرنا وەکو ئەمەی لەمەڕ " میرزا " بووە :

[ چا ... (سەر) ی تاجر دەنێتە داوێکی مەلاکەوە ]

(١١)- ئەم تاکەی حەمدی لە دیوانە دەستنووسەکەی میرزادا پانزەهەمینە .

(١٢)- ئەم تاکە لە دیوانەکەی میرزادا دوانزەهەمینە .

با عـــەزا پــۆشـــی بـــکـــەم ، مـــن هـــەر لـــە بـــالاْ تـــا قـــەدەم
لازمـــە خـــاکـــی هـــەمـــوو عـــالـــەم بـــەســـەر خـــۆمـــدا بـــکـــەم
چـــوْن بـــە هـــیـــچ دینـــیّ قـــوبـــووڵە ، ئـــەم جـــەفـــا و جـــەور و ستـــەم
[ بـــۆ دوو " مـــەحـــمـــودخـــان " ئـــەمـــیـــری ســـەرحـــەدی ڕۆم و عـــەجـــەم
بـــوونـــە ئـــەصـــحـــابـــی قـــوڕەیـــش و چـــوونـــە ســـیـــلـــکـــی چـــاکـــەوە ] (١٣)

****

دەردی دیـــنـــی قـــەت دەوای نـــابـــیّ بـــە لـــوقـــمـــان و طـــەبـــیـــب
یـــاڕەبـــی ! لـــەم عـــومـــرە بـــێزارم ، نـــەمـــێـــنـــم "ئـــەمن قـــەریـــب"
" ئیـــستـــەجـــیـــب ، دەعـــواتـــی،یـــارەب،ئـــەنـــدەعـــی لـــەک ئـــیـــستـــەجـــیـــب "
[ ســـاڵـــی تـــەئـــریـــخـــی ئـــەپـــرســـی " آل کـــاکـــ ئـــەحـــمـــەد غـــەریـــب
کـــەوتـــە عـــالـــەم دڵ حـــەزیـــن و دیـــدەیـــی غـــەم نـــاکـــەوە ] (١٤)

****

(١٣)- ئەم تاکەی حەمدی لە دەستنووسەکەی میرزادا سیانزەهەمینە .
لە دەستنووسەکەی "میرزا"دا لە جێگەی "مەحمود خان" بە هەڵە هەر" مەحمود " نووسراوە کە مەبەستی لە شێخ مەحمود و مەحمود خانی دزلی یە کە هاوپەیمانی شێخ بوون لە دژی ئینگلیز .
(١٤)- ئەم تاکەی حەمدی لە دەستنووسەکەی " میرزا " دا چواردەهەمینە ( ئالی کاکـ ئەحمەد غەریب ) بە ڕێنووسی کۆن کە ( آل کاکـ أحمد غریب ) پیتەکانی بە نەریتی ژمارەی ئەبجەدی ئەکەنە :
[ آ = + ل = ٣٠ ] و [ کاکـ = ٢٠ + أ = ٢٠ ] و [ أ = ١ + ح = ٨ + م = ٤٠ + د = ٤ ] و [ غ = ١٠٠٠ + ر = ٢٠٠ + ی = ١٠ + ب = ٢ ] کە هەمووی ئەکاتە : ١٣٣٧ کە ئەم ژمارەیە ناوی ئەو ساڵە کۆچی یەیە کە شکانەکەی شۆڕش و جەنگی دەربەندی بازیانی تیا ڕوویدارە کە بەرامبەر ساڵی ١٩١٨ - ١٩١٩ و بەپێی یاداشتەکانی مامۆستا ( ئەحمەد ) ئەو کارەساتە جەرگـ بڕە ڕێکەوتی ١٨ ی حوزەیرانی ١٩١٩ ی کردوە کە ئەکەوێتە کۆتایی ساڵی (١٣٣٧ ) ی کۆچی یەوە.
ئەم جۆرە نەریتەش لە ئەدەبی کلاسیکیدا باوێکی گرنگـ بووە و بە هۆی ئەوەوە یاریدەی مێژوو دراوە کە بەڵگەی بەهێزو ڕاستی لە دەستا بێت .

## [ ٤ - پێنج خشتەکی میرزا لەسەر شیعرێکی ڕوشدی ] - ٨٥ - " نامەی دۆستان " (*)

ئەی شاعیری سەحار ، لە عالەم بە نیهانی
توی مەرهەمی ڕیشی جگەر و ئافەتی جانی
خۆش لەهجەو و ، شیرین سوخەن و خونچە دەهانی
[ مایەی فەرەحی ڕۆح و دڵ و باعیثی مانی
غیلمانی بەهەشتی ، گوڵی گوڵزاری جینانی ](١)

****

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : (*) - دەقی ئەم شیعرە کە میرزا کردویە بە پێنج خشتەکی هی یەکێ لە شاعیرە بە توانا و نوێخوازەکانی شیعری کوردیمانە کە : ( محەمەد ڕوشدی یە ئەفەندی کوڕی قادرئاغای عەدولەخان) ی خەڵکی سلیمانی یە و برای ( مەحمودەئەفەندی ڕەئیسی شارەوانی پێشوترینی سلیمانی بووە و نازناوی " ڕوشدی " یە کە لە تەمەنی جوانیدا مردووە ئەم سەرگوزەشتە کەمەی ژیانیم بە هۆی مامۆستا حەمە بۆرەوە چنگ کەوت کە ئەویش لە مامۆستا عەلی باپیر ئاغا وەرگرتوە و بە دەستنووسی خۆی لە لاپەڕە (٣.٦)ی کەشکۆڵی " مینای شکستە " بەرگی سێ یەمدایە دەقی شیعرەکەی ڕوشدی ساڵی ١٩٤٥ لە هەڵەبجە بۆ مامۆستا حەمە بۆری نووسیوەتەوە .. ئەم شیعرەی ڕوشدیش لە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی ژمارە (٣٨)ڕۆژی ١٣ / ١ / ١٩٢١ دا بڵاوکراوەتەوە و لە هەمان لاپەڕەی کەشکۆڵی ناوبراویشدایە .

من لە ساغکردنەوەی ئەم شیعرەدا بنکەم بۆ پێنج خشتەکی یەکە ؛ ئەو کەشکۆڵە و دەستنووسەکەی میرزایە .

لە سەرناوی شیعرەکە لە کەشکۆڵەکەدا نووسراوە : ( لە کەلارەوە بە یادی نوری ) یەوە ... کەواتە: (ڕوشدی ) هاوچەرخی شێخ نوری شێخ ساڵحە،دیارە ئەوەندەش دۆستایەتیەکەیان بەهێز بووە کە بە شیعر نامە و نامەکاریان لە نێواندا هەبێ ، ئەمەش دوا بە دوای شیعرێکی شێخ نوری بووە کە لە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی ژمارە (٣٣)ی ڕۆژی ٨ / ٦ / ١٩٢٠ بڵاوکردوتەوە ، هەر وەک هەردوکیشیان هاوچەرخی میرزا بوون بەڵام بە پێی پێنج خشتەکی دووەم دۆستایەتی نوری و میرزایش بەهێز بووە و میرزاش وەک شاعیرانی تری ئەو سەردەمەمان یەکێ بووە لە نوێی کەرەوەی شیعری کوردی ... گومانی تیانی یە کە هەر چەند بەهۆی تورکی زانی ئەو شاعیرانەوە تەزووی جوڵەی نوێکاریان لە شاعیرە نوێ کەرو نوێخوازەکانی تورکەوە وەرگرتووە کە ماکی شاعیرانی وەک عەبدولرەحمان بەگی بابان - نفوس " و ... هی کەشمان ئەگرێتەوە .

وەك كوتری یاهو دەگەڕێ ، بێ سەر و سامان
قومری صیفەت و سایە هوما ، کەبکی خەرامان
( نووری ) لە فراقت هەموو (دەم) زار و غەزەلخوان
[ مومتازو جەلا بەخشی ، لەناو کۆمەڵی خوبان
ساحیب هونەر و جەوهەری وەك تیغی دەبانی ](٢)

****

وەك نافەیی تاتار ، لەگەڵ بادی صەبا دێت
یا عەتری هەناسەی نەفەسی یارە لە کوێ دێت
ئاهو ڕەوشی بەسیە ، هەتاکەی ؟ چ قەدەربێت
[ وەقتی کە لە من سڵ دەکەی و ([illegible]) بەری دێت
بێ عەینی دەڵێی ئاسکەکەی دەشتی مقانی]

****

سەرمایەیی جان و دڵی ( بێ وار ) ی منی تۆ
بۆ نەقدی حەیاتم کە خریداری منی تۆ
سەرکردەیی خوبانی یو سالاری منی تۆ
[ لوقمانی دڵی خەستەوو بیماری منی تۆ
دەرمانی هەموو دەردی ، عەصای پیرو جوانی (٣)

****

---

دیارە کاتی کە ڕوشدی شیعرەکەی " شێخ نوری " لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا خوێندوتەوە کاری لە قوولایی دەروونی کردوە ، ئەویش ئەم شیعرەی کە " میرزا " تەخمیسی کردوە لە هەمان ڕۆژنامەدا بە (یادی نوری) یەوە بلاوکردوتەوە کە ئەوسا " ڕوشدی لە کەلار بووە . - - - - - - . دیارە ڕوشدی کاربەدەستێکی میری بووە .. نزیکایەتی بیری شیعرەکەی ( ڕوشدی ) و دۆستایەتی (میرزا) بە (ڕوشدی ) و ( نوری ) یەوە هانیدا کە شیعرەکەی " ڕوشدی " بکاتە ئەم پێنج خشتەکی یە بە ڕادەیەکێ کە بە تەواوی بەرامبەر " نوری " تیایا دواوە و " شێخ نوری "ی هەڵسەنگاندوە و دۆستی خۆی ڕاگەیاندوە .. لەبەر ئەوەی باسەکە درێژ نەبێتەوە بۆ شیعرەکەی " شێخ نوری " تکایە بڕواننە: (" شێخ نوری "- دەنگی ڕەسەنی شیعر )کە مامۆستا " موصلح مستەفا جەلالی " ئامادەی کردوە لەچاپخانەی " دار الحریە للطباعة " لە بەغدا سالی ١٩٨٤ چاپکراوە شیعرەکە لەلاپەڕە (١٥٧ ) دایە

(١) - لە یەکەم پینج خشتەکیدا " میرزا " لە باتی ( باعیشی مانی ) نووسیویە "صیحەتی جانی".

(٢)- لە نیو بالی چوارەمدا " میرزا " لە جیگەی " لەناو" نووسیویە : " لەنیو " .

(٣) - لە نیوە باڵی چوارەمدا لە جیگەی " دڵی " میرزا نووسیویە " تەنی " و لە جیگەی " دەردی "

بێچارە کەسێکم نی یە ، کەس بێ بە دەلیلم
میحنەت زەدەوو خەستە ، پەریشان و عەلیلم
هاتوومە دەخالەت ، لە دەسی تۆو دەخیلم
[ خاکی قەدەمت سورمەیە بۆچاری زەلیلم
بۆئاگری عەشقی دڵی من ئاوی ڕەوانی (٤)

****

ئاشفتە دلی شۆر و خەیاڵی نەفەسی تۆم
تۆ مەعدەنی شەهد و شەکری ، من مەگەسی تۆم
تۆ گوڵبەنی بوستانی و ، من خار و خەسی تۆم
[ کوژراوی دەمی خەنجەری بۆرانی دەسی تۆم
قوربان ، ئەوە مەعلوومە ، چ حاجەت بە بەیانی(٥)

****

بێ بەرگ و نەوا مامەوە ئاخر چ دەقەومێ
بێ ڕوویی دڵ ئارامەوە ئاخر چ دەقەومێ
عەیشێکی کە دیم دامەوە ئاخر چ دەقەومێ
[ بێ نەشئەئەوا مامەوەئاخرچ دەقەومێ
ساقی قەدەحێ بێنە ، لەگەڵ ماچی لەبانی ] (٦)

****

مژدەم بدەنێ وەعدەی دیداری قەریبە
دڵ لەتلەتە ئاوارە و موحتاجی طەبیبە
هەر چەندە کە عاشق ، خەم و هیجرانی نصیبە
[ ڕەحمێ بکە بەم عاشقە بێچارە غەریبە
کەڵکی نی یە، ڕەحمت،کە نەما وەقت و زەمانێ] (٧)

---

نیو باڵی پێنجەم نووسیویە " دەردو " لە جێگەی " بێ وار " واتە : " لانەوازو دەربەدەر و بێ نیشتەجێ " میرزا بە هەڵە نووسیویە " بیمار " کە دووبارەیە.

(٤) - لە نیو باڵی پێنجەمدا میرزا لە شوێنی " ئاوی " نووسیویە " ئابی " . ←

بۆ دەفعی شەرەر ، سینە ئەبەر بادی صەبا دەی
دوگمەت بترازێنە کە عومرم بە فەنا دەی
ئەجرێکی عەظیمە ، گەر ئەتۆ لەم ڕقە لادەی
[ مەرپوانەرە دووری ، ئەگەر ئەو پەرچەمەلادەی
کولم و ڕوخی تۆ ڕۆژە ئەکا شوعلە فشانی (٨)

****

موودێکە ؛ ئەمن مونتەظیری ڕەهگوزەری تۆم
ئاوارە ، جەلایی وەتەن و دەربەدەری تۆم
زوننار و کەمەر بەستەیی حەلقەی کەمەری تۆم
[ لەو ڕۆژەوە مەحرومی فەضای خاکی دەری تۆم (٩)
پێم خۆش نی یە ، گەر بمخەنە سەر تەختی کەیانی ]

****

بەینێکە لە ئیقلیمی غەما وەک "کەیە" ڕوشدی
بێ عەیش و طەرەب بەربەت و نەی بێ مەیە ڕوشدی
مەعلوومە هەوایێکی لەسەردا هەیە ( ڕوشدی )
[ حەیران و پەرێشانە ، سەراسیمەیە ( ڕوشدی )
ئێستەش لە خەیالی نەچووە بەزمی لەبانی ] (١٠)

****

(٥) – گوڵبەن : بنکی گوڵ ، درەختی گوڵ .
(٦)– میرزا لە نیو باڵی پێنجەمدا لەباتی " بینە " نووسیویە : " بینێ "
(٧) – لەنیوە باڵی چوارەمدا میرزا لە شوێنی " ڕەحمی بکە " نووسیویە " " ڕەحمت ببێ " هەر وەک
لە نێو باڵی پێنجەمدا لە جێگەی " کەڵکی " نووسیویە " سوودی " .
(٨) – وشەی (ئەکا ) لەنێو باڵی پێنجەمدا میرزا بە " دەکا " ی نووسیوە .
(٩)– میرزا وشەی " خاکی دەری "ی نیو باڵی چوارەمی بە " خاکدەری " نووسیوە .
(١٠)– میرزا لە نیو باڵی چوارەمدا " پەرێشانە"ی بە " پەرێشان " و وە لە نیوە باڵی پێنجەمدا
"ئێستەش"ی بە "بۆیە" و "بەزمی" بە "ماچی" نووسیوە ..کە جوانتریشە .

لێرەدا بەشی پێنج خشتەکی یەکانی شاعیرمان کۆتای هات و بەمە دوا پارچە شیعری کوردی "میرزا"،
پێشکەش کرد ، ئەوی تا ئێستا چنگم کەوتوون و ئەمجا نۆرەی ئەو چەند پارچە کەم و کورتە
شیعرە فارسی یانەیە بەدەستم گەیشتوون .

# ( شیعره فارسی یەکان )

وەك لە سەرگوزەشتەی ژیانی شاعیر و جیٰ جیٰی شیعرەکانیدا بوٚمان دەرکەوت وە بە پیٰی قوتابخانەی سەردەمی ژیانی شاعیر و زوٚر لەو وشانەی کە لە شیعرەکانیدا بەکاری هیٰناون ئاشکرایە کە شاعیر فارسی زانیٰکی توانا بوو ، بە تایبەتی خویٰندەوار و ڕوٚشنبیری ئەوسایە کە بە " میرزا " ناوبراوە نیشانەی فارسی زانی بووە هەر بوٚیەش وشەی " میرزا " بوٚتە یەکیٰ لە نازناوەکانی شاعیرمان .

هەر چەندە تاکە تاکە ، لیٰرە و لە ویٰی ئەم بەرهەمە شیعری یەی شاعیر بە زمانیٰکی تر جگە لە زمانی کوردی بەرچاو ئەکەون و لەبەر ئەوەی ئەو تاکە تاکانەش لەناو پارچە شیعری ئەوتوٚدا بوون کە بە زوٚری کوردی بوون و کەمەکەیان فارسی یا تورکی یا عەرەبی بوون بوٚیە هەر لە شیعرەکانی بەشی کوردیدا پیٰشکەشم کردون .

بەلاٚم ئەوا لیٰرەدا و بەناوی بەشی فارسی یەوە ئەم چەند پارچە شیعرە فارسی یەی شاعیر ڕائەگەیٰنم کە بە تەواوی فارسی و لە دەمی حاجی حەمە غەریبی کوڕی شاعیرەوە وەرمگرتوون ، ئەوانیش یا لەبەر ئەوەی حاجی حەمە غەریب بە ڕاستی پیٰی نەگەیاندوم یا من بە تەواوی وەرمنەگرتوون ، لە شیٰوەیەکدا بوون کە پیشانی ماموٚستا حەمە بوٚرم دان و گەلیٰ لەنگی و ناتەواوی و هەڵەی تیا بەدی کردن و بەم شیٰوەیەی دوایی بەهوٚی یاریدەی ئەوەوە شیعرەفارسی یەکان هاتنەدی و لیٰکدرانەوە جیٰگەی سوپاس و پیٰزانینە .

****

# پیتی ئەلف " دڵداری "

ئـەی صـەفـایـی نـووری دلـهـا ، پـورتـەوی ڕوویـی شـومـا
جانـی ما ،، دەر پیێچ و تـاب،ئـەز پیێچشـی موویـی شـوما(١)
غـونـچـە دلخـوونـین و سـونـبـول دەر هـەم و ئـەنـدوهـگـین
تا بـە گوڵشەن جیـلوەگەر شو ، لەعل و گیـسوویی شوما(٢)
سـەرفـیـراری پـوڕ نـیـازی ، ئـەز( صـەفـاو و مـەروە )گـەشـت
هەر کی گەردە د ،وەجهـ سایی کەعبەیی کوویـــــی شـــوما (٣)

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: (١)- شوما : تۆ . - ما : ئێمە ( مەبەسی لە - من - ە ) .
- دەر : لە ، لەناو . - پیێچ : پیچ ، لوولی ، قەف ، ئاڵوزی ( لێرەدا گێژو گەرداوی مەبەستە )
واتە : ئەی ئەو کەسەی کە بێ خەوشی ، یا گەرد لابەری لە دڵان پرتەوی جوانی و سپیێتی ڕووی تۆیە
گیانی من لەناو گێژ و گەردوای پرتین و تاوی ئاڵۆزکاوی مووی سەری تۆدایە .
(٢)- ئەندوهگین : غەمگین ، خەفەتبار . - شود : بوو .
واتە : خونچە ، کە سوورە ئەوە لە دڵ پڕ لە خوێنی خوێەتی ، لەتاو سوورایی خونچەی دوو لێوت ، یا ئەو دەمە بچکوڵەیەت کە هەر ئەڵێی گوڵی سووری نەپشکووتوی لێوی تۆیە ، هەروەها گوڵ و لاسکی گوڵی سونبولیش لە درێژی و ناسکی و بۆنخۆشیدا وەکە پرچ و ئەگریجەو زوڵف یا مووی خاوی تۆیە .
(٣)- سەرفیراز : بایی ، لە خۆبایی بوو ، سەربەرز ، مایەی شانازی پێوەکردن .
- پوڕ : پڕ .
- گەردەد: ببێ ، بکا .
واتە : مایەی فەخرو شانازی پێوەکردن و لە خۆبایبوونە وەکە ڕاگەیاندنی هەردوو پێویستی یە ئاینیەکەی حەج ( صەفا و مەروە ) وەهایە بۆ هەر یەکێ کەوا ڕوو بکاتە شوێنەوار و بارەگای کەعبە ئاسایی تۆ کە خۆشەویستەکەیەتی .
( حاجی حەمە غەریب ) وشەی ( وجهـ)ی بە ( وجبە ) ڕاگەیان کە نە ئەگونجا .

نووری حوسنەت ، ماهـ وا شەق ، ئافتاب ئەز پافگەند
( ئافەرین )ی( ئیزەد )ی بەر دەست و بازوویی شوما(٤)

ئەبلەهی عاشق عەجەب نەبوەد بگوو : (میرزا ) کی ئوٚست
والەیی گول ڕەنگی ( خەطط) و مەستی گول بوویی شوما (٥)

****

---

(٤) - شەق : لەت ، کەرت .
- فگەند : دەری کێشا .
- ئیزەدی : خوایی .
- بەر : لەسەر .
واتە : شەوقی جوانی و شەنگیت مانگی لەت کرد و خوٚری لە ڕیشە کێشا ، ئەی ئافەرینی خوایت لێبێ لەو دەست و بازووەی توٚ ، ئەمە هیمایە بوٚ ئەو ( موعجزە ) یەی کە ئەڵێن : پێغەمبەری ئیسلام بە پەنجە نیشانەی بوٚ مانگ کردوە ، مانگ دووکەرت بووە .
(٥)- ئەم بەیتە لە ڕاگەیاندنەکەی " حاجی " دا نەبوو ، بەلاٚم ماموٚستا حەمە بوٚر لە دوو لاپەرەدا ، چەند بەیتێکی هەڵبژاردەی نووسیوە کە لە یەکێکیاندا ئەم بەیتەی تیا بوو ، لای وایە کوٚتایی هێنەری ئەم پارچە شیعرەیە ، هەر وەک پێی وایە ئەم شیعرە چەند تاکێکی دیکەی لە ناوچووە .
- ئوٚست : ئەوە مەبەست لە " عاشق " ەکەیە .
- والە : سەرسام ، واق و ڕماو .
واتە : شێتێتی دلدار ، شێتێتیەکی سەرسام هێن نی یە و نەبووە .
کەواتە : میرزای شاعیر بلێ : کە هەر ئەویشە ؛ واتە عاشقە کەوا واق وڕماوی ڕەنگی گوڵەکە لە ڕەنگی گوناى دڵخوازەکەی ئەکات ، هەر وەک مەستی بونی خوٚشی توٚیە کە وەک بونی گوڵەکە وەهایە .
تێبینی : . شێوەی دەربڕینی شیعرە فارسیەکانم بە ڕێنووسی ئێستەمانە ، چونکە بوٚ کوردم نووسیوە نەک بوٚ فارس .

# ( پارچی دووەم ) (*)

## پیتی - ت -

## - ٨٧ -

## " دڵداری "

بـە دل دارەم دەمـی سـەد دەم ،شـەوەم قـوربـان بـە قـوربـانـی
شـەهـیدی تـیـری موژگـان و ئـەسـیـری چـەشـمـی فـەتـتـانـەت (١)
بـەسـەرگـەردی سـەرەت گـەردەم؛نـەدارەم طـاقـەتـی هـیـجـران
چ بـاشـە و،گـەر ڕەسـەد دەسـتـەم ،گـەهـێ ؛بەرچـاکـی دامـانـت (٢)
چ بـاشـەد گـەر نـەوازی ، ڕێزەیـی ئـەز سـفـرەیـی خـوانـەت (٣)

****

---

(*) - وا پێدەچێ کە ئەم شیعرەش چەند تاکێکی ناتەواو بێ

(١)- شەوەم : ببیم . - چەشمی : چاوی .

واتە : پڕ بە دڵ لە هەر هەناسەدانێکما سەد جار ئەمەوێ ئەی قوربان بە قوربان و بالاگەردانت ببم .

(٢) - گەردەم : ببم . - نەدارەم : نیمە . گەهێ : جارێ .

- بەرچاکی : بە لێواری ، بە قەراغی .

واتە : هەی بەسەرگەردو بالاگەردانی سەرت بم ، بەسە ئیتر توانای دووری و جیابوونەوەتم لە باردا نی یە .

دەسا چی ئەبێ گەر بۆ تەنیا جارێکیش بووە دەستم بە چاکی داوێنت بگا .

(٣) - نەبووە د : نابێ .

ا - نەوازی : بلاوێنیتەوە ( مەبەسی لەوەیە : بۆی فڕێدەی ) .

واتە : سوالکەری بارەگای خۆ کوشتن بە ناکامی کارێکی ڕەوا نی یە .

کەواتە چی ئەبێ ئەگەر پاشماوەی سفرە و خوانی خوتی بۆ تووڕ دەی،لەم تاکەدا حاجی لە جێی "کووی خود " ، خوی کودی ڕاگەیاند .

# ( پارچەی سی یەم )

## - ٨٨ -

## - دوو تاک - بەیت - بۆ شێخ مەحمود -

فەلەک کوور هەستی کی مەن کیستەم
کی کەی مەن بە ئومێدی تورا زیستەم (١)
سەری شوکردارەم زو پەروەردگار
چو هەستەم غولامی شەهی کوردەوار (٢)
****

---

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە
: .

(١) - کوور : کوێر .
- کیستەم : کێم .
- تورا : تووە .
- زیستەم : ژیاوم ، ئەژیم .
واتە : ئەی فەلەک : ئایا تۆ کوێری کە نازانی من کێم ؟ وەیا کەی من بە هیوای تۆ ژیاوم و ئەژیم ؟
(٢)- دارەم : هەمە .
- زو : لە .
- هەستەم : ،هەم .
- شەهی کوردەوار : پاشای کوردەواری کە "شێخ مەحمودە" .
واتە : ئەی فەلەك( چەرخ - ڕۆژگار )من سەری سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگار شۆڕ ئەکەم نەکە تۆ ، چونکە من بەندەی پادشای کوردەواریم .. دیارە پاشای کوردەواری هەر شێخ مەحمود بوو .. (بۆیە ئەو سەرناوەم بە شیعرەکەدا ) .

## *****( پاشبەند )*****

ئەوا توانیم لە پێشکەشکردنی " ٨٩ " پارچە شیعری شاعیرمان میرزا غەفور ببمەوە کە بریتی یە لە "٨.٦" تاکە بەیت کە بەمجۆرەیە : " ٨١ " پارچە واتە " ٧٢٤,٥ " بەیت لە دەستنووسەکەی خودی شاعیردا بوو جیاوازی نێوانیان "٨" پارچەیەواتە : "٧١,٥" بەیتە کە بەمشێوەیە چنگم کەوتوون :" ٥ , ٢٣" بەیت خۆم لە سەرچاوە جیا جیاکاندا و " ١٢,٥ " بەیت لە لایەن حاجی غەریبی کوڕی شاعیرەوە و"٥ , ٣٥" بەیتیش لای مامۆستا حەمە بۆر بوو .. ئەمە و سەرەڕای دیوانە دەستنووسەکەی شاعیر ، ئەو سەرچاوانەی دیکە بوونەتە هۆی تەواوکەر"یان" ڕاستکەرەوەی ئەم بەرهەمەی بەردەستتان ، کە ڕوناکتر و پڕ بە پڕی ئاوێنەی وێنە نومای باری دژواری کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری کوردەواری سەردەمی شاعیرمانن و ئەتوانم بڵێم:ئەگەر زۆرترینی شیعرەکانیم چنگ بکەوتایە ، ئەم بەرهەمە ئەبووە بەڵگەیەکی هەرە گرنگترین و بایەخدارترین ڕەنگ و بۆ دەرەوەی چۆنێتی بارو دۆخی وڵات خۆ ئەگەر بزانین " ئەحمەد حەمدی بەگی صاحیبقران "وێنەی ژیانی پاشایەتی و فەرمانداری یەکەی شێخ مەحمودی زۆر بە دڵسۆزی و بێ لایەنانە بۆ گرتووین ، ئەوا شاعیرمان " میرزا غەفور " وێنەی ناوچەیەکی گەلێ لەوەی " حەمدی " فراوانتری بە وردتر بە هەموو لایەنێکیەوە ، وەک پیاوێکی بەڕاست خوا ناسی بەوپەڕی دڵسۆزی و پاکی یەوە پێسپاردوین ، وەیا شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە زۆرترین دەرگای بابەتە کۆمەلایەتی و نیشتمانی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاینی و ... هتدی داوە ، ئەوا میرزا لەو هەموو دەرگایانەیداوە نەک بە دەربڕینێکی هەرە هەجووکاریانە ، بەڵکو بە شێوەیەکی لەسەرخۆ تری مێژو

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| * - (١٥) - لە نەخۆشیەکی گراندا لەبیانی " ٨ بەیتە " . | ٤٩ |
| * - (١٦) - پاڕانەوەی سەرەمەرگ " ٩ بەیتە " . | ٥٠ |
| *-(١٧- ڕزگاربوونی شاعیر لە پشدەر و لە فرمانداریتی ئینگلیز " ١١ بەیتە ".. | ٥١ |
| *-(١٨) - هەڵنانی غەوسی گەیلانی " ٨ بەیتە " . | ٥٣ |
| *- (١٩) - لە خواپاڕانەوە . " ٧ بەیتە " . | ٥٤ |
| *-(٢٠) - بۆ شێخی گەیلانی " ٧ بەیتە " . | ٥٥ |
| *- پیتی - ن - (٢١) - ناهەموارای ژیان . | ٥٦ |
| *- (٢٢) - دڵی من - " ١٣ بەیتە " . | ٥٧ |
| *- پیتی - و - (٢٣) - شیوەنی سمایل خانی شوکاک - سمکۆ(١٤ بەیتە)... | ٥٩ |
| *- پیتی - هـ - (٢٤) - بەدبەختی شاعیر و هەجوی حەسەن دەدە " ١٣ بەیتە " | ٦١ |
| *- (٢٥) - دیسانەوە حەسەن دەدە . " ١٠ بەیتە " . | ٦٣ |
| *- (٢٦) - ڕەوشتی جوانی مەلیک مەحمود . (١٣ بەیتە ) . | ٦٦ |
| * - (٢٧) - بەهاری . " ٧ بەیتە " . | ٦٧ |
| *-(٢٨) - ژێرکەوتنی شۆڕشەکەی ڕەسوڵ ئاغای کۆیە " ١٣ بەیتە ".. | ٦٨ |
| *-(٢٩)-هەوڵدانی شاعیر بۆ گواستنەوەی کارەکەی لە مەرگەوە بۆ قەڵادزێ "٦ بەیتە" . | ٧٠ |
| *-(٣٠)- چۆڵکردنی قەڵادزێ و لە کارخستنی فەرماندارانی لە لایەن ئاغایانەوە "١٠ بەیتە" . | ٧١ |
| *-(٣١) - دڵداری لە هاوچەشنی شیعری تایەر بەگی جاف ." ٩ بەیتە | ٧٣ |
| * - (٣٢) - بەرەو بارەگای پێغەمبەر . " ٧ بەیتە " . | ٧٤ |
| *-(٣٣) - ژیان وڕۆژگار . " ١٢ بەیتە " . | ٧٥ |
| *-(٣٤) - حەسەن دەدە . " ٥ بەیتە " . | ٧٦ |
| *-(٣٥) - دیسان حەسەن دەدەو هاوچەشنەکانی . " ١٠ بەیتە " . | ٧٧ |
| *-(٣٦) - دڵبەندی بە غەوسی گەیلانی یەوە . " ١١ بەیتە " . | ٧٩ |
| *-(٣٧) - هەر لە زەمی حەسەن دەدەوا . " ٩ بەیتە " . | ٨١ |

| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| *-(٣٨) - دیسانەوە لەبارەی سیاسەتی حەسەن دەدەوە لە ناوچەی قەلادزە " ١٢ بەیتە " . | ٨٢ |
| *-(٣٩) - بیروڕا و نالەی دەروون . " ٧ بەیتە " . | ٨٣ |
| *-(٤٠)-دیسانەوە لە بێ تاقەتی و کەچ ڕفتاری زەمانەی دوون - بۆ شێخ مەحمود "١٩ بەیتە". | ٨٤ |
| *-(٤١)- نیشتمان پەروەری . " ١٢ بەیتە " . | ٨٥ |
| *-(٤٢)-تەوصیفی تەشریف هینانی مەلیکێ بۆ سلیمانی." ٢٣ بەیتە " . | ٨٦ |
| *-(٤٣)-لە پێشوازی شێخ مەحمود دا بۆ سلیمانی لە دیلی یەوە ." ١٧ بەیتە " . | ٩٠ |
| *-(٤٤) -جەژنێکێ لە کوێیە . " ٢٢ بەیتە " . | ٩٢ |
| * -(٤٥)- نومایشگایەکی ژیان . " ١١ بەیتە " . | ٩٥ |
| *-(٤٦)- گفت و گۆ لەگەڵ دلی خۆدا کردن . " ٧ بەیتە " . | ٩٦ |
| *-(٤٧) -باری ناهەمواری نیشتمان " ١٣ بەیتە " . | ٩٧ |
| *-(٤٨)-میرزا لەگەڵ ئەحوالی خۆی دواوە . " ١٤ بەیتە " . | ٩٩ |
| *-(٤٩) - سووکواریێ بە بۆنەی مردنی هاوسەریەوە . " ٧ بەیتە " . | ١٠١ |
| *-(٥٠)-لە بارەگای غەوسی گەیلانیدا . " ٩ بەیتە " . | ١٠٢ |
| *-(٥١)-بێزاری لە پشدەر و یادی گەڕانەوە بۆ سلیمانی " ٨ بەیتە " . | ١٠٣ |
| *-(٥٢)-بۆ غەوسی گەیلانی . " ٨ بەیتە " . | ١٠٤ |
| *-(٥٣)-دەربارەیەکی تر بۆ ئینگلیز . " ١٥ بەیتە " . | ١٠٥ |
| *-(٥٤)-باری ڕۆژگار . " ٧ بەیتە " . | ١٠٧ |
| *-(٥٥)-باری چەتالی کوردەواری . " ١٢ بەیتە " . | ١٠٨ |
| * -(٥٦)- حەفیدانی دۆستی." ٧ بەیتە " . | ١٠٩ |
| * -(٥٧)-گلەیی لەبابەبکرئاغا و پشدەریان ." ٣ بەیتە " | ١١٠ |
| *-(٥٨)-نامیلکە یەکی دلنیاکاری بۆدۆستێکە"٣بەیتە" . | ١١١ |
| *-(٥٩)-لە نامۆساعیدی بەخت "٥بەیتە" | ١١٢ |
| *-(٦٠)-پاڕانەوە لە خواو هانا بۆ غەوس . " ٧ بەیتە " . | ١١٣ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| *-(٦١)-چەرخی دوون . " ٨ بەیتە " . | ١١٤ |
| *-(٦٢)-شاعیر لە چەتاڵی خۆی دواوە . " ٧ بەیتە " . | ١١٥ |
| *-(٦٣)-لە بارەگای غەوسی گەیلانیدا لە بەغدا . " ٧ بەیتە " . | ١١٦ |
| *-(٦٤)- دڵداری سۆفیانە . " ٩ بەیتە " . | ١١٧ |
| *-(٦٥)-دیسان بۆ هاتنەوەی شێخ مەحمود لە دیلی ." ١٤ بەیتە ". | ١١٨ |
| *-(٦٦)-گازندە لەباری پشدەر . " ١٠ بەیتە " . | ١٢٠ |
| *-(٦٧)-سۆفیگەری بە زمانی دڵداری یەوە . " ٩ بەیتە " . | ١٢١ |
| *-(٦٨) - بەرگری لە حەفیدان ؛ بەرامبەر بەفەلەکێ " ٩ بەیتە " . | ١٢٢ |
| *-بەشی دووەم-پاشبەند-جۆرا و جۆری(٦٩)-تەرجیع بەندی ئاینی-(٥ تاکە) . | ١٢٣ |
| *-چوار باڵی یەکان . (٧٠) - دڵی من . " ١٢ بەیتە " . | ١٢٤ |
| *-چوارباڵی یە تەنیاکان . (٧١) - نەورۆز . " ٢ بەیتە " . | ١٢٥ |
| (٧٢) - بەزمێکێ . " ٢ بە یتە " . | ---- |
| (٧٣)-شاعیر و یارەکەی "٢بەیتە" . | ١٢٦ |
| ٧٤)-شاعیر و غەوس " ٢ بەیتە ". .(٧٥)- سۆفیگەری شاعیر ." ٢ بەیتە " . | ---- |
| (٧٦)-پاڕانەوە لە خوای مەزن . " ٢ بەیتە ".(٧٧)- لە بارەگای خوادا" ٢ بەیتە " . | ١٢٧ |
| (٧٨)-دیسان لە بارەگای خوادا " ٢ بەیتە " .(٧٩)- لەداخی تووتن . " ٢ بەیتە " . | ---- |
| *-تاکەکان - فردیات - (٨٠) - ئەسپەکەم . " یەکێ بەیتە " . | ١٢٨ |
| (٨١)-سەرکاریتی شاعیر : " یەکێ بەیتە " . | ---- |
| *-بەشی پێنج خشتەکی یەکان .. | ١٢٩ |
| پێنج خشتەکی میرزا لەسەر شیعرێکی حەمدی بەگێ.(٨٢)- لەبابەت دڵداریەوە . | ---- |

*****

سەرپەرشتی چاپ و دەرهێنانی هونەری : سەعدوللا شێخانی ٠

رقم الايداع فی دار الكتب والوثائق ببغداد ١٩٩١ لسنة

**Deewany**
**Meerza Khafoor**

**1870 – 1938**

**Collected, analyzed and edited With an introduction in accordance to The Contemporaty**

**Writing By**

**Abdulla Agreen**

---

**ديوان ميرزا غفور**

**١٨٧٠ ـ ١٩٣٨**

جمعها دراسةً وتحقيقاً ومقدمةً
واعادة كتابتها بالاملاء الكردي المعاصر

● عبدالله ئاكرين ●